سەرۆک بارزانی: ئەگەر عەللاوی بەبێ بەشداریی کورد و سوننە کابینەکەی پێکهێنا، پیرۆزی بێت

ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بکشێنەوە ئەوا داعش بە هێزێکی زیاترەوە دەگەڕێتەوە ناوچەکە



سەرۆک بارزانی، لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ کەنالّی زاگرۆسی عەرەبی، باسی لە چەند پرسێکی هەنووکەیی ئێستای هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە کرد و هەڵوێستی خۆیشی لەهەمبەریان دەربڕی. سەرۆک بارزانی رایگەیاند، خۆپیشاندانەکانی ئێستا پەرچەکرداری شکستەکانی رابردوون و پێویستە کار لەسەر چاککردنەوەی هەڵەکان بکەن، کە بوونەتە هۆی ئەو شکستانە و گوتیشی: لە سەرەتاوە پشتیوانیی خۆمان بۆ خۆپیشاندەران و داوا رەواکانیان دەربڕیو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا داوامان کردووە، چارەسەرەکە ئاشتییانە بێت و رێگە بە کەسانی هەڵپەرست نەدەن سواری شەپۆلەکە بن. سەرۆک بارزانی جەختی لەوەش کردەوە، هەوڵیر دەیێتە شوێنێکی گونجاو بۆ میواندارێکردن و کۆبوونەوەی نێوان سەرکردە سیاسییەکان و نوێنەرانی خۆپیشاندەران، بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو و دەرچوون لەو قەیرانەی ئێستای وڵات تێی کەوتووە.

زیاتر لەلاپەرە سێ بخوێنەوە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە

ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5941) چوارشەممە 26ی شوبات 2020 «16» لاپەرە «500» دینار

ڕاگەیەندراوێک لە گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە

لێرەو لەوێ دەنگۆی ئەوە بڵاودەکرێتەوە گوایە قەیرانی بەنزین و سوتەمەنی لە هەرێمی کوردستان دروست بووە بە هۆی بریاری ڕێکخستنەوەی ئالوگۆری بازرگانی و هاتووچۆ لە دەروازە سنووریيەکان لە گەل ئێران لە پێناو خۆپارێزی لە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا.

هاوولاتیانی بەڕێزی هەرێمی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کەهیچ قەیرانێکی لەم جۆرە دروست نەبووە و نابێت. ڕێکخستنی کاروباری دەروازە سنووریەکان بۆ پاراستنی گیانی هاوولاتیان بووە لەم پەتایە وبۆ ئەم مەبەستەش حکوومەت بەرنامە وپلانێکی تۆکمەی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم پەتایە ودەرهاوێشتەکانیشی دارشتووە.

هاوکات دووپاتی دەکەینەوە کە سبەی سێشەممە ئەم بابەتە دەبێتە خاڵێکی سەرەکیی ئەجێندای کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیران.

د.جوتیار عادل

گوتەبێژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

2020/2/24

ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری پێویست بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەدات

لە ڕۆژی چوارشەممە 2020/2/26ەوە لە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن و قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان (حکومی و تایبەت) پشووی فەرمی دەست پێدەکات

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان: هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ پاراستنی ژیانی هاوولاتییانی هەرێمی کوردستان



2

شاندێکی باڵای لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەچێتەوە بەغدا

بە مەبەستی گفتگۆکردن لەسەر پێکهێنانی کابینەی تازەی حکوومەتی عێراق بە سەرۆکایەتیی محەمەد تۆفیق عەلاوی، شاندێکی باڵای لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەچێتەوە بەغدا. محەمەد سەعدەدین، ئەندامی شاندی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان، بە خەباتی ڕاگەیاند، لە کۆبوونەوەی لایەنە سیاسییەکان و هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمی کوردستاندا، بڕیاردرا هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت لە گفتگۆکانی پێکهێنانی کابینەی تازەی حکوومەتی عێراق.

جەختیشی کردەوە کە بڕیاردرا هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت لە گفتگۆکانی پێکهێنانی کابینەی تازەی حکوومەتی عێراق.

هەبەستە، شاندێکی باڵای هەرێمی کوردستان کە بڕیار دراوە ئەمجارە "شاندەکە بچووک بکرێتەوە و هەر لایەنە و پێکهاتەیەکی سیاسی، یەک ئەندامی لە شاندەکە هەبێت بۆ گفتوگۆکردنی پێکهێنانی کابینەکەی عەلاوی ، بچنە بەغدا. گوتیشی: "هەرێمی کوردستان دڵنیا نییە لە پێکهێنانی کابینەکەی عەلاوی و دەیەوێت مافەکانی لە کابینەکەدا بچەسپێنێت."



7

ڤایرۆسی کۆرۆنا گەیشتوەتە 26 دەوڵەت کە حەوتیان عەرەبین

گیانلەدەستدانی تووشبووانی کۆرۆنا کەمتربۆتەوە و ژمارەی ئەوانەی چاکیش دەبنەوە لەزیادبوونداان



4

پاپای ڤاتیکان هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم بۆ پێکەوەژیانی ئاییینی لە هەرێم بەرز نرخاند

ئانۆ جەوهەر: پاپا ئاماژەی بە شەڕی داعش و قارەمانیەتیی هێزی پێشمەرگە بە سەرۆکایەتیی سەرۆک بارزانی کرد



ئەندامێکی شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڤاتیکان گوتی، پاپای ڤاتیکان هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێکەوەژیانی ئاییینی و هەبوونی ئەو پێکەوەژیانە و جیاوازینەکردن لە نێوان پێکهاتەکان و ڕزگارکردنی پێکهاتەکان لەلایەن هێزی پێشمەرگە بە سەرۆکایەتیی سەرۆک بارزانیی بەرز نرخاند و سەرۆکی حکوومەتیش داوەتنامەیەکی فەرمیی ئاراستە کرد، بۆ ئەوەی سەردانی هەرێمی کوردستان بکات.

ئانۆ جەوهەر، وەزیری گواستنەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەری مەسیحیەکان و ئەندامی شاندی حکوومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی حکوومەت بۆ ڤاتیکان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: سەردانی شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڤاتیکان و کۆبوونەوە لەگەڵ قەداسەتی پاپای ڤاتیکان زۆر گرنگ و ئیجابی و باش بوو و سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش داوەتنامەیەکی فەرمیی ئاراستە کرد بۆ ئەوەی سەردانی هەرێمی کوردستان بکات.

ئانۆ جەوهەر گوتیشی: قەداسەتی پاپای ڤاتیکان ڕای زۆر ئیجابیی بوو لەبارەی ئەو پێکەوەژیانە ئاییینییەی کە لە هەرێمی کوردستان هەیە و هیچ جیاوازییەک لە نێوان هیچ پێکهاتەیەک ناکرێت. جەوهەر باسی لەوەش کرد: جگە لەوەش، هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بەرز نرخاند، کە خزمەتی هەموو هاوڵاتیان و هەموو پێکهاتەکان بێ جیاوازی دەکات.

گوتیشی: پاپا ئاماژەی بە شەڕی داعش و قارەمانیەتیی هێزی پێشمەرگە بە سەرۆکایەتیی سەرۆک بارزانی کرد و بەرزی نرخاند، کە توانییان داعش تێکبشکێنن و هەموو پێکهاتەکان لە دەستی داعش بپارێزن و ژمارەیەکی زۆریشیان ڕزگار بکەن.

ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری پێویست بۆ خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەدات

لە ڕۆژی چوارشەممە 2020/2/26ەوە لە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن و قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان (حکومی و تایبەت) پشووی فەرمی دەست پێدەکات

سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان: هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ پاراستنی ژیانی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان

دەبێ داموودەزگا فەرمیی و دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بڕیار لە سەر شێوازی بەشداریی نوێنەرانی بدات



دوێنێ سێشەممە 2020/2/25 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەسەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ئامادەبوونی قوباد تالەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و پارێزگارەکانی هەرێم و سەرپەرشتیاری هەردوو ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەڕین، کۆبوونەوەی ئاسایی هەفتانەی خۆی ئەنجام دا.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تیشکی خستە سەر سەردانی هەفتەی ڕابردووی شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەشداری لە کۆنفرانسی میونیخ و دیداری پاپای ڤاتیکان و بەرپرسە بالاکانی ئیتالیا .

سەرۆکی حکوومەتی هەرێم ئاماژەی بەوەدا کە پێشوازییەکی شایستە و گرنگ لە شاندی هەرێم کرا کە نیشانیدا هەرێمی کوردستان پێگەیەکی زۆر گرنگی هەیە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە چاوی ڕێزەوە لە هەرێمی کوردستان دەڕوانێت و پێزانینی هەیە بۆ ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لەبواری ڕووبەڕووبوونەوەی تووندڕۆیی و بەیەکەوەژیانی ئاییینی .

پاشان سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بە هەوڵەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی فیدراڵ کرد و جەختی لەوە کردەوەکە دەبێ تەنیا داموودەزگا فەرمیی و دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بڕیار لە سەر شێوازی بەشداریی نوێنەرانی هەرێمی کوردستان بدات و لایەنەکانی هەرێمی کوردستانیش هاوهەڵوێستن لە سەر ئەم بابەتە.

کۆبوونەوەکە هەروەها گفتوگۆی دەربارەی پلان و هەنگاو و ڕێکارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی ڤایرۆسی کۆرۆنا کرد. وەزیری تەندروستی دوکتۆر سامان بەرزنجی ڕاپۆرتێکی دەربارەی دوایین زانیاریی و پێشهاتەکانی ڤایرۆسەکە و کێشە و پێشنیارەکانی چارەسەریی پێشکەشکرد.

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئاماژەی بەوەدا کە سەلامەتی و پاراستنی ژیانی هاوڵاتیان لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە و هەموو هەوڵێک دەدەین و ڕێوشوێنی پێویست دەگرینەبەر بۆ پاراستنی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان .

ئەنجوومەنی وەزیران لەمبارەیەوە بڕیاریدا:

- ڕۆژانە زانیاریی دروست و ڕێنمایی پێویست لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بە ڕای گشتی بدرێت.
- لە ڕۆژی چوارشەممە 2020/2/26 لە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن و قوتابخانە و باخچە و پەیمانگا حکومی و تایبەتییەکانی هەرێمی کوردستان تا ڕۆژی 2020/3/10 بکرێتە پشوو، سەبارەت بە زانکۆ و پەیمانگا حکومی و تایبەتەکانیش لە ڕۆژی شەممە 29-2-2020تا 2020/3/10 پشووی فەرمی دەبێت. دواتریش لە 11 تا 2020/3/23 پشووی سالانەی بەهار دەبێت و لە ڕۆژی 2020/3/24 پرۆسەی خوێندن دەست پێدەکاتەوە. هەردوو وەزارەتیش سەرپشک دەکرێن بۆ قەرەبووکردنەوەی ڕۆژانی پشوو لە چوارچێوەی ئەمسالّی خوێندندا.
- بڕیاردرا گەشتی ناپێویست لە نێوخۆی هەرێمی کوردستان، یان ئەو گەشتیارانەی لە شارەکانی دیکەی عێراق دێنە هەرێم بۆ ماوەیەکی دیاریکراو سنووردار بکرێت و پشکنینی پێویستیش بۆ هەموو ئەو گەشتیارانە بکرێت کە دێنە ناو سنوورەکانی هەرێمی کوردستان

- بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە قۆرخکردن و گرانکردنی شتومەک لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان نادرێت و ڕێوشوێنی یاسایی تووند بەرامبەر سەرپێچیکاران دەگیرێتەبەر. چاوپۆشیش لە پشکنینی پزیشکی ئەوانەش ناکرێت کە دێنە ناو هەرێمی کوردستانەوە.
- حکوومەتی هەرێم دڵنیایی دەدات کە گشت پێداویستییەکانی هاوڵاتییان دابین دەکات و جموجۆڵی بازرگانی بەردەوام دەبێت بە ڕەچاوکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان.
- ئەنجوومەنی وەزیران، وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕاسپارد کە پێداویستی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان دابین بکات.
- پێشنیارەکانی هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و تەندروستیش پەسەند کران و هەردوو وەزارەتەکە ڕاسپێردران بۆ جێبەجێکردنیان.
- ئەنجوومەنی وەزیران داوا لە هاوڵاتیانیش دەکات کە هاوکاری جێبەجێکردنی پلان و ڕێنماییەکانی داموودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومەت بن و ڕێنماییەکانی خۆپارێزییش لەبەرچاوبگرن و جێبەجێی بکەن.

شیعەکان بە مەرج دەنگ بە کابینەکەی محەمەد عەللاوی دەدەن

لایەنە شیعەکان لە عێراق بە مەرج دەنگ بە کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق بە سەرۆکایەتیی محەمەد عەللاوی، دەدەن. سەرچاوەیەک لە هاوپەیمانیی فەتح (هاوپەیمانیی میلیشیا شیعەکان لە پەرلەمانی عێراق)، بە خەباتی ڕاگەیاند، کوتلە شیعەکان لەوە تێدەگەن، کە تێپەڕاندنی حکوومەتی عەللاوی بەبێ تەوافوقی نیشتمانی، مەترسییەکی گەورە دروست دەکات.

ئەو سەرچاوەیە هەروەها ڕایگەیاند، بەشێکی زۆری کوتلە شیعییەکانی فەتح، نەسر، ڕەوتی حیکمە و دەوڵەتی قانون بە محەمەد عەللاوییان ڕاگەیاندووە، ئەگەر کورد و سوننە ڕەزامەندیی لەسەر پێکهاتەی حکوومەتەکەی نەدەن، ئەوا ئەوانیش لە پەرلەمان دەنگی پێنادەن.

ڕۆژی دووشەممە 2020/2/24 دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، ئەگەر محەمەد عەللاوی ڕۆژی سێشەممە سیڤیی وەزیرەکانی کابینەکەی بنێرێتە پەرلەمان، ئەوا ڕۆژی پێنجشەممە 2020/2/27 پەرلەمان کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بۆ دەنگدان لەسەر متمانەبەخشین بە کابینەکەی، دەبەستێت. تا ئێستا کورد و سوننە لەسەر پێکهاتەی حکوومەتی نوێی عێراق ڕای نین، بەهۆی ئەوەی محەمەد عەللاوی بەبێ ڕەچاوکردنی مافە دەستوورییەکانی ئەو دوو پێکهاتەیە، حکوومەتێکی زۆرینە شیعە پێک دەهێنێت.

www.xebat.net
چوارشەممە 2020/2/26 ژمارە (5941)

سەرۆک بارزانی: ئەگەر عەللاوی بەبێ بەشداریی کورد و سوننە کابینەکەی پێکهێنا، پیرۆزی بێت

ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بکشێنەوە ئەوا داعش بە هێزێکی زیاترەوە دەگەڕێتەوە ناوچەکە

عێراق بەدەست نەبوونی سیاسەتێکی یەکگرتووی ناوخۆیی و دەرەکییەوە دەنالێنێت



سەرۆک بارزانی، لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ کەناڵی زاگرۆسی عەرەبی، باسی لە چەند پرسێکی هەنووکەیی ئێستای هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە کرد و هەڵوێستی خۆیشی لەهەمبەریان دەربڕی. سەرۆک بارزانی رایگەیاند، خۆپیشاندانەکانی ئێستا پەرچەکرداری شکستەکانی رابردوون و پێویستە کار لەسەر چاککردنەوەی هەڵەکان بکەن، کە بوونەتە هۆی ئەو شکستانە و گوتیشی: لە سەرەتاوە پشتیوانیی خۆمان بۆ خۆپیشاندەران و داوا رەواکانیان دەربڕیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا داوامان کردووە، چارەسەرەکە ناشتیانە بێت و ڕێگە بە کەسانی هەڵپەرست نەدەن سواری شەپۆلەکە بن. سەرۆک بارزانی جەختی لەوەش کردەوە، هەوڵێر دەبێتە شوێنێکی گونجاو بۆ میواندارێکردن و کۆبوونەوەی نێوان سەرکردە سیاسییەکان و نوێنەرانی خۆپیشاندەران، بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو و دەرچوون لەو قەیرانەی ئێستای ولات تێی کەوتووە.

سەرۆک بارزانی، لە بارەی محەمەد تەوفیق عەللاوی و میکانیزمی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت گوتی: عەللاوی لە خێزانێکی دیارە، بەڵام میکانیزمی دەستنیشانکردنی وەزیرەکانی حکوومەتەکەی سەرکەوتوو نییە و قەبوڵ ناکرێت، پێویستە کار لەگەڵ دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بکات بۆ پێکهێنانی کابینە و دەستنیشانکردنی وەزیرەکان، هەموو سەرپێچییەکیش ڕەتدەکەینەوە، کە دەبنە هۆی پێشێلکردنی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان و پێکهاتەکانی دیکەی عێراق.

سەرۆک بارزانی ڕوونیشی کردەوە، سوننە و کورد و ژمارەیەکی زۆر لە شیعەکان لەو شێوازەی عەللاوی بۆ پێکهێنانی کابینەکەی رازی نین، چونکە گوایە بەناوی سەربەخۆیی و بێلایەنیی وەزیرەکان دەستنیشان دەکەن، بەڵام دواتر بە ئاڕەزووی خۆیان بەکاریان دەهێنن. گوتیشی: ئەگەر عەللاوی بەبێ بەشداریی کورد و سوننە کابینەکەی پێکهێنا، ئەوا پیرۆزی بێت. سەرۆک بارزانی گوتیشی: ڕێککەوتنی عەللاوی لەگەڵ دوو لایەن، یان سێ لایەن، نابێتە هۆی پابەندبوونی ئەو لایەنانەی کە لە ڕێککەوتنەکەدا نین.

لە بارەی هەڕەشەکانی داعش و گەڕانەوەی مەترسییەکانی ڕێکخراوەکەش، لەو گفتوگۆیەدا سەرۆک بارزانی بە ڕوونی ئاماژەی بەوە کرد، کە ڕێکخراوەکە هێشتا مەترسییە و گوتی: داعش ئێستاش هەڕەشەیەکی جددییە بۆ سەر عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بکشێنەوە، ئەوا ڕێکخراوەکە جارێکی دیکە و بە هێزێکی زیاترەوە دەگەڕێتەوە، بۆیە بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، بڕیارێکی چارەنووسسازە و نابێت بکەوێتە ژێر هەست و سۆز و موزایەدات. هەروەها گوتیشی: نابێت عێراق، یان هەرێمی کوردستان ببێتە گۆڕەپانی ململانێی ئەمەریکی ژ ئێرانی، لەسەر عێراق پێویستە ڕاسپاردەکانی ئێران، یان هەر ولاتێکی دیکە ڕەت بکاتەوە.

پەیوەست بە پرسی ناوخۆیی عێراقیش، سەرۆک بارزانی دەڵێت: عێراق بەدەست نەبوونی سیاسەتێکی یەکگرتووی ناوخۆیی و دەرەکییەوە دەنالێنێت، ئێمەش لەگەڵ هەموارى دەستوورێن ئەگەر ئامانج لێی دەوڵەمەندکردن و چاکسازیی بێت، بەڵام بە هەموو شێوەیەک ئەو کارە ڕەت دەکەینەوە، ئەگەر ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە مافەکانی گەلی کورد و هەرێمی کوردستان و دیموکراسیەت.

سەرۆک بارزانی داوا لە هەموو لایەنەکانیش دەکات، کە دەستبەردارى ناکۆکییەکان بن و هەوڵی گەیشتن بدەن بە میکانیزمێکی گونجاو بۆ چارەسەری گرفتەکان.

لە K24ەوە

ڕێگە بە هاووڵاتیيانی حەوت وڵات نادرێت سەردانی عێراق بکەن



لەچوارچێوەی گرتنەبەری ڕێوشوێنەکان بۆ پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، حکوومەتی عێراق بڕیاریدا کە ڕێگە بە هاووڵاتیيانی حەوت وڵات نادات سەردانی عێراق بکەن. بەپێی ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی تەندروستی عێراق، بڕیارەکە لەلایەن شانەی قەیرانەکان تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئەنجوومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتی وەزیری تەندروستی، جەعفەر سادق عەللاوی دراوە کە هاووڵاتیيانی هەرێمی کوردستان، چین، تایلاند، کۆریای باشوور، ژاپۆن، ئیتاڵیا و سینگاپور دەگرێتەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە بڕیارەکە ئەو عێراقیيانە ناگرێتەوە کە لەو وڵاتانەدان و دەیانەوێت بگەڕێنەوە، هەروەها ئەو کەسانەش ناگرێتەوە کە لە نێوان سەرکردە سیاسییەکان و نوێنەرانی خۆپیشاندەران، بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو و دەرچوون لەو قەیرانەی ئێستای وڵات تێی کەوتووە.

سەرۆک بارزانی، لە بارەی محەمەد تەوفیق عەللاوی و میکانیزمی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت گوتی: عەللاوی لە خێزانێکی دیارە، بەڵام میکانیزمی دەستنیشانکردنی وەزیرەکانی حکوومەتەکەی سەرکەوتوو نییە و قەبوڵ ناکرێت، پێویستە کار لەگەڵ دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان بکات بۆ پێکهێنانی کابینە و دەستنیشانکردنی وەزیرەکان، هەموو سەرپێچییەکیش ڕەتدەکەینەوە، کە دەبنە هۆی پێشێلکردنی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان و پێکهاتەکانی دیکەی عێراق.

سەرۆک بارزانی ڕوونیشی کردەوە، سوننە و کورد و ژمارەیەکی زۆر لە شیعەکان لەو شێوازەی عەللاوی بۆ پێکهێنانی کابینەکەی ڕازی نین، چونکە گوایە بەناوی سەربەخۆیی و بێلایەنیی وەزیرەکان دەستنیشان دەکەن، بەڵام دواتر بە ئاڕەزووی خۆیان بەکاریان دەهێنن. گوتیشی: ئەگەر عەللاوی بەبێ بەشداریی کورد و سوننە کابینەکەی پێکهێنا، ئەوا پیرۆزی بێت. سەرۆک بارزانی گوتیشی: ڕێککەوتنی عەللاوی لەگەڵ دوو لایەن، یان سێ لایەن، نابێتە هۆی پابەندبوونی ئەو لایەنانەی کە لە ڕێککەوتنەکەدا نین.

لە بارەی هەڕەشەکانی داعش و گەڕانەوەی مەترسییەکانی ڕێکخراوەکەش، لەو گفتوگۆیەدا سەرۆک بارزانی بە ڕوونی ئاماژەی بەوە کرد، کە ڕێکخراوەکە هێشتا مەترسییە و گوتی: داعش ئێستاش هەڕەشەیەکی جددییە بۆ سەر عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بکشێنەوە، ئەوا ڕێکخراوەکە جارێکی دیکە و بە هێزێکی زیاترەوە دەگەڕێتەوە، بۆیە بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، بڕیارێکی چارەنووسسازە و نابێت بکەوێتە ژێر هەست و سۆز و موزایەدات. هەروەها گوتیشی: نابێت عێراق، یان هەرێمی کوردستان ببێتە گۆڕەپانی ململانێی ئەمەریکی ژ ئێرانی، لەسەر عێراق پێویستە ڕاسپاردەکانی ئێران، یان هەر ولاتێکی دیکە ڕەت بکاتەوە.

پەیوەست بە پرسی ناوخۆیی عێراقیش، سەرۆک بارزانی دەڵێت: عێراق بەدەست نەبوونی سیاسەتێکی یەکگرتووی ناوخۆیی و دەرەکییەوە دەنالێنێت، ئێمەش لەگەڵ هەموارى دەستوورێن ئەگەر ئامانج لێی دەوڵەمەندکردن و چاکسازیی بێت، بەڵام بە هەموو شێوەیەک ئەو کارە ڕەت دەکەینەوە، ئەگەر ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە مافەکانی گەلی کورد و هەرێمی کوردستان و دیموکراسیەت.

سەرۆک بارزانی داوا لە هەموو لایەنەکانیش دەکات، کە دەستبەردارى ناکۆکییەکان بن و هەوڵی گەیشتن بدەن بە میکانیزمێکی گونجاو بۆ چارەسەری گرفتەکان.

لە K24ەوە

د.سامان بەرزنجی بۆ خەبات:

هیچ حاڵەتێکی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان نییەو ئامادەکارییمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کردووە



د.سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی هیچ حاڵەتێکی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان تۆمار نەکراوە، بەڵام هەرێمی کوردستان هەر لە سەرەتاوە ئامادەکارییی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڤایرۆسە کردووە .

د.سامان بەرزنجی بە خەباتی ڕاگەیاند: لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا، وەزارەتی تەندروستی پێشنیاری چەند ڕێوشوێنێکی نوێی کرد، سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوە و ڕێگری لە ڤایرۆسی کۆرۆنا و بەردەوامیش لەسەر خەتین بۆ ڕێگری لە پەتاکە و نەگەیشتنی بە هەرێمی کوردستان و خۆپاراستن لێی.

وەزیری تەندروستی پێشنیاری چەند ڕێوشوێنێکی نوێی کرد، سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوە و ڕێگری لە ڤایرۆسی کۆرۆنا و گوتی: داعش ئێستاش هەڕەشەیەکی جددییە بۆ سەر عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بکشێنەوە، ئەوا ڕێکخراوەکە جارێکی دیکە و بە هێزێکی زیاترەوە دەگەڕێتەوە، بۆیە بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، بڕیارێکی چارەنووسسازە و نابێت بکەوێتە ژێر هەست و سۆز و موزایەدات. هەروەها گوتیشی: نابێت عێراق، یان هەرێمی کوردستان ببێتە گۆڕەپانی ململانێی ئەمەریکی ژ ئێرانی، لەسەر عێراق پێویستە ڕاسپاردەکانی ئێران، یان هەر ولاتێکی دیکە ڕەت بکاتەوە.

پەیوەست بە پرسی ناوخۆیی عێراقیش، سەرۆک بارزانی دەڵێت: عێراق بەدەست نەبوونی سیاسەتێکی یەکگرتووی ناوخۆیی و دەرەکییەوە دەنالێنێت، ئێمەش لەگەڵ هەموارى دەستوورێن ئەگەر ئامانج لێی دەوڵەمەندکردن و چاکسازیی بێت، بەڵام بە هەموو شێوەیەک ئەو کارە ڕەت دەکەینەوە، ئەگەر ببێتە هۆی زیانگەیاندن بە مافەکانی گەلی کورد و هەرێمی کوردستان و دیموکراسیەت.

سەرۆک بارزانی داوا لە هەموو لایەنەکانیش دەکات، کە دەستبەردارى ناکۆکییەکان بن و هەوڵی گەیشتن بدەن بە میکانیزمێکی گونجاو بۆ چارەسەری گرفتەکان.

لە K24ەوە

عێراق.. تۆمارکردنی چوار حاڵەتی تووشبوون بە کۆرۆنا لە کەرکووک




وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق، تۆمارکردنی چوار تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنای لە پارێزگای کەرکووک ڕاگەیاندو، بەوەش ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە کە تائێستا لەو وڵاتە تۆمارکراون، گەیشتە پێنج حاڵەت. دوێنێ سێشەمە وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق ڕاگەیەندراوێکی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوکردەوە و تیایدا ئەوەی ئاشکراکردووە، جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا "Kovid-19" لە چوار ئەندامی یەک خێزانی عێراقی لە پارێزگای کەرکووک بەدی کراوە کە پێشتر سەردانی ئێرانیان کردووە و دواتر گەڕوانەتەوە وڵات.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، چوار کەسەکە گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانە و خراونەتە ژێر چاودێری وردی تەندروستییەوە. وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەی خستووەتەڕوو کە بەپێی ڕێنمایەکانی نێودەوڵەتی بۆ مامەڵکردن لەگەڵ حاڵەتەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا سەبارەت بە خۆپارێزی و ئامادەکاری بۆ ڕێگریکردن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا گرتووەتەوەبەر و داواشی لە هاووڵاتیيان کردووە پابەندبن بە ڕێنماییەکانی تەندروستی تایبەت بە خۆپاراستن لە ڤایرۆسەکە. بەوەش ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە کە تائێستا لە عێراق تۆمارکراون گەیشتە پێنج حاڵەت.

لەکاردانەوەیەکیشدا پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک لە ڕاگەیەندراوێکدا ئەوەی ئاشکرا کرد کە چوار حاڵەتی تووشبوون بە کۆرۆنا لە شارەکە تۆمار کراوە و سەرجەم تووشبوەکانیش ئەندامی یەک خێزانن، بەمەوێیەوە تەواوی قوتابخانە و زانکۆکانی کەرکووک کراونەتە پشوو. لە ڕاگەیەندراوەکەدا بەرواری دەستپێکردنەوەی خوێندن دیاری نەکراوە، هەروەها بۆ ماوەی 15 ڕۆژیش تەواوی گردبوونەوە و چالاکییە جەماوەرییەکان قەدەغە کراون.

جێی باسە ڕۆژی دووشەمەی ڕابردوو لە شاری نەجەف باشووری عێراق، یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکرا کە هەڵگرەکەی خوێندکارێکی ئێرانییە.

ئاستی بااڵش بۆ ڕێگری لەو پەتایە بە بەردەوامی، بەپێی پێویستی دۆخەکە دەربکرێن، گوتیشی: دەرکەوتنی حاڵەتی پەتاکە لە عێراق وامان لێ دەکات، ڕێوشوێنەکان زیاتر بکەین و بارودۆخەکە زیاتر کۆنترۆڵ بکەین، ئەوەی گرنگە لای هاووڵاتیيان، پابەندی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بن و ئێمەش هەوڵ دەدەین، کە ڕێگری لە هاتنە ناوەوەی ڤایرۆسەکە بکەین بۆ ناو هەرێمی کوردستان، بۆ هەر بارودۆخێکی دیکەش ئامادەکاریان کردووە و لەسەر ڕێوشوێنە پێویستەکان بەردەوامین .



محەمەد حوسنی موبارەک سەرکۆماری پێشووتری میسر لە تەمەنی 92 ساڵیدا، کۆچی دوایی کرد

دوای نیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە سەرکۆماری پێشووتری میسر، محەمەد حوسنی موبارەک لە تەمەنی 92 ساڵیدا، کۆچی دوایی کرد. دوێنێ سێشەممە 2020/2/25 ماڵپەڕی "ئەلیوم سابع"ی بەناوبانگی میسری هەواڵێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەکردبوو کە محەمەد حوسنی موبارەک لە تەمەنی 92 ساڵیدا، کۆچی دوایی کردووە.

بەم دواییانە عەلا موبارەک کوڕی سەرکۆماری کۆچکردووی میسر، محەمەد حوسنی موبارەک ئاشکرایکردبوو کە تەندروستی باوکی تێکچووە گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانە و خراوەتەوە ژێر چاودێری وردی تەندروستییەوە. عەلا موبارەک لە توێتێکدا نووسیبووی "نزا و پارانەوەم ئەوەیە خوای گەورە شیفایەک بۆ باوکم بنێرێت و بە ساغ و سەلامەتی بگەڕێتەوە ماڵەکەی".

جێی باسە حوسنی موبارەک، لە ساڵی 1928 لەدایکبووە. لە ساڵی 1981 تا 2011 سەرۆکایەتیی وڵاتەکەی کردووە. لە ساڵی 2011 بەهۆی گوشاری خۆپیشاندەرانی میسر لەسەرۆکایەتیی وڵات کشایەوە.

غەفوور مەخموری لە سێ دیداری جیادا لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەعیان و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و سەرۆکی ناوەندی کاسۆلیکی ئوردەن کۆدەبێتەوە

غەفوور مەخموری: کوردستان نموونەیەکی جوانی پێکەوەژیانە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەموو نەتەوەو ئاینەکان بەشدارن لە پرۆسەی سیاسی و بڕیاری سیاسی دا

خەبات – عەمان – تایبەت:

ڕۆژانی 18 و 19 و 2020/2/22 غەفوور مەخموری سکرتێری گشتیی YNDK لە عەمانی پایتەختی ئوردەن لە سێ دیداری جیا لەگەڵ هەر یەک لە سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەعیانی ئوردەن و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئوردەن و سەرۆکی ناوەندی کاسۆلیکی ئوردەن باسیان لە ڕەوشی سیاسی کوردستان ناوچەکە و پەیوەندی نێوان هەردوولا کرد. ڕۆژی 2020/2/18 غەفوور مەخموری سکرتێری گشتیی یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، لە عەمانی پایتەختی ئوردەن سەردانی ئەنجوومەنی ئەعیانی ئوردەنیان کردو، بەگەرمی لەلایەن بەڕێزان (فەیسەڵ فایز سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەعیانی ئوردەن و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەنەوە پێشوازیکرا و، هەروەها ڕۆژی 2020/2/22 سەردانی ناوەندی کاسۆلیکی ئوردەنی کردو لەلایەن بەڕێزان مەتران د. ڕەفعەت بەدر سەرۆکی ناوەند و ژمارەیەک لە ئەندامانی ناوەندەوە پێشوازیکرا.

لە هەرسێ دیدارەدا باس لە ڕەوشی سیاسی کوردستان و عێراق و دواپێشهاتەکانی و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە کراو، جەختکرایەوە سەر ڕاوێژو دیالۆگ لەنێوان گەلانی ناوچەکەدا لەو گۆڕانکارییانەی کە دێنە پێشەوە، لە تەوەرێکی دیکەی دیدارەکاندا باس لە پتەوکردن و پێشخستنی پەیوەندی لەمێژینەی نێوان ئوردەن و کوردستان کرا.

هەروەها مەخموری؛ لە دیدارەکاندا پوختەیەکی سەبارەت بە ڕەوشی سیاسی کوردستان و گیانی بەیەکەوەبوون و پێکەوەژیانی تەواوی پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی کوردستان و ڕۆلیان لە پرۆسەی سیاسی کوردستان خستەڕوو و گوتی: کوردستان نموونەیەکی جوانی پێکەوەژیانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، هەموو نەتەوەو ئاینەکان بەشدارن لە پرۆسەی سیاسی و بڕیاری سیاسیدا، هەروەها باسی لە پێشڤەچوونەکانی کوردستان لە بواری سیاسی و دیپلۆماسی و تەناهی و چاکسازییە ئیدارییەکان کرد و، وتی لە ساڵانی ڕابردوودا لە شەڕی تیرۆردا سەرکەوتین، ئێستاش کوردستان شەڕی دژی گەندەڵی دەستپێکردووە، بۆئەوەی نموونەیەکی زیندوو و شەفافی حوکمداری نیشانی هەموو لایەک بدات.



ڤایرۆسی کۆرۆنا گەیشتوەتە 26 دەوڵەت کە حەوتیان عەرەبین

گیانلەدەستدانی تووشبووانی کۆرۆنا کەمتربۆتەوە و ژمارەی ئەوانەی چاکیش دەبنەوە لەزیادبوونداn

خەبات–مەریوان نەقشبەندی:

دکتۆر ئەندریاس هایدن پسپۆڕی نەخۆشیە گوازراوەکان لەلێدوانێکدا بۆ کەناڵی تەلەفزیۆنی ڕەسمی بەحرەین ڕایگەیاند کەوا لە دیسەمبەری ساڵی 2019ەوە کە تیایدا یەکەم جار تووشبوونی مرۆڤ بەڤایرۆسی کۆرۆنا ڕاگەیەنرا هەتا ئەمڕۆ ئەم ڤایرۆسە لە 26 دەوڵەت بڵاوبۆتەوە و دەیان هەزار کەس لەچین و 25وڵاتەکەی دیکە تووشی ئەم ڤایرۆسە بوون بەڵام تەنها 3%ی تووشبووەکان مردوون و ئێستاش ئەم ڤایرۆسە ئەگەرچی هەر مەترسییە بۆ جیهان بەڵام ئەو ڕێوشوێنانەی لەم دوو مانگەی دوایی گیراوەتەبەر بڵاوبوونەوە و کوشتنی تووشبووانی کەمتر بۆتەوە و ئێستا ژمارەی ئەوانەی چاکدەبنەوە لەزیادبوونداn.

دکتۆر ئەندریاس هایدن هەروەها گوتی هەتا ڕۆژی دوشەممە 2020/2/24 ئەم ڤایرۆسە گەیشتۆتە 26 دەوڵەتی جیهان و لەناو ئەوانەشدا 7 دەوڵەتی عەرەبی هەیە و تازەترین دەوڵەتیش کە تووشبوویەکی لەخۆگرتووە عێراقە، دوای ئەوەی قوتابیەکی ئێرانی کە پێش چوار ڕۆژ لە بڕیاری ڕاگرتنی هاتنی هاوواڵتیانی ئێران بۆ عێراق هاتبووە شاری نەجەف بۆ خوێندن بەم ڤایرۆسە تووش بووە. وڵاتە عەرەبییەکانی تریش میسر و لوبنان و ئیمارات و کوێت و بەحرەین کە زۆرترینیان 13 تووشبووە لە وڵاتی ئیمارات بەڵام هێشتا لەم وڵاتە عەرەبیانە کەس بەهۆی ڤایرۆسەکەوە نەمردووە و هەندێکیشیان بەتەواوی چاکبوونەتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە دوێنێ سێشەممە حکوومەتی چین ڕایگەیاند کە ژمارەی ئەو کەسانەی کە تووشبوون بە کۆرۆنا لە چین گەیشتۆتە 78 هەزار و 630 کەس و لە ئەنجامدا 2 هەزار و 747 کەس گیانیان لەدەستداوە. بەڵام ئەو ژمارانە لە ڕۆژانی ڕابردوودا بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیان کردووە.

بڕیاری قەدەغەکردنی خواردن و کڕین و فڕۆشتن و بەخێوکردنی هەموو ئەو ئاژەڵ و خشۆکە وشکانیانەی دا کە بەپێی تۆژینەوەکان دەرکەوتوە هەڵگر و گوازەرەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنان.



لە کوێت ژمارەی تووشبوان بە کۆرۆنا گەیشتوەتە پێنج کەس

وەزارەتی تەندروستی کوێت بڵاویکردەوە کە ژمارەی تووشبوان بە جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا گەیشتوەتە پێنج کەس. بەپێی ڕاگەیەندراویکی وەزارەتی تەندروستی کوێت، دوو گەشتیار کە لە شارەکانی تاران و قومی ئێرانەوە سەردانی ئەو وڵاتەیان کردووە هەڵگری ڤایرۆسەکەن، بەمەیش ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوان بەو پەتایە لە کوێت بەرزبوونەتەوە بۆ پێنج کەس. ئاماژە بەوەیش کرا کە ئەو دوو کەسە خراونەتە ژێر چاودێریەوە.

جێی باسە ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو وەزارەتی تەندروستی کوێت بڵاویکردەوە کە ئەو سێ کەسەی تووشی کۆرۆنا بوون، یەکێکیان هاوواڵتی کوێتە و تەمەنی 53 ساڵە و ئەوەی دووم هاوواڵتییەکی سعوودیەیە و تەمەنی 61 ساڵە، بەڵام ڕەگەزنامەی کەسەکەی دیکە ئاشکرا نەکراوە کە تەمەنی 21ساڵە. ڕۆژی پێشووتریش کوێت 800 هاوواڵتی خۆی لە ئێرانەوە بەهۆی کۆرۆناوە گەڕاندبۆوە بۆ کوێت.



جێگری وەزیری تەندروستی ئێران تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە

جێگری وەزیری تەندروستی ئێران، ئیرەج حەریرچی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە. حەریرچی لە هەژماری فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ڕایگەیاند کە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە. ئاوبراو ئاماژەی بەوە داوە کە ڕۆژی دووشەممە بەهۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرمای جەستەیەوە خرابووە ژێر چاودێری پزیشکی و دەرکەوتووە کە ئەویش تووشی پەتای کۆرۆنا بووە و دەڵێت "چەند خولەکێک لەمەوبەر ئەنجامی پشکنینەکان دەرکەوتن. منیش تووشی کۆرۆنا بووم". حەریرچی بە تیشک خستنە سەر ئەوەی کە ڕەوشی تەندروستی باشە، دەڵێت: دڵنیا بن چۆک بەو ڤایرۆسەدا دەدەم.

ژمارەی ئەو کەسانەی لە ئێران بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە گەیشتە 16 کەس

لە پارێزگاکانی مەرکەزی، ئەلبۆرز و هەمەدان چوار کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستدا. بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی ئافتابنیوس لە پارێزگای مەرکەزی ناوەڕاستی ئێران، دوو کەس بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە. لەو بارەیەشەوە یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژی پزیشکی پارێزگای مەرکەزی، عەباس نیکروس ڕایگەیاند: لە شاری ساوا ناوەندی پارێزگاکە، دوو نەخۆش کە تەمەنیان 82 ساڵ و 87 ساڵ بووە و نەخۆشی دڵ و گورچیلەشیان هەبووە بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە.

لەلایەکی دیکەشەوە ئاژانسی ئیسنا لە هەواڵێکدا لێدوانی یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژی پزیشکی زانکۆی ئەلبۆرز، سەعید حسێن ئینانلوی بڵاوکردوەتەوە کە باسی لەوە کردووە لە پارێزگای ئەلبۆرز یەکێک لەو سێ کەسەی دووچاری ڤایرۆسی کۆرۆنا بووبوون گیانی لەدەستداوە. سەعید حسێن ئینانلو داواشی لە هاوواڵتیان کردووە، بۆ کاری زۆر پێویست نەبێت لەماڵ نەیەنە دەر.

هەروەها یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژی پزیشکی هەمەدان، مەنوچەهر کەریمی لە لێدوانێکیدا بۆ ئاژانسی ئیرنا ڕایگەیاندووە: ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو یەکەمین حاڵەتی تووشبوون بە کۆرۆنا لە پارێزگای هەمەدان تۆمار کراوە و یەکێک لە تووشبوان گیانی لەدەستداوە. وەزیری تەندروستی ئێرانیش، سەعید نەمەکی ڕۆژی دووشەممە لە پەرلەمانی ئێران ئەوەی خستبووەڕوو کە 12 کەس بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە و زیاتر لە 60 کەسی دیکەش دووچاری ڤایرۆسەکە بوون.

لە لایەکی دیکەشەوە کاربەدەستانی ئیمارات ڕایانگەیاند کە گەشتە ئاسمانییەکان لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی دوبەی بۆ سەرجەم شارەکانی ئێران تا کاتێکی نادیار هەڵدەپەسێردرێن، جگە لە شاری تارانی پایتەخت. ئەمەش دوای ئەوە دێت کە بەحرێن ڕایگەیاندووە کە نیازی هەیە بۆ ماوەی 48 کاتژمێر سەرجەم گەشتەکانی هاتن لە فڕۆکەخانەکانی دوبەی و شاریقە لە ئیمارات هەڵپەسێرێت، ئەوەش دوای ئەوەی دوو حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە بەحرێن تۆمارکران. پێشتریش وەزارەتی تەندروستی بەحرێن تۆمارکردنی دووەم حاڵەتی تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنای ڕاگەیاندبوو. هەروەها بەپێی ئاژانسی هەواڵیی ئەسۆشەییت پرێس، کاربەدەستانی ئیمارات لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژەیان بەوەکردووە کە سەرجەم گەشتە ئاسمانییەکان لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی دوبەی بۆ سەرجەم شارەکانی ئێران تا کاتێکی نادیار هەڵدەپەسێردرێن، جگە لە شاری تارانی-ی پایتەخت، بەڵام سەرجەم ئەو گەشتیارانەی کە لە تارانەوە ڕوو لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی دوبەی دەکەن، پشکنینی وردیان بۆ دەکرێت بۆ ئەوەی بزانرێت هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنان یان نا. ئەمەش لە کاتێکدایە تا ئێستا، 11 حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئیمارات تۆمارکراون.

www.xebat.net
چوارشەممە 2020/2/26 ژمارە (5941) | خەبات

کیفاح مەحمود: کارێکی لۆژیکی نییە لەگەڵ دامەزراندنی هەر حکوومەتێک سەر لەنوێ بۆ خاڵی سفر بگەڕێینەوە



ئا: خالید گەردی

ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی نووسینگەی سەرۆک بارزانی، کیفاح مەحمود لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "عەرەبی 21" تیشکی خستۆتە سەر چەندین بابەتی هەنووکەیی و هەڵوێستی کورد و هەرێمی کوردستان لە مەڕ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق لە لایەن محەمەد تۆفیق عەلاوی.

کیفاح مەحمود لە هەڤپەیڤینەکەدا لەبارەی تایبەتمەندی هەرێمی کوردستان و هەڵوێستی لە خۆپیشاندانەکان و پێکهێنانی حکوومەتی نوێوە، ڕایگەیاندووە: ڕەوشی هەرێمی کوردستان جیایە و بارێکی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەوەی خۆپیشاندەرانیش لە بەغدا و ناوەڕاست و باشووری عێراق داوای دەکەن داواکاری یەک پێکهاتەیە نەک هەموو پێکهاتەکان بە تایبەتیش پێکهاتەی کورد و سونە.

ڕاشیگەیاندووە: لەبەر ئەوەی هەرێم بە پێی دەستوور دانی پیا دانراوە، بۆیە واقیعەکەش وادەخوازێت، هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیرانی عێراقیش بە هەماهەنگی لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، بە واتایەکی تر پێویستە ڕای کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستان، کە پەرلەمانە وەر بگیرێت بەو پێیەی هەموو پێکهاتە سیاسییەکانی کوردستانی لە خۆ گرتووە. هەروەها لەبارەی ئەو بنەما چەسپاوانەی کە کورد وەک مەرج بۆ پێکهێنانی حکوومەت هەیەتی، کیفاح مەحمود دەڵێت: پێموانییە بەڕێز عەلاوی لە هەڵبژاردنی وەزیرەکانی پێکهاتەی کورد گرفتی بۆ دروست بێت، لەبەر ئەوەی تەوافوقێکی بەرچاو لای هەرێم لەسەر بنەما نیشتیمانییەکان هەیە، کە هەمان بنەما نیشتیمانییەکانی عێراقە و ئامانجی بەرهەمهێنانی حکوومەتێکی کاریگەر و بەهێزە بتوانێت بەدەم داواکاری خەڵکەوە بچێت و لەچارەسەرکردنێکی خێرا لەگەڵ گرفت و کێشەکانی لەگەڵ هەرێمیش بەردەوام بێت.

کیفاح مەحمود جەخت لەوەش دەکاتەوە: کارێکی لۆژیکی نییە لەگەڵ دامەزراندنی هەر حکوومەتێک سەر لەنوێ بۆ خاڵی سفر بگەڕێینەوە و دانیشین بەدوای چارەسەر و دانانی نەخشەڕێگەی نوێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی بەغدا لەگەڵ هەرێم بگەڕێین. هەردوو حکوومەتی بەغدا و هەولێر لە سەردەمی عەبدولمەهدیدا، بە چەندین ڕێککەوتن و دانانی لیژنەی هونەری گەیشتن، هێندەی نەمابوو واژۆو لەسەر چارەسەری تەواوی گرفتەکان بکەن، بە تایبەتیش ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە بواری وزە "نەوت و غاز" و مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە و پشکی هەرێم لە بوودجە و سەرژمێری گشتی دانیشتوان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم هەیە هەرچەندە دەستگرتنی هەرێم بە لێکتێگەیشتنەکان وەک مەرج نییە، بەڵام یەکێکە لە بنەما نیشتیمانییەکان کە پێویستە هەموو لایەنەکان پێیەوە پابەند بن، ئەگەر نا سوودی پێکهێنانی حکوومەت چی دەبێت، ئەگەر لەسەر چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانی بەغدا لەگەڵ هەرێم بەردەوام نەبێت، کە بەشێکی گرنگە لە دەوڵەتی عێراق. ئەگەر تەوافوقێک لە نێوان عەلاوی و هەرێمی کوردستان لەسەر بەردەوامبوون لەسەر ڕێککەوتنەکان و کاراکردنی هاتە ئاراوە، ئەوا پێویستە لەوەش زیاتر هەنگاو هەڵێنێت، بەدیارکردنی ماوەیەکی زەمەنیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانەی لە کوردستان دابڕێندراون.

خۆپیشاندەرێک کوژراو 17 دیکەش بریندارببوون

خۆپیشاندەران ڕاسپاردنی عەللاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕەتدەکەنەوە



دوێنێ سێشەمە لە شاری بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، خۆپیشاندانی ملیۆنی ئەنجام درا، کە لەمیانیدا خۆپیشاندەران داوایان کرد، داواکارییەکانیان جێبەجێ بکرێت. میدیاکانی خۆجێی بڵاویانکردەوە کە خۆپیشاندانی ملیۆنی لە گۆڕەپانی تەحریر ناوەڕاستی ئەنجام درا و لەمیانیدا خۆپیشاندەران جەختیان کردەوە لەسەر ئەوەی داواکارییەکانیان جێبەجێ بکرێت و ڕاشیانگەیاندووە کە ڕاسپاردنی محەمەد تۆفیق عەللاوی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕەتدەکەنەوە.

خۆپیشاندەران داواشیانکرد، کە لە بری محەمەد تۆفیق عەللاوی، کەسێکی سەربەخۆ و لە دەرەوەی پارتەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت ڕاسپێردرێت. میدیاکان ئاماژەیان بەوەیشکرد کە دوێنێ سێشەمە ژمارەیەکی زۆری خۆپیشاندەر ڕوویان لە گۆڕەپانی تەحریر لە ناوەڕاستی بەغدا کرد. هاوکات لە شارەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق خۆپیشاندانی ملیۆنی ئەنجامدران و لەمیانیدا خۆپیشاندەران داوایان لە ئەنجوومەنی نوێنەران کرد یاسای نوێی هەڵبژاردنەکان پەسەند بکات وەک زەمینەسازییەک بۆ ئەوەی گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە پرۆسەی سیاسی ئێستا بکرێت.

هەر دوێنێ میدیاکان بڵاویان کردەوە کە خۆپیشاندانەکانی ئاڵۆزیان تێکەوت. سەرچاوەیەکیش لە تیمە تەندروستییە گەڕۆکەکانی گۆڕەپانی تەحریر ڕایگەیاند، خۆپیشاندەرێک بەهۆی بەرکەوتنی گوللە بە سەری گیانی لەدەستداو 17 دیکەش بەهۆی بۆمبی فرمێسک ڕێژ بریندار بوون.

پێشتر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا داوا لە خۆپیشاندەران کرابوو کە لە 25ی ئەم مانگەدا، خۆپیشاندانی ملیۆنی لە شاری بەغدا و شارەکانی ناوەڕاست و باشوور ئەنجام بدەن. ئەمەش لە کاتێکدایە ڕۆژی دووشەمە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاندبوو کە دانیشتنی نائاسایی بۆ دەنگدان لەسەر بەخشینی متمانە بە کابینەی نوێی حکوومەت، ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو ساز دەکرێت.

عێراق.. عەللاوی بەڵێنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی پێشوەختە دەدات



ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق، محەمەد تۆفیق عەللاوی بەڵێنی دا کە حکوومەتەکەی لەمیانی وادەیەکی دیاریکراودا کە ماوەکەی لە ساڵێک تێنەپەڕێت، هەڵبژاردنی گشتی پێشوەختە (ئەنجوومەنی نوێنەران) ئەنجام بدات.

محەمەد تۆفیق عەللاوی تویتێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئەوەی نووسیووە "بەندی یەکەم لە بەرنامەی حکوومەتەکەم، بریتییە لە هەنگاوانان بەرەو ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد و پێشوەختە کە لەمیانیدا گەل نوێنەرایەتی خۆی بۆ قۆناغی داهاتوو هەڵدەبژێریت".

ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق ئەوەشی نووسیووە: حکوومەتی داهاتوو پابەندە بە دابینکردنی پاڵپشتی تەواو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد، پاک و بێگەرد لە نزیکترین وادە دا کە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و ئەنجوومەنی نوێنەران دیاری دەکەن. محەمەد تۆفیق عەللاوی ڕاشیگەیاندووە: جەخت دەکەینەوە لەوەی دەبێت کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە دیارکردنی وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی پێشوەختە ئاگادارمان بکاتەوە کە نابێت لە ئەمڕۆوە ماوەکەی لە ساڵێک تێنەپەڕێت، هەڵبژاردنی گشتی پێشوەختە (ئەنجوومەنی نوێنەران) ئەنجام بدات.

لەلایەکی دیکەشەوە ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق، محەمەد تۆفیق عەللاوی هۆشداری دا لەوەی کە پیلانێک لە ئارادایە بۆ ئەوەی حکوومەتەکەی لە ئەنجوومەنی نوێنەران تێپەڕێندرێت، ئەویش لەڕێگەی پێدانی بەرتیل بە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران کە هان دەدرێن دەنگ لەسەر بەخشینی متمانە بە کابینەی نوێی حکوومەت نەدەن. ڕۆژی دووشەمە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاندبوو کە دانیشتنی نائاسایی بۆ دەنگدان لەسەر بەخشینی متمانە بە کابینەی نوێی حکوومەت، ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتوو ساز دەکرێت. بەڵام کورد و سوننە، تێپەڕاندنی کابینەی نوێی حکوومەتیان لە ئەنجوومەنی نوێنەران ڕەتکردووەتەوە.

ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق، محەمەد تۆفیق عەللاوی بڵاوکردەوە کە ئەو حکوومەتەی لە ماوەی حەوت هەفتەدا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی پێشوەختە ڕادەگەیەنێت، ئەوا ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لە ماوەی ٦٠ ڕۆژدا ئەنجام دەدرێت.

ترەمپ: هاوبەشی ئەمەریکا و هیندستان لە بەهێزترین سەردەمی دایە



ئەمەریکا و هیندستان ڕێککەوتنێکی بەرگریان بە بەهای سێ ملیار دۆلار واژووکرد

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ و سەرۆکوەزیرانی هیندستان، نارێندرا مۆدی ئاماژەیان بەوە کرد کە وڵاتەکانیان ڕێککەوتنێکیان بە بەهای سێ ملیار دۆلار واژووکردووە کە فڕۆشتنی هێلیکۆپتەری ئەمەریکی و پێداویستیەکانی دیکەی جەنگی لەخۆدەگرێت. دۆنالد ترەمپ کە بە سەردانێکی فەرمی دوو ڕۆژی لە هیندستانە لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی هیندستان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشی ڕێکخست.

ترەمپ سەردانەکەی بە "سوودبەخش" ناوزەند کرد و گوتی: هەردوو وڵات لەژێر ڕۆشنایی بەها هاوبەشەکاندا دۆست بوون. ترەمپ ئاماژەی بەوەش کرد کە تیشکیان خستووەتە سەر دەستەبەرکردنی ڕێککەوتنێکی بازرگانی گشتگیر و هەردوو وڵات پێشوەچوونیان بەخۆوەبینیوە لە بەدیهێنانی ڕێککەوتنی بازرگانی دووقۆڵی دادەپەروەر.

سەرۆکی ئەمەریکا ترەمپ، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەنگاوی گرنگیان هەڵناوە لەبارەی هاریکاری بەرامبەری و ڕایگەیاند: بەو ڕێککەوتنانە هیندستان بە بەهای زیاتر لە سێ ملیار دۆلار پێداویستی سەربازیی ئەمەریکی کڕی کە هێلیکۆپتەرەکانی Apache و MH60 Romeo لە خۆدەگرن و لەباشترینەکانی جیهانن، بەوەش هاریکاریەی بواری بەرگریان پەرەپێدا. ئەوانە توانای بەرگری خستووەتە سەر پێکدادان لەنێوان هێزەکانی دژە تیرۆر و چەکدارەکانی داعش ڕوویداوە کە لەمیانیدا، سێ چەکدار کوژراون و حەوتی دیکەش دەستگیرکراون.

جێی باسە وێڕای ئەوەی کە سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، حەیدەر عەبادی لە کۆتایی ساڵی 2017دا، سەرکەوتنی بەسەر ڕێکخراوی داعش و دەرهێنانی سەرجەم ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەو ڕێکخراوە ڕاگەیاند، بەڵام هێشتا پاشماوەکانی داعش لە ناوچە جیاجیاکانی سنووری پارێزگاکانی کەرکووک، سەڵاحەددین و دیالە خۆیان حەشاراداوە و ناوە ناوە هێرش دەکەنە سەر هێزە ئەمنییەکان و خەڵکی مەدەنی.

عێراق.. کوژران و دەستگیرکردنی 10 چەکداری داعش لە کەرکووک



دەزگای دژە تیرۆری عێراق ڕایگەیاند کە هێزەکانیان، سێ چەکداری داعشیان لە سنووری پارێزگای کەرکووک کوشتووە و حەوت چەکداری دیکەشیان دەستگیرکردووە. لەوبارەوە گوتەبێژی دەزگای دژە تیرۆری عێراق، سەباح نوعمان ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئەوەی خستووتەڕوو کە هێزێکی دژە تیرۆر بە پاڵپشتی فڕۆکە جەنگییەکانی هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژبە ڕێکخراوی داعش، ئۆپەراسیۆنێکیان بۆسەر حەشارگەیەکی شانە نووستووەکانی ڕێکخراوەکە لە دۆڵی زەغیتون باشووری ڕۆژهەڵاتی قەزای حەویجە باشووری ڕۆژئاوای کەرکووک ئەنجامداوە.

سەباح نوعمان ڕاشیگەیاند کە شانە نووستووەکەی داعش لەو حەشارگەیەوە هێرشیان دەکردە سەر هاووڵاتیان و هێزە ئەمنییەکان. ئاماژەی بەوەیشکرد کە لەمیانی ئۆپەراسیۆنەکەدا، شەڕ و تەقینەوەیەکی بەهێز ڕوویدا کە بووە هۆی ڕووخانی چەند خانوویەک و تەقینەوەی چەند بۆمبێکی ئەنتی تانک و ئەنتی پرسۆنێل.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر: داهاتووی بەڕێوەبردنی نیشتمانەکەمان لەئەستۆی نەوەی ئێستادایە



لەپێناو زیاتر بەرز کردنەوەی ئاستی هۆشیاری و توانستی کادیران و لاوانی سنوورەکەیان و پێگەیاندنیان لەبواری جیاجیاکاندا، بە ئامادەبوونی بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و چیا محەمەد هەرکی کارگێڕی لق و بەرپرسانی حزبی و حکومی و ژمارەیەکی زۆر لەجەماوەری سنوورەکە لەمەراسیمێکی شایستەدا لەقەزای خەبات کۆتایی هێنرا بەخولێکی ڕۆشنبیری کە لێژنە ناوچەی خەبات بۆ 39 کادیری سنوورەکە کردبوویەوە.

لەدەسپێکی مەراسیمی کۆتایی خولەکەدا بەرپرسی لقی16ی هەولێر وێڕای پیرۆزبایی لە بەشدار بووانی خولەکە سوپاسی گەرمی ئەو بەڕێزانەشی کرد کە لەماوەی بەڕێوەچوونی خولەکە ئەرکی وتنەوەی وانەکانیان لەخۆگرت و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکەیان ڕاپەڕاند و ئاماژەشی بەگرنگی ئەو جۆرە خولانە کرد لەپێناو پێگەیاندنی چین و توێژە جیاجیاکان و خزمەتکردنی خەڵکی سنوورەکە، بێگومان لەداهاتودا ئەرکی بەڕێوەبردن و پاراستی نیشتمان و نەتەوەکەمان دەکەوێتە ئەستۆی نەوەی ئێستامان بۆیە پێویستە لەسەر ئێمە هەموو هەوڵێمان بۆ پێگەیاندن و پێشخستنی ئەوان بێت و داواشی لەبەشداربووانی خولەکە کرد بەهەموو توانایانەوە هەوڵبدەن ئەو زانست و زانیارییانەی لەماوەی بەڕێوەچوونی خولەکەدا لێوەی سوومەند بوونە لەژیانی ڕۆژانەیاندا پراکتیزەی بکەن و لەڕێگەیانەوە خزمەتی هاونیشتمانیانی پێبکەن.

لەکۆتایی مەراسیمەکەدا لەلایەن بەرپرسانی بەشداربووەوە سوپاس و پێزان و بڕوانامەی دەروون و ڕێزلێنان بەخشرایە مامۆستایان و بەشداربووانی خولەکە، جێگەی ئاماژە بۆ کردنە خولەکە ماوەی نزیکەی مانگێکی خایاندوو بەسەر کەوتوویی کۆتایی پێهات.

لەڕێورەسمێکدا عەلی حوسێن... بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی پیرۆزبایی یادی 109 ساڵەی ڕۆژنامەگەری تورکمان لە پێکهاتەی تورکمان کرد



لەم بۆنەیەدا عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لەپارت و لایەنە تورکمانیەکان و تەواوی پێکهاتەی تورکمان کردو ڕۆژی 2/25 بەڕۆژێکی مێژووی دانا بۆ پێکهاتەی تورکمان. لەم بۆنەیەدا کەلەهۆڵی میوانخانەی ڕۆتانا بەڕێوەچوو، ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرسانی حزبی و حکومی و پەرلەمانی و کونسڵگەری وولاتان و بەرپرسی دیسکی پارتە تورکمانیەکانی مەکتەبی پەیوەندییەکان و پارتە تورکمانیەکان ئامادەبون.

شاندەکێ مەکتەبا سکرتاریەتا ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ سەرا لقا ئێک دا



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ ئێک ب ئامادەبوونا هند کارگێران ل بارەگایێ لقێ پێشوازی ل شاندەکێ مەکتەبا سکرتاریەتا ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ کر، دڤێ ڕوینشتنێ دا گفتوگو و گەنگەشە لسەر ڕەوشا ئافراتان بگشتی و ل سنورێن هەردوو لقێن دهوک و دەوروبەران ب تایبەتی هاتە کرن، د ئالیەکی دی دا تەکەز لسەر وێ ئێکێ هاتەکرن کو ئافرەت پتر ڕۆلی خوە دناڤ بوون و ئاهنگێن مەها ئاداریّ دا بنینیت.

کۆبوونەوەکانی لێژنەی یاسایی لەسەر پێشنیازەیاسای بەرەنگاربوونەوەی بەقاچاغبردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی بەردەوامە



لێژنەی کاروباری یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان لەبارەی گفتوگۆکردنی پێشنیازەیاسای بەرەنگاربوونەوەی بەقاچاغبردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی لەهەرێمی کوردستان لەکۆبوونەوەکەدا کە بەسەرۆکایەتیی بژار کۆچەر سەرۆکی لێژنەو جێگری سەرۆکی لێژنەو ژمارەیەک لەئەندامان و ڕاوێژکارانی لێژنەکە بەڕێوەچوو، بڕگەو مادەکانی پێشنیازەیاسای بەرەنگاربوونەوەی بەقاچاغبردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی لەهەرێمی کوردستان تاووتوێکرا، ئەم پێنشازەیاسایە لەخولی پایزەی ساڵی پار 2019 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە. لەکۆبوونەوەکەدا لەلایەن ئەندامانی لێژنەی یاساییەوە چەندین تێبینی و پێشنیاز بۆ دەوڵەمەندکردنی پێشنیازی یاساکە خرانەڕوو، بڕیاریشە دوای تەواوبوونی گفتوگۆکانی لێژنەی یاسایی لەسەر پێشنیازەیاساکە، سەرجەم تێبینی و پێشنیازەکان پوخت بکرێنەوە لەچوارچێوەی ڕاپۆرتی لێژنەکەدا جێبکرێنەوە دواتریش بەپێی ڕێککارەکانی پەرلەمان ناوخۆ ڕاپۆرتی کۆتایی ئامادەدەکرێت و ئاراستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەکرێت بۆ ئەنجامدانی ڕێککارە یاساییەکانی بۆ ئەوەی خوێندنەوەی دووەم و دەنگدانی بۆ ئەنجام بدرێت.

وەزارەتی کارەبا: لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا وێستگەی هەڵمی خەبات بەکاردەخرێت

خەبات/سەید فاتیح بەرزنجی: گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خەبات ڕایگەیاند، دروستکردنی هەردوو وێستگە هەڵمییەکەی خەبات کۆتاییهاتووە و لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا بەکاردەخرێن.

ئومێد ئەحمەد، گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان، دروستکردنی هەردوو وێستگە هەڵمییەکەی خەبات کۆتاییهاتووە و هەموو هەنگاوە تەکنیکییەکان تەواوبوون، کۆمپانیای جێبەجێکار ڕاپۆرتی کۆتایی بە وەزارەت داوە و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا لێژنەیەکی بالا بۆ وەرگرتنی وێستگەکان پێکدەهێنێت. گوتەبێژەکەی وەزارەتی کارەبا ئاماژەی بەوە کرد، ئەو دوو وێستگە هەڵمییە توانای دابینکردنی 300مێگاوات کارەبایان هەیە و کەوتووتە نزیک ناحیەی کەورگۆسک و بە تۆڕی کارەبای هەرێمی کوردستانەوە بەستراونەتەوە وحکومەتی هەرێمی کوردستان 40ملیۆن دۆلاری بۆ بەکارخستنی ئەو وێستگە کارەباییانە تەرخانکردووە و لە ماوەیەکی نزیکدا بە کەمکردنەوەی ئاشکرا دەیدەنە کۆمپانیایەک بۆ ئەوەی بیخاتە کار و بەردەوام سەرپەرشتیی بکات.

کارێن ئاڤاکرنا کەمپا تایبەت بو زڤرینا خێزانێن داعش ل زومار هاتنە ڕاگرتن

خەبات/دهۆک: ئەحمەد جەعفەر، ڕێڤەبەرێ ناحیا زومار دیارکرکو پشتی سەرۆک هوزێن زومار نەرازیبوونا خوە ل سەر چێکرنا کەمپا (عەمەلە) ل عوینات بۆ خێزانێن داعش دیارکری ب فەرمانا سەرۆک هوزێن زومار و ڕەبیعە و تەلەعفەر وخەلکێ دەڤەرێ کار دچێکرنا کەمپێ دا هاتە ڕاوەستاندن وخەلکێ دەڤەرا زومار و سەرۆک هوز ڕازی نابن بەردەوامی ب چێکرنا کەمپێ بۆ زڤرینا خێزانێن داعش بهێتە دان مە ژی وەکو ئیدارا زومار ب فەرمی نەڕازیبوونا خوە لسەر زڤرینا خێزانێن داعش دیارکریە ئەم ب هیچ شێوەیەکێ ڕازی نابین چونکو دێ خێزانێن داعش تەناهیێ تێکدەن. ئاشکەرا کرکو لسەر ڕوویەری 10 هزار دونەمێن ئەردی کەمپ بۆ زڤرینا خێزانێن داعش دهاتە چێکرن هەکە بەغدا ڤێ پرۆژەی نە هەولوەشینیت دێ ئاریشەیێن مەزن ل زومار و ڕەبیعە و شنگال ڕوودەن ئەم ڕژدین ودژی زڤرینا خێزانییێن داعشێ نە وڕێ نادەین داعش ڤەگەرنە زومار. گۆت: هەتا 50% کار دچێکرنا کەمپێ دا هاتبوو کرن پتر ژ هزار خێڤەتان هاتینە دانان وخەلکێ زومار زۆر نەدرازی بوون ژڤێ پێنگافا وەزارەتا کوچ وکوچبەران چونکو ئەڤ خێزانێن داعش هەموو قونبلەیێن نەپەقاندینە هەر دەمێ دەلیڤە خوە ببینن دێ دەست ب کوشتنێ و ڕەڤاندنان وەلاتیان کەن هەروەسا ژی مەترسیەکا مەزن لسەر زومار و ڕەبیعە و سنوونێ و شنگال و سیبا شێخدرێ و گرعزیر هەموو دەڤەرێ.

دهۆک... سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان پرۆژەی وەبەرهێنانی کۆمپانیایەک دەکاتەوە



وابڕیارە ئەمڕۆ چوارشەممە د.محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، پرۆژەی وەبەرهێنانی کۆمپانیای مەحمود بۆ لە قوتوونان و بەرهەمهێنانی ڕۆن و زەیتی خواردن و دایبی و... لە پارێزگای دهۆک بکاتەوە.

لە ساڵی 2018 کۆمپانیای مەحمود بەرهەمهێنانی زەیتی خواردنی بە کردنەوەی یەک هێڵی بەرهەمێنان دەستپێکرد، لەئێستادا لە بەرهەمهێنانی زەیتدا فراوانکردنی بەخۆوە بینیوە و هێڵەکانی بەرهەمهێنان بوە بە 3 شەفتی 8 سەعاتی و بە بەرهەمهێنانی 30 تەن لە هەر سەعاتێکدا. هاوکات لەم ساڵدا 2020 زیاتر لە 18 تەن لە هەر سەعاتێکدا ڕۆنی خواردن بەرهەم دهێنێت.

کۆمپانیای مەحمود لە دهۆک لە سەرەتادا و لە ساڵی 2016 پشتی دەبەست بە دەستی کاری شارەزای تورکی کە 35 شارەزابون، لە 2020دا دوای ڕاهێنان پشتی بە دەستی کاری ناوخۆ بەستوە و ئێستا تەنها 18 دەستی کاری بیانی لە کارگەکەدا کار دەکەن، بەپێی پلانی کارگەکەش تا چوار ساڵی تر هەموو دەستی کاری ناو کارگەکە دەبێت بەخۆمالی. لەکارگەی زەیتی مەحمود 160 کەس کار دەکەن و 40-50 کرێکاری تریش کاری گواستنەوە و بە بازاڕکردن بەرهەمەکان دەکەن بۆ بازاڕەکانی ناوخۆ.

لە ئێستادا و لە هەر دەقیقەیەکدا 928 دایبی بەرهەم دهێنێت، وابڕیارشە بەرهەمهێنانی فراوان بکات بۆ شەش هێڵی بەرهەمهێنان. پرۆژەی وەبەرهێنانی مەحمود بە سەرمایەی (57924523) دۆلار لەلایەن کۆمپانیای مەحمودەوە جێبەجێکراوە و دەستەی وەبەرهێنان بە ژمارە (754) لە 2015/12/17 مۆڵەتی پێداوە، شوێنی جوگرافیی پرۆژەکە دەکەوێتە گوندی گررەش لە قەزای سمیلێ سەر بە پارێزگای دهۆک. هاوکات پرۆژەکە یەکێکە لە پرۆژە سەرکەوتوەکانی دەستەی وەبەرهێنان.

سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی بەڕێزان دەکەین کە لە ڕێورەسمی ناشتن و پرسەی خوالیخوشبوو (جمیل کریم سیدان)ی برام ئامادەبوون:

بەڕێز ڕێواس فائق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و شاندی یاوەری.

بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

بەڕێز دکتور پشتیوان صادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

بەڕێز عبدالکریم جومعە کە هەوڵویستی جوامێرانەی نواند بۆ چارەسەری کۆچکردووی لەدەرەوەی وڵات.

بەڕیز دکتۆر بەشیر خلیل حداد جیگری یەکەمی ئەنجومەنی نوینەرانی عیراق.

بەڕێز ئەحمەد کانی بەپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەڕێز دکتور محمد حاجی

بەڕێز فرسەت صوفی پارێزگای هەولێر

بەڕێز تاهیر عبدالله جێگری پاریزگای هەولێر

بەڕێز کاک نەبەز قایمقامی هەولیر.

مامۆستا مەلا عبدالله سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و جێگرەکەی و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی

بەڕێزان سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر.

کەسایەتییە ئایینی و شێخانی تەریقەت و پیاو ماقوڵان شاری هەولێر و دەوروبەری سەرجەم خزم و هاوڕێیان.

میری ئیزیدیان (میرحازم) کە پەیوەندی تەلەفۆنی پێمانەوە دەکرد.

ڕاوێژکار و بەڕێوەبەرەگشتیەکان و جێگرەکانیان و بەڕێوەبەرانی دیوانی وەزارەتەکان و فەرمانگەکان

بەریزان بەڕیوەبەری ئەوقاف و کاروباری ئایینی شاری هەولیر ودەوروبەری و فەرمانبەرانیان

بەڕێوەبەر و ئەفسەر و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و پولیسی هەولێر و هاتووچو و بەرگری شارستانی.

وەزارەتی پیشمەرگە و ئەفسەر و پیشمەرگە بەڕێزەکان.

مالپەڕی وەزارەتی ئەوقاف و (هەکارنێت) و ئەکاونتی (گوندی ماجیداوە) و تۆزە کۆمەلایەتییەکان

سەرجەم ئەو بەڕێزانەی دەڕەوە و ناوەوەی هەرێم کە بە کورتە نامە و پەیوەندی تەلەفۆنی هاوخەمی خۆیان دەربڕی.

سلام کریم سیدان
لە جیاتی بنەمالەی خوالیخۆشبوو

***

بەناوی شێخانی کانی کەوە پڕ بەدڵ سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی هەموو ئەو کەس و لایەنانە دەکەین کە لەهەردوو مەراسیمی پرسەو ناشتنی شێخ سدیق-ی ئامۆزامان بەشداربوون بەتایبەتیش سەرجەم بەرپرسانی حزبی و حکومی و سەربازی و کەسایەتی و شێخانی کوردستان و مامۆستایانی ئایینی و سەرجەم خەڵکی بەئەمەکی هاوخەمان و ئەو کەسانەش کە بەنامەو ئیمەیل پەیوەندییان پێوە کردین و لەخەمیان کەم کردینەوە. خودای گەورە پاداشتی هەموو لایەک بەخێر بداتەوە.

ڕەزا سەیدگوڵ بەرزنجی
لەجیاتی شێخانی کانی کەوە

وەزارەتی تەندروستی هێڵی گەرمی پەیوەندی کردنی بۆ هاووڵاتیان ڕاگەیاند

وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هێڵی گەرمی پەیوەندیکردنی 24 کاتژمێری بۆ هاووڵاتیان ڕادەگەیەنێت، کە لەکاتی هەستکردن بە هەر حالەتێکی گومانباوی بەتایبەتی گەشتیارانی گەڕاوە لە دەرەوەی وڵات، هاوڵاتیان دەتوانن پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنانەوە بکەن.

وەزارەت: 07714448100-07508169991
هەولێر: 07503987429-07503987429
سلێمانی: 07719471030-07701923595
دهۆک: 07514342938-07514025338
هەڵەبجە: 07731915151-07501365007 - 0538852656
گەرمیان: 07480207442
ڕاپەرین: 07705694040-07501613933
کۆیە: 07701414633-07501202218

چوار حاڵەت لە کەرکووک و یەک حاڵەت لە نەجەف تۆمار کراوە

لە شارەکانی هەرێمی کوردستان هیچ حاڵەتێکی کۆرۆنا تۆمار نەکراوە



بەدواداچوون: فاتیح بەرزنجی

لەماوەی ئەو چەند ڕۆژانەی دوایی هەموو جیهان سەرقاڵی نەخۆشی کۆرۆنایەو لە بەشێکی وڵاتانی جیهاندا بڵاوبۆتەوە، نەخۆشیەکە وێڕای ئەوەی سەرچاوەکەی لە شاری (وهان)ی چینەوە سەریهەڵداوە، بەڵام گەیشتۆتە وڵاتانی دەوروبەرو گەیشتە عێراق، تا ئامادەکردنی ئەم بەدواداچوونە لەشاری کەرکووک چوار حاڵەت و لە شاری نەجەفیش یەک حاڵەت تۆمار کراوەو لەو شارەدا پشووی فەرمی ڕاگەیەنراوە.

وەزارەتی تەندروستی عێراق باس لە بوونی چوار حاڵەتی کۆرۆنا دەکات لە شاری کەرکوک کە دەست نیشانکراوەو وەزیری تەندروستی هەرێم دکتۆر سامان بەرزنجی بۆ دەزگاکانی ڕایگەیاندن ڕوونیکردەوە: تاوەکو ئێستا هیچ کەسێک لە شارەکانی هەرێمی کوردستان گوومانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای لێ نەکراوە.

بەڕێوەبەری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش لە عێراق لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا گوتی: بڵاوبوونەوەی هوشیاری و چالاکی خۆپارێزیبیەکان و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش بەردەوام لەسەر هێڵەو بەشێوەیەکی چالاکانە کار بۆ ئەو مەبەستە دەکات و چەندین نموونەی نەخۆشمان وەرگرتووەو هەمووبان لە تاقیگەن و کارەکانمان درێژە پێ دەدەین تا دەگەینە چارەسەر و هەموو هەوڵێک بۆ ڕێگریکردن لەبڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەدەین.

پشکنینی تەواو بە شێوەیەکی ڕێکوپێک

هەرسەبارەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا دکتۆر سامان بەرزنجی وەزیری تەندروستی هەرێم گوتی: هەموو هەولێکان بەردەوامەو لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانیش پالپشتیمان لێ دەکرێت و بودجەی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکراوەو پشکنین لە دەروازەکان و لە فڕۆکەخانەکان هەیەو تا ئێستاش هیچ کەسێک لە کوردستان گومانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای لێ نەکراوەو هەموو ئەوکەسانەی کە لە وڵاتی چین دەگەڕێنەوە جیا دەکرێنەوە بۆ ماوەی 14 ڕۆژ، بەڵام زۆربەیان بەبێ هیچ نیشانەیەک چوونەتەوە نێو خێزانەکانیان و تا ئێستاش 104 گەشتیار لە چینەوە هاتوونەتەوە کە 38یان هاوڵاتی چین بوون و هەشت لەوان جیاکراونەتەوە.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی هەرێم:

دەمامکی 95N تەنیا هەشت کاتژمێر کارایە

دکتۆر محەمەد قادر خۆشناو گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی بۆ خەبات گوتی: دوای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە وڵاتی ئێران لە کوردستان نرخی دەمامک بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزکرایەوە لە 3-2 دۆلارەوە بوو بە زیاتر لە 20 دۆلارو تا ئێستاش هیچ گومان لێکراوێک و تووشبوویەک بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کوردستان تۆمار نەکراوە.

گوتیشی: هیچ کەسێک لە ئێرانەوە بۆی نییە بێتە ناو کوردستان تاوەکو مەترسییەکانی کۆرۆنا کۆتاییان دێت. ئاماژەی بەوەشدا: ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەوادا بڵاونابێتەوە تەنیا لە ڕێگەی کەسانی تووشبوو دەگوازرێتەوە، بۆیە پێویست ناکات هەموو کاتێک دەمامک بەکار بهێنێت، لە کاتێکدا دەمامکی N95 تەنیا هەشت کاتژمێر کارایەو هێڵی گەرمی 24 کاتژمێریش بۆ هاوڵاتیان دانراوە تا لەکاتی هەستکردن بەهەر حاڵەتێکی گومانلێکراو بەتایبەتی گەشتیارانی گەڕاوە لە دەرەوەی وڵات دەتوانن پەیوەندی بکەن و ڕێوشوێنەکان دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا تووندتر دەکرێن.

کەرکووک.. چوار حاڵەتی تووشبوون بە کۆرۆنا تۆمار کراوە

هاوکات دوێنێ سێشەمە وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق، تۆمارکردنی چوار تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنای لە پارێزگای کەرکووک ڕاگەیاند و بەوەش ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە کە تا ئامادەکردنی ئەم بەدواداچوونە تۆمارکراون، گەیشتە پێنج حاڵەت.

وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق ڕاگەیەندراوێکی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بڵاوکردەوە و تیایدا ئەوەی ئاشکراکردووە، جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا (Kovid-19) لە چوار ئەندامی یەک خێزانی عێراقی لە پارێزگای کەرکووک بەدی کراوە، کە پێشتر سەردانی ئێرانیان کردووە و دواتر گەڕاونەتەوە وڵات.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە چوار کەسەکە گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانە و خراونەتە ژێر چاودێری وردی تەندروستییەوە.

وەزارەتی تەندروستی و ژینگەی عێراق هەر لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەی خستووەتەڕوو کە بەپێی ڕێنمایەکانی نێودەوڵەتی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ حاڵەتەکانی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا گرتووەتەوەبەر و داواشی لە هاوڵاتیان کردووە پابەندبن بە ڕێنمایەکانی تەندروستی تایبەت بە خۆپاراستن لە ڤایرۆسەکە.

عیراق.. گرتنەبەری ڕێوشوێنی تەندروستی بۆ پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا

نەجەف

دوای ئەوەی ڕۆژی دووشەمەی ڕابردوو، یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شاری نەجەف تۆمارکرا، کاربەدەستانی عێراق زنجیرەیەک ڕێوشوێنیان لە ڕووی تەندروستییەوە بە ئامانجی پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە گرتووەتەبەر.

لە شاری نەجەف باشووری عێراق، یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا (Kovid-19) تۆمارکرا کە هەڵگرەکەی قوتابییەکی حەوزەی عیلمی نەجەفە و خاوەنی ڕەگەزنامەی ئێرانییە.

لەوبارەوە پارێزگاری نەجەف، لوئەی یاسری لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە، ئەو قوتابییە ئێرانییەی کە تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە بە مەبەستی وەرگرتنی چارەسەر گواستراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەیەک لە نەجەف و لەژێر چاودێریدایە.

لوئەی یاسری باسی لەوەشکردووە کە ڕێوشوێنی تەندرستی لە نەجەف گیراوەتەبەر بۆ ئەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا زیاتر لە شارەکەدا بڵاونەبێتەوە بۆ ئەو مەبەستەش، پشکنین بۆ سەرجەم ئەو قوتابیانە دەکرێت کە پێشتر لەگەڵ قوتابییە ئێرانییەکەدا بوون لە شوێنی حەوانەوەکەی.

پارێزگاری نەجەف، لوئەی یاسری داوای لە حکوومەتی فیدرال کرد کە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی نەجەف بە ڕووی هاتنی ئێرانییەکان بە تایبەتیش قوتابیانی زانستە ئیسلامییەکان دابخات و ئیتر ڕێگەیان پێ نەدات ڕوو لە عێراق بکەن.

لەلایەکی دیکەوە بەڕێوەبەرایەتی پەروردە لە پارێزگای نەجەف ڕایگەیاند کە بە هۆی تۆمارکردنی یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، دەوامی قوتابخانەکان لە پارێزگاکە تا کاتێکی نادیار ڕاگیراوەو لە سەرجەم قوتابخانەکان پشووە.

لە ڕاگەیەندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی پەروردە لە پارێزگای نەجەف ڕایگەیاند کە بەڕێوەبەری گشتی پەروردە، عادل بەسیسی بڕیاریداوە دەوامی فەرمی لە سەرجەم قوتابخانەکاندا تا کاتێکی نادیار بکرێت بە پشوو، بۆ ئەوەی تیمەکانی تەندروستی بتوانن ڕێوشوێنی زیاتر بگرنەبەر بە ئامانجی پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە نەجەف.

دیوانییە

لای خۆیەوە بەڕێوەبەرایەتی پەروردە لە پارێزگای دیوانییە لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە کە تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ بۆ قوتابیانی پۆلەکانی یەکەم تا چوارەمی سەرەتایی تەنیا لە ڕۆژانی سێشەمە و چوارشەمە ئەنجامدەدرێن بۆ قوتابیانی پۆلەکانی پێنجەم و شەشەمی سەرەتاییش لە ڕۆژانی سێشەمە، چوارشەمە و پێنجشەمە ئەنجام دەدرێن، ئەوەش بەهۆی ئەوەی ڕۆژی دووشەمەی ڕابردوو یەکەم حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە شاری نەجەف تۆمارکرا.

کەربەلا

هاوکات پارێزگاری کەربەلا، نەسیف خەتابی ڕایگەیاندووە، هاوڵاتییەکی سعودی لەگەڵ هاوڵاتییەکی ئێرانی بەهۆی ئەوەی لەو وڵاتانەی کە تیایاندا ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکراو سەردانی کەربەلایان کردووە، کەرەنتین کراون.

نەسیف خەتابی لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕەتیکردەوە کە هیچ حاڵەتێکی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کەربەلا تۆمار کرابێت.

ئەنبار

هەر لەوبارەوە شانەی قەیرانی تایبەت بۆ بەدواداچوون بە دۆسیەی کۆرۆنا لە پارێزگای ئەنبار بڕیاردا لەمەودوا ڕێگە نەدرێت سەردانی نەخۆشخانەکان بکرێت لە نەخۆشخانەکاندا.

شانەی قەیرانی تایبەت بۆ بەدواداچوون بە دۆسیەی کۆرۆنا لە پارێزگای ئەنبار ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا داوای لە هێزە ئەمنییەکان کردووە بەتوندی مامەڵە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەن کە هەواڵی ناڕاست و پڕوپاگەندا سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئەنبار، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاو دەکەنەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە لە سنووری پارێزگای ئەنبار تەنیا بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی پارێزگاکە دەتوانێت لێدوانی تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بدات بە تایبەتیش، ئەگەر هەر حاڵەتێک لە ئەنبار بەدی بکرێت.

جێگەی وەبیرهێنانەوەیە ڕۆژی یەکشەمەی ڕابردوو دەستەی دەروازە سنووریەکانی عێراق ڕایگەیاندبوو کە لەچوارچێوەی گرتنبەری ڕێوشوێنەکان بۆ پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، قەدەغەکردنی هاتنی ئێرانییەکان بۆ 15 ڕۆژی دیکە درێژکراوەتەوە.

هەروەها وەزارەتی گواستنەوەی عێراق ڕایگەیاندبوو کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، سەرجەم گەشتە ئاسمانییەکانی لە بەغدا و نەجەفەوە بۆ ئێران هەڵپەساردووە.

هێڵی گەرم بۆ پەیوەندیکردنی خێرا

هاوکات وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هێڵی گەرمی پەیوەندیکردنی 24 کاتژمێری بۆ هاوڵاتیان ڕادەگەیەنێت، لەکاتی هەستکردن بە هەر حاڵەتێکی گومانلێکراو بەتایبەتی گەشتیارانی گەڕاوە لە دەرەوەی وڵات هاوڵاتیان دەتوانن لە ڕێگەی ئەم ژمارانەوە لە سەرجەم هەرێمی کوردستانەوە پەیوەندی بکەن.

دیوانی وەزارەتی تەندروستی
07508169991
07714448100
هەولێر
07503987429
سلێمانی
07718204444
07718205555
دهۆک
07514025338
07514342938
هەڵەبجە
07501365007
07731915151
0538852656
گەرمیان
07480207442
ڕاپەرین
07705694040
07501613933
کۆیە
07501202218
07701414633






د. محەمەد قادر: ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەوادا بڵاونابێتەوە تەنیا لە ڕێگەی کەسانی تووشبوو دەگوازرێتەوە

ژن هەردەم مل ب ملێ زەلامی راوەستایە ل هەمبەر هەر ئاستەنگەکێ

راپۆرت/ شیراز چاربوتی

ئافرەت ل دیرۆکێ سیاسی و کلتوری کوردیدا هەردەم رۆلێکی ئەکتیف هەبووە و هیچ رووداندکی سیاسی و جڤاکی نەبووە بێ پشکداریا ئافرەت ب رێڤە چووبیت.


هیڤیا نێرویی


یوسرا عەلی


بارین حسن

مافپەروەر هیڤیا نێرویی بو خەبات دەلێ: رولێ ئافرەتێ لناف جڤاکی وەک دبینین هەمی گاڤا ژنا کورد رولەکێ گرنگ هەبویە دناف جڤاکێ کوردەواری ل سەردەمێ میرنشینا و شورەشان و تا نوکە خدان بزاف و شیان بویە و شیایە وەک زەلامی حکم رانیێ بکەت و بریارێن خو بدەت ب ئازادانە و مل ب ملێ زەلامی کارێ قورس بکەت.

د ژیانا روژانەدا ل چیا و دۆل ونهال وەک کاڤانیا مالێ و پەروەردا زاروکان شیایە رولێ خو ببینیت دناف جڤاکی دا د کاودانێن سەخت و دژوار ل ئاوارەیێ ل ناف شورەشێ و هەر دیسان شیایە رولێ خو ببینیت ل ناف جڤاکێ مەیێ نوکە دا ژنێن خدان هێز وشیان هەنە کاردکەن ل هەمی بوارێن ژیانێدبواری ئیداری وحزبی وسیاسی و هونەری و راگەهاندنێ رولێن زور ئەکتیف هەبویە، لێ هندەک جاران ناستەنگ هەنە دبنە ریگر کو ئەڤ ژنە نەشێت هێزا خو دیار بکەت لناف جڤاکی دا ژبەر هندەک داب ونەریتێن پاشکەفتی وبتایبەت جڤاکێ عەشائیریێ داخراو کو زور ژن و کچ هەنە خدان شیان لێ نەشێن بەشدارین دهەمی رولێن ژیانێ دا ژبەر ریک نەدانا جڤاکی و لومەکرنا خەلکێ کیم رەوشەنبیری کو جڤاکێ عەشائیری هێشتا مەزنتر لێ بهێت تاوی رادەی ئەو ژنا دناف عەشیرەتێ دا گرێدایە بداب و نەریتێن کەڤن کو هندەک کارێن ژنێ ب شەرمزاری دانن و هەروسا رولێ ئاغا گیریێ دناف عەشیرەتێ دا دبیتە ئاستەنگ و ریگرب و بەشداربونا ژنێ دکارێن سیاسی کو ب جاڤەکێ بچیک دبینن وەسا دیار دکەن کو ژنێ ئەو شیان نینە و مەترسی ژێ دبین کو هێزا ژنێ ژ هێزا ئاغایی عەشیرێ دژیت رولێ وێیێ لەوازە ب تایبەت بەرابەر وان کەسێن دناف عەشریێ ئەوێن رولێ خو دناف دەست هەلاتا حکومی و حزبی هەی چ رولی نادەنە ژنێ ئەگەر چەندا بهێزبیتڤان کەسان نەڤێت ئەف ژنە رکابەریا وان بکەن دناف عەشیرێ کو ئەڤە خالەکا زور یامەترسیە سەر ئازادیا ژنێ و دەربرینا وێ ژ ناخێ خو و شیانێن خو لناف جڤاکی وعەشیرێ دا ببینیت، لێ هندەک ژن هەنە زور نازانە زور گرنگیێ نادەنە رولێ عەشائری وکارتێکرنێ سەر ژیانا وان بکەن وەک نوکە دبینین ژن یارکابەریا زەلامی دکەت ل کارێن ئیداری وسیاسی وحزبی وهەروسە کارێن هونەری وراگەهاندنێ زور رولێ خو دیتیە وشیایە رولەکێ بهێز لسەنگەرێن شەری دا بینیت مل بملێ پێشمەرگەی وەزگایێن حکومی وەک پولیس وئاسایش وهەروەسا بەشداریا ژنێ درێکخراویێن مروڤایەتی ودرێژکرنا دەستێ هاریکاریێ بو ئاواران و خەلکی پێتڤی هاریکاری کو خودبین بەرپرس ژ هەمی تەخێن جڤاکی.

یوسرا عەلی، روژنامەڤان بو خەبات گوت: باوە ییکرن کو زەلام بکاروباریت مەزنترە، ئەم باوەی زور خەلەتە، و ئەم باوە ییکرن کەش نابیت تنی لە ناو جفاکەکی تەنک. لەبەر ئەوی ئیمە داخواز دەکەن لە هەمو کەسیک شیان، بەری خو بدەت ئەم جفاکی تەنک، بو ئازادی کرنەوی لە ئەم هزری تەنک.

روژنامەڤان لی زیدەکر بو خەبات کوت: لە مافێن شنا کو خوش برن بیت زلایی مافێن خو و ئیمە سوپاسیا مروڤایەتی مونەزەما دەکەین چونکە ئەوان هەر دەم هەول دەکەن بو باشبون حالی زنا، ودویرانی نیزیک دەکەن بەینی مافێن زن وزەلام .

بارین حسن، چالاکڤان دبوارێن ژناندا بو خەبات دەلێ: ئافرەت و جڤاک زانایەک دبێژیت ئەگەر تەبڤێت چڤاکەک پێش بکەڤیت ب سێ جورین کەسا دێ جڤاک پێش کەڤیت ئێک گرنگی دان ب ئافرەتێ دو گرنگی دان ب ماموستایا سێ گرنگی دان ب زانایا چونکە ئەڤ هەرسێ کەسە بناغێ درست بونا پەروەردا جڤاکینە. ئافرەت ستین و بناغا هەر جڤاک و هەر مللەتەکێیە دڤێت ئافرەت بیتە خودان پێگەو پێناسەیەکا مروڤانەتر و شایستەتر هەر ئەڤرو دڤێ هەرێمێدا بحس لهندێ داهەیە کو ئافرەت باشترین بژینیاکو ئەم هزر تێدا دکەین ژبەرکو ئافرەتێن بەهرەمەندین بهێز هەنە دگوپیتکا پێگەهاندنێدا لێ وەکو پالپشتیەکا پێتڤی بونا هێتەکرن و ئەنجامدان پێتڤیە هزر دئاڤاکرنا ئافرەتێدا هەبیت چونکە ئافرەت دایکە.

وزیدا کر بو خەبات گوت: زیدەترە. دمێژویا رزگاری خوازا گەلێ کورد ب سەدان ئافرەتان مل ب ملێ زەلامان د مەیدانا خەبات و تێکوشانێدا جانێ خوە کریە قوربان بو بدەستڤە ئینانا ئەرک و مافێن مللەتێ کورد. ئافرەتێ رولەکێ تایبەتیێ هەی دکار و کریارێن روژانەییێن ژیانێ دا، ل کارین سیاسی دا ژی بێ بەش نەبونە رولەکێ تایبەت هەبویە. جڤاک تا رادەیەکێ بەرەڤ پێش چویە رێژەیەکا زورا ئافرەتان ل دام و دەزگەهێن حزبی و میری کاردکەن. ئافرەتێن چالاکڤان بەرەڤ زێدەبونێنە. نمونە وەرزشڤان و روژنامەڤان پەیامنیر و فوتوگرافەر و راهێنەر بهزاران ئافرەت ل مول و مارکێت بازارێن جوداجودا کاردکەن بو بدەستڤە ئینانا داهاتێ روژانەیێ بژێویێ ژیانا خو جهێ شانازییێە جڤاکێ مە بەرەڤڤان هەمی سەرکەفتنا چویە و مەزن دبێژن زەلام فروکەیە و ژن پەروانەیە کەواتە ژن نەبیت ژیان نابیت.

پێویستی راهێنانی کچان و کوڕانی خێزان لە کاری ماڵەوە



راپۆرت/ پەریهان عومەر

ڕەوتی ژیان وایە کە منداڵانی ئەمڕۆ لە داهاتوو خێزان بەڕێوەببەن و ئەرکی ماڵێک لە ئەستۆ بگرن. پێکهێنانی ژیانی خێزانی، جیابوونەوە لە خێزان بە هۆی هاوسەرگیری، کار یان خوێندن و ...تد وایکردووە کە ئەو ڕاهێنانە زیاتر بە هەند وەربگیردرێت و ڕەگەز نەناسێت، چونکە ئێستا بۆ کوڕانیش هەمان چارەنووسی تەنیا ژیان بەڕێکردن هەیە و پێویستە دایکان بێ جیاوازی منداڵەکانیان لە فێربوونی هەندێ ئەرکی سەرەتایی ماڵەوە ڕابێنن.

کارزان عەبدوڵڵا، هاوڵاتیەیەکی گەنجە و ڕای خۆی بەمشێوەیە دەخاتەڕوو: ژیانی ئەمڕۆ بە بەراورد بە ژیانی پێشوتر ئەرکی زیاترە. دایکانی ئەمڕۆ تەنیا لە ماڵەوە نین و وەک پیاو نیوەی ڕۆژ لە دەرەوە سەرقاڵی کارن. کەواتە کات بۆ ڕاپراندنی ئەرکەکانی ماڵەوە بۆیان کەمبۆتەوە و هەروەها سەرقاڵی لە دەرەوە و هەمیش ماڵداری و منداڵ زۆر زەختی ژیان دەخاتە سەرشانیان. پێویستە تێگەیشتن هەبێت کە ئەم ئەرکانە بە تەنها بۆ یەک کەس ئەبێتە بارگرانییەکی زۆر، بۆیە پێویستە گیانێکی هاوکاری لە نێوان هاوسەران یان هەر یەک لە ئەندامانی ماڵەوە بێ جیاوازی هەبێت. واتە کوڕ کارە سەرەتاییەکانی کچ بزانێت و کچیش بە هەمان شێوە هی کوڕ واتا هیچ شەرمە نییە کە کچێکیش بزانێت دوو بورغی تۆند بکاتەوە یان کاری باخچە و ... بکات کە ئەوکات بە ژیانی داهاتوویان ئەبێتە هۆی یارمەتیدانی یەکتر لە هەر بارودۆخێک کە دێتە پێش لە ژیانی هاوبەشیان.


ڕاوێژ خلیل، حەزدەکات بە وردی باس لەو بابەتە بکات و دەڵێت: بە بڕوای من بێگومان لەسەر دایک پێویستە بەشێوەیەک کچەکەی پەروەردە بکات هەر لە منداڵییەوە پشت بەخۆی ببەستێ و خۆی ئیش و کارەکانی خۆی ڕاپەڕێنێت و لە سادەترین شتدا هەوڵنەدا چاوی لەدەستی کەسانی دیکە بێت بۆ یارمەتیدانی، بەڵکو خۆی پشت بە تواناکانی خۆی ببەستێ جا لە هەر بواردا بێت. بەکوردییەکەی خۆمان دەستو پێ سپی دەرنەچێ. من پێموانییە کە ئێللا دەبێ بە ڕەقەم تەمەنێک دیاری بکەین بۆ کامڵبون چونکە هەڵبەت هیچ کەسیک نییە لە دونیادا تەواو و کامڵ بێت لە هەموو ڕوویەکەوە، بەڵام هەر لەسەرەتاوە پێویستە لەسەر دایک کچەکەی خۆی هەم لە ڕووی ئەقڵ و دەروون و تەنانەت جەستەش پێبگەیەنێت ئینجا بیری منداریکردن بخاتە میشکیەوە، هەموو زەحمەتی و خۆشی و ناخۆشی و ئاستەنگەکانی پیشان بدات ئەزموونی خۆی و چواردەورەکەی نیشان بدات بۆ ئەوەی بەیانی شتەکان لای کچەکە نامۆ نەبێ، کاتێک دەست بە ژیانی خۆی دەکات. ناکرێ تەنها خەیالی خۆش خۆشی بۆ دروست بکەیت و وێنای دنیاییەکی پەمەیی بۆ بکەی، و ناشکرێ تەنها ئاستەنگ و ناخۆشییەکانی نیشان بدرێت و دنیاکەی لەبەرچاو بخەی، بەڵکو دەبێ تێگەیەنرێ ژیان بریتییە لە هەر دوو باری خۆشی و ناخۆشی، بۆیە لای من تەمەن دایکیان نادەن! زۆر جار مەبەستیان خۆ ناسککردنەوە و خۆ بەنازەدرخستنە. لەوە زیاتر دەرناچێ دەنا ئەمە شتێک نییە شانازی پێوە بکرێ.

سافیە محەمەد ئیلیاس، لەو بارەوە دەڵێت: بێگومان هەر یەک لە ئێمە بەڕاستی پێویستە فێری بەرپرسیاریەتی بکرێین، تا بتوانین بە ئاسانی ئاستەنگەکانی بەردەمان تێپەڕێنین. ژیان لەسەر یەک ڕەوت بەردەوام نییە و دەبێت ڕابێین لەسەر پێی خۆمان بوەستین. لەسەر دایکان پێویستە پێش ئەوەی کچەکانیان فێری ماڵداری بکەن پەروەردەیەکی جوانیان بکەن، بێگومان ئەگەر کچەکان بتوانن فێری بەرپرسیارێتی و ماڵداری کردن بن هیچ ئەو ئەرکانە ئەنجام بدەن و هەندێکی تریش هەیە تەمەنێکی دەوێت تاکو بتوانێت تەنها پشت بەخۆی ببەستێت، من بە ڕەئی خۆم پێمباشە لەسەروی 16تا 20 سالی هەموو ئەو شتە سەرەتاییانەی کە پێویستە دەبێ بە خۆی هەوڵبدات فێریان ببێ. ئەوە بیرکردنەوەیەکی زۆر هەڵەیە شانازی ئەوە نییە تۆ بڵێی من نازانم هیچ خواردنێک ئامادە بکەم یان هیچ ئیشێک نازانم، کێشە نیە ئەگەر یەکێک بڵێ من خواردنم ناخۆشە ، بەڵام کێشەکە ئەوەیە بەر لە هەوڵدان بڵێی من نازانم خواردن دروست بکەم و شانازیشی پێوە بکەیت، پێمواییت کۆمەڵگای ئێمە دەیانەوێت لاسایی وڵاتی دیکە بکەنەوە و دەیانەوێت وەکو ئەوان بژین، بەڵام ئەمە هەڵەیە چونکە هەر جیگایەک و کلتوور و دابونەریتی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆیە هیوادارم بەڕێگایەکی دروست بیربکەنەوە شانازی لە نەزانین دا نیە بەڵکو لە هەوڵدان و ماندوو بوون دایە. ژیانی ئەمڕۆ وایە کچ و کوڕ دەبێت خۆی کاری تایبەتی خۆی ڕاپەڕێنیت، جگە لەوەش هەموو لە یەک ماڵدا دەژین و دەبێت بە دایک و باوک و کچ و کوڕ هاوکار بن بۆ ئەرکی ئەو ماڵەی تیا دەژین.

زیاد خەسرۆ میکائیل، سەرنجی خۆی هەیە لەسەر ئەو باسە و دەڵێ: بەتێپەڕبوونی کات شێوازی ژیانکردن ئەگۆڕیت، بۆیە لەسەر مرۆڤ واپێویستە لەگەڵ گۆڕینی شێوازی ژیانکردن خۆی بگونجێنێ و یارمەتیدەربێت بەتایبەت کوڕان لە یارمەتیدانی خێزان و ماڵەوەیان لە ئەنجامدانی کاروبارەکان، بۆ ئەوەی بتوانی ژیانی سادە و خۆش بۆخۆت و بۆ خێزانەکەت دابینبکەیت کە بێگومان زۆر یارمەتیدەرە. بۆ نموونەلە ئەندامانی ماڵەوە کە کاری ماڵەوە ئەنجامدەدەن وەک دایک، خوشک، خێزان، ئەبێت ئێمەی کوڕانیش خۆمان ڕابێنین لە کاروباری ماڵەوە بۆ ئەوەی بتوانێ یارمەتیان بدەین، بەتایبەت ئەو کاتانەی کە ئەوسێ ئەندامانەی گرنگی خێزان نەخۆش ئەکەون و ناتوانن کاری ماڵەوە ئەنجام بدەن یان ئەوا خۆمان بە هۆی خوێندن یان کار بێت گەر دوور لە خێزانماینەوە و تەنیا ژیاین ئەوا بتوانین خۆمان بەڕێوەببەین، هەر بۆیە ئێمەی کوڕان ئەبێت لە هەموو ڕوویەکەوە یارمەتیدەریان بین. من خودی خۆم بە شانازییەوە یارمەتی دایکم و خێزانم ئەدەم لە ئەنجامدانی کاری ماڵەوە و بە کارێکی پیرۆزیشی ئەزانم. لەکۆتایدا ئەڵێم ژیان بەیەکەوە جوانە و یارمەتیدەری ئەندامانی خێزان بدە لە کاروبارەکانی ماڵەوەدا.



هۆکارەکانی دواکەوتنی قسەکردن لە منداڵدا و ڕێگەچارەکان



خەبات: وریشە عومەر

دکتۆرە ڕێزان شێخ ئەحمەد پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵان و ناکامی منداڵ دەربارەی هۆکارەکانی دواکەوتن و چارەسەر و ڕێنماییەکان قسەی بۆخەبات کرد و گوتی: سەرەتا پێویستە دەستنیشانی ئەوە بکرێت کە هۆکارەکە چییە منداڵ قسە ناکات، پاشان ئەگەر هۆکارەکە چارەسەری هەبوو ئەوە چارەسەری دەکرێت و نەخۆشەکە ڕزگاری دەبێت. هەندێکیش هەیە بە هۆی هەڵەی پەروەردەکردنەوە قسەکردنی دوا دەکەوێت، ئێمە دەبێت چەند ڕێنماییەک بدەینە دایک و باوکان، بۆئەوەی لە سەرجەم کاتەکان سودی لێوەربگرن و منداڵەکانیان توشی دواکەوتنی قسەکردن نەبن:

ڕێنمای و ئامۆژگاری بۆ دایکان و باوکان:

-کەمکردنەوەی سەیرکردنی تەلەفیزیۆن و ئامێرە ئەلکترۆنییەکان.

- پێویستە منداڵ تەنها بە یەک زمان یان یەک زاراوە قسەی لەگەڵ بکرێت.

- دەبێت دایک و باوک و منداڵانی دیکەی خێزانەکە بەردەوام قسەی لەگەڵ بکەن و گفتوگۆی لەگەڵ ئەنجامبدەن بە یاریکردن بێت یاخود بۆ کاری ڕۆژانە ئەمەش لە جیاتی سەیرکردنی تیڤی زۆر سودبەخش دەبێت.

- فێرکردنی وشەکان لە لایەن دایک و باوکەوە، واتە ڕۆژانە منداڵەکە فێربکرێت کە وشەکان بڵێتەوە، ئەمەش بەشێکە لە بنەمای چارەسەر.

- یاریکردن و تێکەڵبوون لەگەڵ منداڵانی دیکە، بۆ نمونە چوونە باخچەی ساوایان.

- هاندانی منداڵ لەسەر قسەکردن و هاوکاریکردنی بەوەی وشەکان بڵێت کاتێک دەیەوێت بە ئاماژە شتێکی بۆ بکەین.

- دەبێت لەسەرخۆ و بە هێواشی ئەو کارانە ئەنجامبدەین و پەلەپەل نەکەین.

لە دوماهیدا ئەو پسپۆڕە زیاتر گوتی: ئاسایە قسەکردنی منداڵ دوابکەوێت، بەڵام ئاسای نییە فەرامۆش بکرێت بۆیە دەبێت هەرکات هەست کرا منداڵ قسەکردنی دواکەوتوە بە زووترین کات سەردانی پزیشکی تایبەت بکرێت و هۆکارەکەی دیاری بکرێت و چارەسەری پێویستی پێبدرێت.

دابڕانی بایۆلۆژی..
ئایا چین بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە جیهان دادەبڕێت؟





د. سامان سۆرانی

ئەگەر دەوڵەت زلهێز نەبێت کاریگەریی لەسەر جیهان نابێت و دەکەوێتە ژێر فشاری گەورە. زلهێز باوەڕی بە بێ لایەنی نیە. ئەو پێی وایە، یان لەگەڵ ئەوی یان دژمنی ئەوی. بلاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە چین و گواستنەوەی بۆ ژمارەیەک لە وڵاتانی جیهان دیببەیتێکی گەرمی سەبارەت بە کاریگەری ئەم "قەیرانە بایۆلۆژیە" لەسەر ڕۆڵی چین لە جیهان وروژاندووە.

بلاوبوونەوەی کۆرۆنا لە کاتێکدایە چین هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتە گەڕ بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی جیهانی خۆی لە ڕێگەی پڕۆژەی "پشتێن و ڕێگا" و پەرەپێدانی توانا سەربازیەکانی.

لە بەرامبەردا دیدگایەکی ئەوروپی هەیە، کە پێی وایە ئەم ڤایرۆسە نسکۆیەکە بۆ فراوانخوازی چین. بەڵام چین، ژمارەی دانیشتوانی لە 20/2/2020 گەیشتۆتە 1,401,630,000کەس، پێی وایە ئەم قەیرانە دەچێتە خانەی ئەو کارەساتە سروشتیانە، کە هاوشێوەی لافاو و ڕەشەبا و ئاگرکەوتنەوەیە لە جەنگەڵەکان و پاش ماوەیەکی کورت گوزەر دەکەن و لە بیر دەچنەوە.

چین پێی وایە پاش زاڵبوون بەسەر ئەو کارەساتە کوشندەیە دەتوانێ بە هێزەوە بێتەوە ناو مەیدان. چین ئەم قەیرانە بەدەرفەتێ دەبینێت بۆ دووبارە بونیادنان و بەهێزکردنی یەکگرتوویی ناوخۆی وڵاتەکەی. ڕاستە چین لە ڕووی خۆڕاگری بەرامبەر بە قەیرانەکان. چین بەتوانایە و هەماهەنگی کردووە لەگەڵ دەوڵەتە بیانییەکان بۆ گواستنەوەی خێرای دانیشتوە بیانییەکان لە شاری ووهان.

چین نەخۆشخانەی 1500 قەرەوێلەیی لە ماوەی 10 ڕۆژ دروستکرد، بەڵام ئەم ڤایرۆسە کۆمەڵی کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر ڕۆڵی چین لە جیهان، لەوانە:

سستبوونی گەشەکردنی ئابووری و دابەزینی گەشەکردنی بەرهەمی گشتی ناوخۆ بۆ کەمتر لە 5% لە چارەگی یەکەمی ساڵی 2020و دابەزینی ڕێژەی فرۆشتن بۆ 7%تا 8%.

بە پێچەوانەوە ئەم ڤایرۆسە کەرتی بەرهەمەکانی، کە لە ڕێگەی ئینتەرنێت دەفرۆشرێن دەبووژێنێتەوە.

کۆمپانیاکان ڕێگە بە هاوڵاتیان دەدەن، لە ماڵەوە کاری کۆمپانیاکان ئەنجام بدەن، ئەمەش شێوازێکی نوێی بەکاربردن و ژینگەیەکی نوێی کاری لەناو کۆمەڵگەی چین هێناوەتە کایەوە.

فۆبیای چینی لە ژمارەیەک لە وڵاتان بەرزبۆتەوە، بە تایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا، بە هۆیەوە لە شەقامەکان بە ئاشکرا هێرش دەکرێتە سەر هاوڵاتی چینی، لە بەرامبەردا چەندین وڵات هاوسۆزی خۆیان بۆ دەوڵەتی چین پیشاندا و هاوکاری مرۆییان پێشکەشی کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا متمانەی وەبەرهێنەران جێگیرە، بانکی نێودەوڵەتی لە 4ی شوباتی 2020 ئاشکرای کرد، دەسەڵاتی چین پانتاییەکی سیاسەتی گشتی لەبەردەستە بۆ وەڵامدانەوە. بەڕێوەبەری جێ بەجێکردنی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، کریستالینا ئیڤانۆڤا جۆرجیڤا ووتی، سندووقی دراو پالپشتی هەوڵەکانی پەکین دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئەوان لەو باوەڕەن، ئابووری چین هێشتا بەهێزە و توانای باشتربوونی هەیە.

لە دیدی ئێمەوە بە هۆی بلاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە ڕۆڵی چین لە جیهان کەم بێتەوە، چینیەکان دەڵێن، گرفتەکان یەکگرتوویی نەتەوە زیاد دەکەن و سەختیەکانی ژیان تاقیکردنەوەن.

پەکین توانی ئەو تاقیکردنەوەیە تێپەڕێنێت، بە هۆیەوە هۆشیاری هاوڵاتیانی چین لە مەڕ مەترسیە نائاساییەکان و چۆنێتی ڕێگریکردنی و میکانیزمیەکانی مامەڵەکردن لەگەڵیدا زیادی کرد. هەندێ ئابووریناس پێیان وایە بلاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا جۆرە شەڕێکی ئابووری ئەمریکا بێت بۆ پەکخستنی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهان، تاوەکو هەلی کار لە ئەمریکا زیاد بکات.

ئەمریکا لەو ڕێگەیەوە مەبەستیە هەژموونی خۆی بەسەر ئابووری چین دا بسەپێنیت، چونکە بەهۆی گەشەسەندنی ئابووری چین لە ماوەی ڕابووردوو شارەزایان مەترسی سەرهەڵدانی شەڕێکی ئابووری گەورەیان دەکرد. بەڵام چین لەم قۆناغەدا پێداچوونەوە بە گرفتەکانی دەکات بۆ ئەوەی بە قوڵی کار لەسەر چاکسازی بکات و بەردەوام بێت لە پەرەپێدان و زاڵبوون بەسەر ئالنگاریە بایۆلۆژی و ئابوریەکان.

با هەموومان پاڵپشتی پلان و بەرنامەی چاکسازی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بین





زیرەک ڕواندزی

لە هەر وڵاتێکدا کاریزمایەک هەیە بۆ ئەوەی خزمەت بە گەل و نیشتمان بکات، لە هەرێمی کوردستانیش ئەو کاریزمایە دەرکەوت و کەوتەکار ئەویش ڕێزدار کاک "مسرور بارزانی " سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە. مەسرور بارزانی چەندین ساڵ لە بواری پاراستنی هێمنی و ئارامی و ئاشتی هەرێمی کوردستاندا خزمەتی کردووە، دواجار بەشداری ڕاستەوخۆی بەڕێزیان بوو لە شەڕی ڕووبەڕووبوونەوەی دژی تیرۆرستانی داعش کە پاڵەوانانە و خۆنەویستانە لەبەرۆکی شەڕدا ئامادەبووەو کوردستان و هاووڵاتییانمانی لەم دڕندانە پاراست.

ڕوونە حکومەتێکی وەک سوریا و عێراق کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەیانتوانیوە ناوچەکانیان لە داعش پاک بکەنەوە سەرەڕای هەموو ئەو هێزی و پالپشتی و پشتیوانیکردنەیان، بەڵام دەبینین کە هەرێمی کوردستان هێمن و ئارامە دوور لە تیرۆر و ترس و دڵەڕاوکێ، دانیشتوو و هاووڵاتیانی کوردستان ئەمڕۆ ئازادانە و ئازایانە تێبیدا ژیان دەگوزەرێنن.

کار و کردەوە و سیاسەت و خەبات و پەیوەندیە دیپلۆماسییەکانی مەسرور بارزانی بۆ هەموانە، هەموومان لەبەر سێبەرەکەی پشوو دەدەین و ژیان دەکەین. لە کات و ساتی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان باش لەبیرمە بەڕێزیان گوتی: "ئەوڵەویەت کار و بەرنامەمان، خزمەتکردنمانە بە هاووڵاتیانمان". لەم سۆنگەیەوە گۆڕانکاریە ئیداریەکان و سەربازیەکانیش بەکردار ئەوەمان نیشاندەدات کە کەسانێکی پڕۆفشنالّ و پڕ ئەزموون و خاوەن بڕیار دانراون، مەبەست لەم کەسانە ڕوون و ئاشکرایە کە من و تۆی هاووڵاتی سوودمەند دەبین.

هەروەها هەموو ئەو بڕیارە گرنگانەی کەوا لەم کابینەیە دراون بۆ زیاتر ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و بەرە و پێشچوونیەتی و ئامانجی زیاتریش خۆشگوزەرانی هاووڵاتییە، وەک ڕێکخستنەوەی دەوامی کوردستان باش لەبیرمە بەڕێزیان گوتی: "ئەوڵەویەت کار و بەرنامەمان، خزمەتکردنمانە بە هاووڵاتیانمان". لەم سۆنگەیەوە گۆڕانکاریە ئیداریەکان و سەربازیەکانیش بەکردار ئەوەمان نیشاندەدات کە کەسانێکی پڕۆفشنالّ و پڕ ئەزموون و خاوەن بڕیار دانراون، مەبەست لەم کەسانە ڕوون و ئاشکرایە کە من و تۆی هاووڵاتی سوودمەند دەبین.

هەروەها هەموو ئەو بڕیارە گرنگانەی کەوا لەم کابینەیە دراون بۆ زیاتر ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و بەرە و پێشچوونیەتی و ئامانجی زیاتریش خۆشگوزەرانی هاووڵاتییە، وەک ڕێکخستنەوەی دەوامی فەرمانبەران و نۆژەنکردنەوەی ڕێگاوبانەکان و وەرگرتنەوەی قەرزی کۆمپانیاکان و بڕینی کارەبای تەجاوز و ... هتد.

هەموو ئەمانە و چەندین بڕیاری تر حکوومەتی هەرێمی کوردستان هاتنە ئاراوە و کەوتنە بواری جێ بەجێ کردن.

لەبەر ئەوەی هەرچەند سەرۆکی حکوومەتی کوردستان بەهێز و لێهاتوو و لێزان بێت، بەڵام بێشک پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگی خەڵکی کوردستانیشە.

هەڵبەت پالپشتی و هاوکاری هاووڵاتیان و حیزبە سیاسییەکان بۆ ئەم حکوومەتە دەرخەری یەکگرتوویی و یەکبوونمانە و زامنکردنی کوردستانێکی بەهێز و بردنی بۆ کەنارێکی ئارامتر مسۆگەر دەکات .

پڕۆشکی ئاگر و ماڵوێرانی و ئاوارەیی و دەستوەردانی حکوومەتە زلهێزەکانی جیهان و پێشبڕکێی چەکە قورسەکانیان و تاقیکردنەوەیان لە میللەتە ڕەش و ڕووت و خێرلەخۆزنەدیوەکەی دەوروبەرمان، ڕۆژانە بە بەرچاوی هەموو جیهان ڕوودەدات کەسیش نوقەی لێوەنایەت جگە لە دیفاعکردن نەبێت لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان هیچی تریان لێ بەدی ناکرێت، ئاشکرایە کە بە دڕیژایی میژوو هەرچی کاولکاری و بەدبەختی هەیە لە میژووی جەنگەکاندا بەرامبەر بە ئێمەی کورد کراوە بەڵام ؟!.

لە ئێستادا کە سەردەمی چەکە پێشکەوتووەکان و دووگمە سۆرەکانی جەنگە و شەڕ، شەری نەوت و مسۆگەرکردنی ئابووریەکی بەهێز و کاولکردن و گەڕاندنەوەی وڵاتانی بەرامبەریانە بۆ دواوە، ئەوانەی کە لەم جەنگەن و ئەم ماراسۆنە دەیانگێڕتەوە، لە لایەکی تر شەر، شەری زیاتر ڕەخساندنی هەلی کارە بۆ خۆیان و ناچارکردنی وڵاتانی تر بە هاوردەکردنی کاڵاکانی خۆیان، تەرک کردن و بایکۆتکردنی کاڵای وڵاتانی نەیاریان ، دەریا و زەریا و ئاسمان و بست بە بستی خاک بووەتە شوێنی ئەم جەنگانە.

تازە بەتازە بەچکە (حیزبەکان) و کۆمەڵە کەسانێک بە فیت و هوتافی ناڕەوا دەیانەوێت ئەم ئەزموونە بشێوێنن و ڕەوشی نالەباری دەوروبەرمان بە تایبەت بەغدای بێ ساحێب و بێ حکومڕان بگوازنەوە بۆ ئێرە ... ئاخر لێرە و لەم هەرێمە حکوومەت و دامەزراوە و حکومڕان و خاوەنی هەیە، لێرە دایکی شەهید و باوکی شەهید و قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران و زیندەبەچاڵەکان و شەهیدانی دوێنێی شەری داعش و پالەوانانی داستانی سحێلا و پردێ و .....هتد هەیە و زامنی دەستکەوتەکانی هەرێم دەکەن. کەچی هەندێک کەس بەپینە و پەڕۆی چەند مانگێک لەمەوبەر و هەڵوەشاوەی دوێنێ و پەرتەوازەبوونی ئەمڕۆی کادیر و ئەندامانیان، تازە دێن وەک بلّقی سەر بوونی خۆیان بخەنەڕوو. بێ ئەوەی لەخۆیان بپرسن ئایا هەرێمی کوردستان لە کوێی ئەم شەڕەیە.

شاراوە نییە، ئەگەر بە پێی پلان و نەخشەی بەشێک لە وڵاتان و بگرە خیانەتکارانی ناوخۆشمان بووایە، دەبوو ئێستا هەرێمی کوردستان یان لە ژێر دەستی تیرۆرستانی داعش بووایە، یانیش تەختی زەوی دەبوو وەک بەشێکی خاکی سوریا و عێراق، یانیش قوربانی پێشبڕکێی وڵاتانی زلهێزی بەرژەوەندخوازی جیهان بوو، بەڵام پێچەوانەی هەموو ئەم پلانانە ئێستا هەرێمی کوردستان ئەستێرەیەکی لێهاتوو و پێشکەوتووە لای هەموو جیهان لە کۆربەندی داڤۆس و کۆنفرانسی میونشن ئەم ئەگەرانە دەرکەوتن و ڕوونتر دیدار و کۆبوونەوە و گەشتە دیپلۆماسییەکەی سەرۆکی حکوومەت دەرخەری زامنکردن و گەشەسەندنی هەرێمی کوردستانن لە ڕووی ئەمنی و ئابوورییەو.

جالەبەر خەبات و هەوڵ و تێکۆشان و پلان و پرۆگرامی کابینەی نۆیەمی حکوومەت و خودی سەرۆکی حکومەت، وادەخوازێ ئێمە وەکو میللەت شان بەشانی حکوومەتی هەرێم لەپێناوی بەرژەوەندی گشتی خاک و خەڵکی کوردستان پێویستە دوورلە ئینتیمای حزبایەتی با هەموومان پالپشتی حکوومەت و پلان و بەرنامەی چاکسازی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێن لە هەموو بوار و سیکتەرێکدا.

www.xebat.net
چوار شەممە 2020/2/26 ژمارە (5941)
خەبات

ون بوون

ناسنامەی پێشمەرگەی فەرماندەی سلێمانی یەکەی ٨٠ بەناوی مقدم محمد احمد حمەخان ون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

تنويه

ورد في جريدة (خەبات) بالعدد ٥٨٨٥ في ٢٠١٩/١٢/٤ تاريخ محضر تثبيت الملكية في ٢٠١٩/١١/١٠ خطاوا والصحيح هو ٢٠١٩/١١/١٩ لذا اقتضى التنويه

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٢/٢٣

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (ڕێکان نادر مصطفى) لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/٢٠ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (ڕێگای گوێر) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- چواردانە کۆمپرێسەری بەستان و ساردکردن ژمارە/ EK١٣E٠٠٩٤٢R - EK١٣E٠٠٩٣٠R - EK١٣E٠٠٩٣٨R - EK١٣E٠٠٩٣١R دروستکراوی امریکین مۆدێل ٢٠١٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٤*K.W٧,٥ چواردانە فابرێتەر و چواردانە ڕادێتەر.

***

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە دووبارە بەکرێ دانەوەی شوێنی نووسینگەی (فۆتۆکۆپی) لەناو بینایەی بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرەی هەولێر/١ بۆ ماوەی (١) ساڵ بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی یاسایی ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەموارکراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (١٥) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

د. کمال طيب قادر
بەڕێوەبەری گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە/ ٢١٣/ب٤/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٢٣

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (ارام ادهم اسماعيل)

داواکار (محمود نشات رسول) داوای ژمارە ٢١٣/ب٤/٢٠٢٠ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری گەرەکی ٩٩ی زانکۆ و مامۆستایانی زانکۆ/ پارێزگای هەولێر) بۆیە دادگا بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت بە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە بۆیە دەبێت ئامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/٣/٩ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپاشملە.

دادوەر/ کاوە صدیق حسین

***

وەزارەتی پێشمەرگە
ئەمینداری گشتی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی گرێبەستەکان

ژمارە: ١-٣٣/٤
ژمارە: ٢
بەروار:٢٠٢٠/٢/٢٣

بانگەوازی ژمارە (٢)ی سالی ٢٠٢٠
کەمگەری نهێنی ژمارە (٢)ی سالی ٢٠٢٠

وەزارەتی پێشمەرگە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گرێبەستەکان ئاگاداری گشت کۆمپانیاکان دەکاتەوە بۆ بەشداریکردن لە کەمگەری گراوە بۆ دابین کردنی ئازووقەی ووشکە لە (ئارد و چا) بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ

مەرجەکان:

١- کۆمپانیای بەشداربوو دەبێت بەڵێننامەی دەستنوسی گرێنتی تەندەر پێشکەش بکات (التعهد الخطي الضمان للعطاء) کە پەسندکراو بێت لەدادنووسی وەزارەتی پێشمە رگە.
٢- نرخی فرۆشتن تەندەر (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار دیناری عێراقیە کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی
٣- کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی کۆمپانیای براوە
٤- هێنانی بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا و هێنانی ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت
٥- گەڕاندنەوەی تەندەر دەبێت لەناو زەرفێکی داخراو بێت و مۆرکراوبێت.
٦- فرۆشتنی تەندەر دەست پێ دەکات لە ڕۆژی (٢٠٢٠/٢/٢٥) تاکو (٢٠٢٠/٣/١٠) لەبارەگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی گرێبەستەکان لە (هەولێر – هەولێری نوێ) لە کاتژمێر (٨:٠٠) بەیانی تاکو (٢:٠٠) پاش نیوەڕۆ.
٧- ڕۆژی کردنەوەی تەندەر لە بەرواری ٢٠٢٠/٣/١٥ دەبێت لە بارەگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی گرێبەستەکان.
٨- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نییە بەکەمترین نرخ لەبەرامبەر کوالێتی و ماوەی جێبەجێکردن.
٩- بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە ژمارەی تەلەفۆنی (٠٧٥١١٨٧٦٠٠٩)

بەڕێوەبەری گشتی گرێبەستەکان

***

زانکۆی هەولێری پزیشکی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

ژمارە: ٢/١

ئاگاداری کەمکردنەوە
ژمارە (٤)

سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێر پزیشکی بانگهێشتی گشت کۆمپانیاکان دەکات بۆ بەشداری کردن لە کەم کردنەوەی نهێنی بۆ مەبەستی پرۆژەی (نۆژەنکردنەوەی تاقیگەی توێکاری لە کۆلێژی پزیشکی) سەر بە زانکۆکەمان کە نرخی کڕینی تەندەر (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دیناری عیراقیە و ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە تەندەرەکەیان بۆ دەردچێت.

* فرۆشتنی تەندەرەکان لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەست پێدەکات.
* دواکات بۆ گەڕاندنەوەی تەندەرەکان ماوەی (١٥) ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەبێت تا کاتژمێر (١٠) بەیانی.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا.
٢- پێشکەش کردنی پاکانەی بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت.
٣- ئەو کۆمپانیایانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان لەهەر پلەیەکی پۆلێنکردن دا بێت وە پسپۆر بێت و شارەزایی هەبێت لەبواری دیزاین و دروستکردنی بینایە بە بەڵگەنامەی فەرمی پسپۆریان بسەلمێنن وە پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرایەتی کوردستان) یان پێ بێت.
٤- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە (٩٠) نەوەد ڕۆژی تەقویمیە.
٥- سزای دواکەوتنی ڕۆژانە بەپێی برگەی (سێیەم)ی ماددەی (٨٢) لە ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٦ ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومیەکان دیاری دەکرێت.
٦- دەبێت کۆمپانیا پابەندبێت بە بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستە بەرکردنی تەندەر (التعهد الخطي) لەگەڵ زانکۆکەمان.
٧- ئەو کۆمپانیایانەی لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆماری بێنێت لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانییەوە)
٨- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن هەڵسن بە ئامادەکردنی (CV) Curriculum Vitae) ی کۆمپانیاکە کە تیایدا ناوی کۆمپانیا و ژمارەی ئەو پرۆژانەی کە ئەنجامی داوە و ئەو شوێنەی کە پرۆژەکە تێدا ئەنجامدراوە.
٩- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان پابەند نییە بەکەمترین نرخ.
١٠- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان هیچ تحفظێك قبوڵ ناکات.
١١- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان بۆی هەیە ئەو تەندەرە الغاء بکاتەوە پێش دەرچوونی نووسراوی سپاردنی کارەکە.
١٢- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژی تەقویمیە لەبەرواری داخستنی تەندەر.
١٣- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.
١٤- گەڕاندنەوەی تەندەر لە بەڕێوەبەرایەتی یاسایی دەبێت و لەناو زەرفێکی داخراو کە ناوی مۆری کۆمپانیای لەسەر بێت لەگەڵ دیاری کردنی ناوی کە مگر یە کە .

بەڕێوەبەرایەتی کاروباریی یاسایی

***

زانکۆی هەولێری پزیشکی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

ژمارە: ٢/١

ئاگاداری کەمکردنەوە
ژمارە (٣)/ بۆ جاری دووەم

سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێر پزیشکی بانگهێشتی گشت کۆمپانیاکان دەکات بۆ بەشداری کردن لە کەم کردنەوەی نهێنی بۆ مەبەستی پرۆژەی (نۆژەنکردنەوەی چەند ژوورێك و یەکەیەك لەناو ڕاگرایەتی کۆلێژی پزیشکی) سەر بە زانکۆکەمان کە نرخی کڕینی تەندەر (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دیناری عیراقیە و ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە تەندەرەکەیان بۆ دەردچێت.

* فرۆشتنی تەندەرەکان لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەست پێدەکات.
* دواکات بۆ گەڕاندنەوەی تەندەرەکان ماوەی (١٥) ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەبێت تا کاتژمێر (١٠) بەیانی.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا.
٢- پێشکەش کردنی پاکانەی بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت.
٣- ئەو کۆمپانیایانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان لەهەر پلەیەکی پۆلێنکردن دا بێت وە پسپۆر بێت و شارەزایی هەبێت لەبواری دیزاین و دروستکردنی بینایە بە بەڵگەنامەی فەرمی پسپۆریان بسەلمێنن وە پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرایەتی کوردستان) یان پێ بێت.
٤- ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە (٩٠) نەوەد ڕۆژی تەقویمیە.
٥- سزای دواکەوتنی ڕۆژانە بەپێی برگەی (سێیەم)ی ماددەی (٨٢) لە ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٦ ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومیەکان دیاری دەکرێت.
٦- دەبێت کۆمپانیا پابەندبێت بە بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستە بەرکردنی تەندەر (التعهد الخطي) لەگەڵ زانکۆکەمان.
٧- ئەو کۆمپانیایانەی لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆماری بێنێت لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانییەوە)
٨- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن هەڵسن بە ئامادەکردنی (CV) Curriculum Vitae) ی کۆمپانیاکە کە تیایدا ناوی کۆمپانیا و ژمارەی ئەو پرۆژانەی کە ئەنجامی داوە و ئەو شوێنەی کە پرۆژەکە تێدا ئەنجامدراوە.
٩- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان پابەند نییە بەکەمترین نرخ.
١٠- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان هیچ تحفظێك قبوڵ ناکات.
١١- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان بۆی هەیە ئەو تەندەرە الغاء بکاتەوە پێش دەرچوونی نووسراوی سپاردنی کارەکە.
١٢- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژی تەقویمیە لەبەرواری داخستنی تەندەر.
١٣- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.
١٤- گەڕاندنەوەی تەندەر لە بەڕێوەبەرایەتی یاسایی دەبێت و لەناو زەرفێکی داخراو کە ناوی مۆری کۆمپانیای لەسەر بێت لەگەڵ دیاری کردنی ناوی کە مگر یە کە .

بەڕێوەبەرایەتی کاروباریی یاسایی

***

زانکۆی هەولێر پزیشکی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

ژمارە: ٢/١

ئاگاداری کەمکردنەوە
ژمارە (٢) / بۆ جاری دووەم

سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێر پزیشکی بانگهێشتی گشت کۆمپانیاکان دەکات بۆ بەشداری کردن لە کەم کردنەوەی نهێنی بۆ مەبەستی (کڕینی کورسی ددان و ئامێری لێزەر بۆ کۆلێژی پزیشکی ددان) ی سەر بە زانکۆکەمان کە نرخی کڕینی تەندەر (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دیناری عیراقیە بۆ هەر یەکێکیان وە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە تەندەرەکەیان بۆ دەردچێت.

* فرۆشتنی تەندەرەکان لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەست پێدەکات.
* دواکات بۆ گەڕاندنەوەی تەندەرەکان ماوەی (١٥) ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەبێت تا کاتژمێر (١٠) بەیانی.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا.
٢- پێشکەش کردنی پاکانەی بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت.
٣- دەبێت کۆمپانیا تایبەتمەندبێت بەبواری ئامێر و کەل و پەلی پزیشکی.
٤- دەبێت کۆمپانیا پابەندبێت بە بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستە بەرکردنی تەندەر (التعهد الخطي) لەگەڵ زانکۆکەمان.
٥- سزای دواکەوتنی ڕۆژانە بەپێی برگەی (سێیەم)ی ماددەی (٨٢) لە ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٦ ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومیەکان دیاری دەکرێت.
٦- ماوەی پرۆژە (٩٠) نەوەد ڕۆژی تەقویمیە.
٧- ئەو کۆمپانیایانەی لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆماری بێنێت لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانییەوە)
٨- بەڵگەنامەی کاری هاوشێوە پێشکەش بکات.
٩- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان پابەند نییە بەکەمترین نرخ.
١٠- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان هیچ تحفظێك قبوڵ ناکات.
١١- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان بۆی هەیە ئەو تەندەرە الغاء بکاتەوە پێش دەرکردنی نووسراوی سپاردنی کارەکە.
١٢- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژی تەقویمیە لەبەرواری داخستنی تەندەر.
١٣- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.
١٤- گەڕاندنەوەی تەندەر لە بەڕێوەبەرایەتی یاسایی دەبێت و لەناو زەرفێکی داخراو کە ناوی مۆری کۆمپانیای لەسەر بێت لەگەڵ دیاری کردنی ناوی کە مگر یە کە .

بەڕێوەبەرایەتی کاروباریی یاسایی

***

زانکۆی هەولێر پزیشکی
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی

ژمارە: ٢/١

ئاگاداری کەمکردنەوە
ژمارە (١) / بۆ جاری دووەم

سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێر پزیشکی بانگهێشتی گشت کۆمپانیاکان دەکات بۆ بەشداری کردن لە کەم کردنەوەی نهێنی بۆ مەبەستی (کڕینی ئامێر و پێداویستی تاقیگەیی بۆ کۆلێژی دەرمانسازی)ی سەر بە زانکۆکەمان کە نرخی کڕینی تەندەر (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دیناری عیراقیە بۆ هەر یەکێکیان وە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە تەندەرەکەیان بۆ دەردچێت.

* فرۆشتنی تەندەرەکان لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەست پێدەکات.
* دواکات بۆ گەڕاندنەوەی تەندەرەکان ماوەی (١٥) ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەو ئاگادارییە دەبێت تا کاتژمێر (١٠) بەیانی.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی دامەزراندنی کۆمپانیا.
٢- پێشکەش کردنی پاکانەی بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەت.
٣- دەبێت کۆمپانیا تایبەتمەندبێت بەبواری ئامێر و کەل و پەلی پزیشکی.
٤- دەبێت کۆمپانیا پابەندبێت بە بەڵێننامەی نووسراو بۆ دەستە بەرکردنی تەندەر (التعهد الخطي) لەگەڵ زانکۆکەمان.
٥- سزای دواکەوتنی ڕۆژانە بەپێی برگەی (سێیەم)ی ماددەی (٨٢) لە ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٦ ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە حکومیەکان دیاری دەکرێت.
٦- ماوەی پرۆژە (٦٠) شەست ڕۆژی تە قو یمیە .
٧- ئەو کۆمپانیایانەی لە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆماری بێنێت لەلایەن (بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانییەوە)
٨- بەڵگەنامەی کاری هاوشێوە پێشکەش بکات.
٩- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان پابەند نییە بەکەمترین نرخ.
١٠- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان هیچ تحفظێك قبوڵ ناکات.
١١- سەرۆکایەتی زانکۆکەمان بۆی هەیە ئەو تەندەرە الغاء بکاتەوە پێش دەرکردنی نووسراوی سپاردنی کارەکە.
١٢- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (٩٠) ڕۆژی تەقویمیە لەبەرواری داخستنی تەندەر.
١٣- هیچ تەندەرێك دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت.
١٤- گەڕاندنەوەی تەندەر لە بەڕێوەبەرایەتی یاسایی دەبێت و لەناو زەرفێکی داخراو کە ناوی مۆری کۆمپانیای لەسەر بێت لەگەڵ دیاری کردنی ناوی کە مگر یە کە .

بەڕێوەبەرایەتی کاروباریی یاسایی

***

دادگای بەرایی شارەزوور

ژمارە: ١٣٨/ب/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢٣

ئاگاداری

داواکار: برهان حمەرشيد حمەفرج بریکارەکەی
پارێزەر: عبدالرحمن محمد محمود
داوالەسەرکراوان: ١- هند حسين احمد ٢- الاء حسين احمد

بۆ داوالەسەرکراوان (١- هند حسين احمد ٢- الاء حسين احمد) کە ئێستا ناونیشانتان نادیارە دادگا ئاگادارتان دەکات کە داواکاری سەرەوە داوای بەرایی ژمارە (١٣٨/ب/٢٠١٩) لەرێی بریکارەکەیەوە لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردبوو کە تیایدا داواکاربوو کە موڵکی ژمارە (١/١٠٥١ کەرتی ٤ زراین و کانی ڕەش) تۆمار (تمليك) بکرێت بەناویەوە لە تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی شارەزوور بۆیە ئەم دادگایە لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/١٦ بڕیاری دا بەپابەندکردنتان بە تۆمار (تمليك) کردنی موڵکی ژمارە (١/١٠٥١ کەرتی ٤ زراین و کانی ڕەش) بەناوی داواکار وە لەبەر ئەوەی کە ناونیشانتان نادیارە دادگا لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە ئاگادارتان دەکات بەناوەڕۆکی بڕیارەکە وە ئێوەش مافی تانەلێدان و پێداچوونەوەتان هەیە بە بڕیارەکەدا ئەگەرنا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادوەری یەکەم/ سوزان عبدالله صالح

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:١١٨/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٧

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (سرمند حنا ايلو الحياني)
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠٢٠/٥/٦ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبێت بەرامبەر دادگا.

دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:١١٩/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٧

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (شوکران بيرول)
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٢٩٢ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠٢٠/٥/٦ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبێت بەرامبەر دادگا.

دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:١٢١/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٧

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (بيريفان عبدالرحمن رمضان)
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٧ لە یاسای توندوتیژی خێزانی لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠٢٠/٥/٥ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبێت بەرامبەر دادگا.

دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:١٢٠/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٧

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (١- محمود خلف عيسى ٢- هيرش مروان عيسى)
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارتان بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتبارن بەپێی ماددەی ٢ لە یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێری پەیوەندیەکان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠٢٠/٥/٥ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبێت بەرامبەر دادگا.

دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:١/ك/٢٠١٧
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٧

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (يارا ايات الله قاسم)
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٢٩٢ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٢٢ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبێت بەرامبەر دادگا.

دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای کەتنی عەنکاوە

ژمارە:١٠١/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٧

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (صفاء محمد شنشل سلطان)
ئاگادارکردنەوە

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە ماددە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٢٩٢ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠٢٠/٤/١٦ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبێت بەرامبەر دادگا.

دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٤

ژمارە:٥٩١٥/ش٤/٢٠١٩
ڕێکەوت:٢٠٢٠/٢/٢٠

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (جاسم محمد حمزە)
شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (استبرق باسم محمد) داوای ژمارە (٥٩١٥/ش٤/٢٠١٩)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفريق للضرر) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (شاهان ستی) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٣/١٥ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادوەر/ صباح حسن رشيد

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٢/٢٣

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (طه بدرالدين نعمة الله) لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/٢٠ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (٤٠م فلكەی حی شرطە) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- سیستەمی ریساکلینی ئاوی بەکارهاتوو بێ ژمارە دروستکراوی محلي مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠ نوێ.
٢- غەسالەی شوشتن و ووشکردن ژمارە/ ٠١٧٢٧٤٦٢٠٠١٥٠٣١٠٠٩٩ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ توانای A١٠ نوێ
٣- میکنەسەی ڕاکێشانی تۆزوخۆل بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای A٥.
٤- سێ ماتۆی دەفعی ئاو و شوشتن بێ ژمارەن دروستکراوی ئیتالین مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٣*K.W٧,٥
٥- بوتڵی گرتنەوەی شامپۆ ژمارە/٦١٥٧ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ ٥ بار ٨٠ لتر توانای K.W١
٦- سیستەمی ئاگر کوژێنەوە بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٣ ١٠ بار ٣٠٠ لتر تانکی و مضخە
٧- کۆمپرێسەری هەوایی دوو پارچەیی ژمارە/ AII١١٣٧٨٧ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ توانای K.W٥,٥

***

دادگای باری کەسینەی سۆران

ژمارە : ٣٦٢/اعتراضيە/٢٠١٨
ڕێکەوت : ٢٠٢٠/٢/٢٤

بۆ/داوالێکراو(سعيد محمد عمر)
شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە
پێراگەیاندن

داواکار (ناصحە محمد شريف) داوای ژمارە (٣٦٢/ اعتراضيە/٢٠١٨) لەسەرت تۆمار کردووە لە دادگاکەمان کە تیایدا داوای (بژێوی) دەکات و لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بە مەبەستی ئامادەبوونت لە دادبینی ڕۆژی (٢٠٢٠/٤/١٢) بۆیە پێویستە لەسەرت کە خۆت یان بریکارت لە ڕۆژی دیاریکراو کاتژمێر (١٠:٠٠)سەر لە بەیانی لە دادگاکەمان ئامادە بن بۆ دادبینی ئەگینا دادبینی بە پاشملە و بە پێی یاسا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادوەر / محمد عبدالرحمن قاسم

***

هەلی کار

ئێمە وەکو کۆمپانیای (دڵبا دەیری بۆ بەرهەمهێنانی شیرەمەنیەکان) پێویستیمان بە (١) کرێکار هەیە بە مەبەستی کارکردن هەر کەسێك ئارەزووی کارکردنی هەیە باراستەوخۆ سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کار بەشی کرێکاری خۆماڵی بکات کە دەکەوێتە ڕێگای مخمور پشت مزگەوتی خدر سوارە یاخود پەیوەندی بکات بە ژمارە تەلەفۆنی (٠٧٥٠٣٩١٢٩٤٩)

ناونیشانی کار/ بەڕێوەبەری وەبەرهێنان
ژ.هەلی کار/ ١
مووچە/ ٧٠٠,٠٠٠
ڕەگەز/ نێر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین وبەدواداچون

ژمارە / ٨٩٧
ڕێکەوت / ٢٠٢٠/٢/٤

بڕیاری سڕینەوەی کۆمپانیای (سنووردار)

دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (نەورۆز / بۆ بازرگانی گشتی - هاوردە وهەناردە / سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی (١٧٧) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سڕینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ ماددەی (١٦٠) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ ی هەموارکراو ئەم بڕیارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠٢٠/٢/٤

أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

ڕێقەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا
ل پارێزگەها دهۆکێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار

ژمارە: ٦/٣٠٠/١/١
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٢/١٨

ئاگەهداری

لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ رادگەهینیت کو سەرئێك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (٤) قەپانێن سەوزەو مێوە لسەر پارچێن ئەردی ژمارە (٥٦٢٦/١ و ٥٦٢٧/١ و ٥٦٢٨/١ و ٥٦٢٩/١) کەرتی ٦٣ بەردەرەش مەزن ب روویەرێ هەر ئێك ژوان (٩٠٠) م٢ بشێوێ مافی بەرخوری (مساطحة) بو ماوێ (١٦) شازدە سالا و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێدا بکەت ژبلی فەرمانبەر و پێشمەرگە و هێزێن نافخویی بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا بەردەرەش بکەت د ماوێ ٣٠ سیڤ روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا بەردەرەش دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.

ئەندازیار/ دیار بحری رسول / ڕێقەبەرێ گشتی

***

ئاگاداری

وەزارەتی دارایی و ئابوری هەڵدەستێت بە بەکرێدانی روبەری (کابینە) لەسەر پارچەزەوی ژمارە(٢١) کەرتی (١٦) ی پەرۆژخان بەمەبەستی دروستکردنی (چێشتخانە) لەناوحەرمی پەرۆژخان بە زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ی هەموارکراو ی ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٨٦, جا هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیاد کردنەکە سەر لە بەڕێوەبەرایەتی خانوبەری میری گەرمیان بدات لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا کەدەست پێدەکات لەدوای بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە ،سەعات (١٠) ی سەرلە بەیانی بەمەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەکی پێبێت.

تێبینی //کرێی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی زیاد کردنەکەی بۆ دەردەچێت.

مکرم فتاح محمد
بەڕێوەبەری خانوبەری میری گەرمیان
٢٠ / ٢ / ٢٠٢٠

***

سەروکایەتیا باژێرڤانیا خانکی
مولکایەتی

ژمارە/ ٨٥/٣٣١/٣٢/٣٢
میژوو/ ٢٠٢٠/٢/٢٥

ئاگەهداری

لدیڤ نڤیسارا ڕێقەبریا باژێرڤانییێن پارێزگەها دهۆکێ/ نەخشێن بنیاتی یێ ژمارە ١٣٠٦ ل ٢٠٢٠/٢/٢٣ و نڤیسارا ڕێقەبریا نەخشە دانانا ل پارێزگەها دهۆکێ یێ ژمارە ٣٥٠ ل ٢٠٢٠/٢/٢٠ سەبارەت بە نەخشە روهنکری پارچا ئەردی یا ژمارە ١٥/١ کەرتێ ٢٠ مام شڤان کو مولکیەتا وێ لسەر ناڤێ سەروکاتیا باژێرڤانیا خانکی و گشت روبەرێ وێ لدیڤ وینێ تومارێ ٣ دۆنم و ٣ ئولك و ٤٩,٠٤ ڕەگەزێ وێ (خزمەتگوزاری) لدیڤ نەخشێ ژمارە ٢٨٠A بۆ هەوە دیار دکەن ڕەگەز گونجایە بۆ دانانا هولا تازیا ئەڤجا ئەڤ نەخشە روهنکری دێ هێتە راگەهاندن و هەرکەسێ پێشنیارەك هەبت یان بەرهنگاریەك ل سەر وی نەخشە راستڤەکری دا نەخشە ناڤبری دا ژ هەوولاتی و فەرمانگەهێن میری و جهێن پەیوەندیدار بلا داخوازیێن خو ئاراستەیی سەروکاتیا باژێرڤانیا مە بکەن د ماوێ ٣٠ روژان دە هەر روژا بەلاڤکرنێ ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێدا و بەری نەخشە بهێتە پەسەندکردن ژ لایێ جڤاتا باژێرڤانیا مە ڤە هیڤیە.

ئەندازیار/ حمود غربی حسن
سەروکێ باژێرڤانیا خانکێ

***

بەرێوەبەرایەتی ئاوی راپەرین
راگەیاندن

ژمارە/ ٣٦/٨١٣
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٢٣

ئاگاداری

ئامادە بەنووسراوی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار/ بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ دارایی-بودجە بە ژمارە ٤٢٦٠ لە بەرواری ٢٠١٩/٥/١٤ و نووسراوی بەرێوبەرایەتی گشتی ئاوو ئاوەڕۆ/بەشی ئامێرەکان بە ژمارە ٢٣٠٤ لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٢٦ و دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی بە نووسراویان ژمارە ٤٢٧١ لە بەرواری ٢٠١٩/٤/٢٥ بەرێوەبەرایەتی ئاوی راپەرین هەلدەستێت بە فرۆشتنی ٢ تانکەری ئاو لە جۆری ئەنتەرناشنال لە فەرمانگەی ئاوی قەلادزێ و تانکەری جۆری ڤالڤۆ کە تەنها شانصیە مۆدیل ١٩٨٢ لە فەرمانگەی ئاوی حاجیاوا لە موزایەدەیەکی ئاشکرا. ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٢٠/٣/٨ کاتژمێر ١٠ سەر لەبەرایی هەرکەسێك دەیەوێت بەشداری بکات با سەردانی بەشی راگەیاندنی بەرێوەبەرایەتی ئاوی راپەرین بکات بۆ دەست پێکردنی موزایەدەکە لەگەل دانانی بارمتەی یاسایی لە ٢٠٪ لە هەمان ڕۆژدا.

تێبینی کرێی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت دەبێت لەماوەی ٧ ڕۆژ پارەکە بدات.

ئەندازیار/ سلام عمر بابکر
بەرێوەبەری ئاوی راپەرین

***

سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای بەرایی سلێمانی / ١

ژمارە / ٢٦٠٦ / ب / ٢٠١٥
بەروار / ٢٨ / ١ / ٢٠٢٠

ئاگاداری

پشت بەستن بە بریارێك کەلەم دادگایە دەرچووە لەبەرواری ٦ / ٩ / ٢٠١٦ سەبارەت بە نەهێشتنی هاوبەشەکان لەسەر مولکی ئاماژە بۆکراو لە خوارەوە هاتووە بە فرۆشتنی لەبەر ئەوەی شیاوی بەشکردن نەبوو لە نێوان هاوبەشەکانی لەبەر ئەوە ئەم مولکە دانرا لە زیادکردنێکی ئاشکرا بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە دوای بڵاوکربونەوەی ئەم ئاگاداریە لە ڕۆژنامەیەکی ڕەسمی دا وەلەبەر ئەوەی هەرکەسێك ئارەزووی کرینی هەیە لە هاوبەشەکانی یان هەرکەسێکی تر بێجگە لە هاوبەشەکانی سەردانی ئەم دادگایە بکات بەمەرجێك ١٠٪ ی بارمتە بهێنێ لە نرخی خەملێنراو ئەگەر هاوبەشەکانی نەبوو بەڵام ئەگەر لە هاوبەشەکانی بوو لێی ئەبورێت بەپێی ئەو بەشەی کە هەیەتی لە مولکەکە لەکاتی تەواوبونی ماوەی یاساییدا لە کات ژمێر (١٢) ی نیوەڕۆ دواهەمین ڕۆژی زیادکردنەکە دەست پێ دەکات و ڕەوانەی بنبریش بۆ ئارەزوومەندی کۆتایی بە پەیانەکەیەوە ئاشکرا دەکرێت ئەگەر ڕۆژی زیادکردنەکە بەر پشوی ڕەسمی کەوت ئەوا ئەو ڕۆژەی کە دێت بە ڕۆژی زیادکردن دادەنرێت ڕەسمی تۆمارکردن و بانگەوازیش لەسەر کریارە

* شوێنی زیادکردنەکە / دادگای بەرایی سلێمانی

* ژمارەی مولك و وەصف و جۆر و نرخەکە:-

٢٠٠/٣٩٥ کەرتی (ملکندی – دباشان) ڕوبەرەکەی (٣٢٠) مەترە بریتی یە لە دوو خانوو بە نارەسمی جیاکراوەتەوە، خانوی یەکەم بریتی یە لە خانوویەکی سێ نهۆمی، نهۆمی زەمینی لەیەك ژووری نووستن و میوان و مطبخ و مشتملات،نهۆمی یەکەمیش بە هەمان شێوەی خوارەوە، نهۆمی دووەمیشی لەیەك ژوری نوستن و مشتملات، ئەم بەشە چۆڵە کەسی تێدانیە پلەی دروست کردنی باشە ژمارەی خانوو ٢١ کۆڵان ٧٥ گەڕەك ١ ڕووبەری ئەم بەشە ١٦٠ مەترە نرخی زەوی و بینای ئەم بەشە خەملێنراوە بە (١٩١٠٠٠٠٠٠) سەد و نەوەد و یەك ملیۆن دینار ئەم بەشە بابەتی داواکەیە لە نێوان وەرەسەکاندایە.

وە خانووی دووەمیش بە ناوی (أحمد فائق أحمد) ە تەنها شەریکە سەهمە پەیوەندی بە وەرەسەکانی خانوی یەکەم نیە ئەم بەشەش دوو نهۆمە نهۆمی زەمینی لەیەك ژووری نوستن و میوان و مطبخ و مشتملات، نهۆمی سەرەوشی یەك ژووری نوستن و مشتملات، پلەی دروست کردنی مام ناوەندیە ڕوبەری ئەم بەشەش ١٦٠ مەترە نرخی زەوی و بینای دانراوە بە (١٧٦٠٠٠٠٠٠) سەد و حەفتا و شەش ملیۆن دینار، ناوبراو خۆی ئەم بەشەی خۆی هەڵدەگرێتەوە ئەگەرنا وەك کرێچی تیادەمێنێتەوە ژمارەی خانوو ٢٣ کۆڵانی ٧٥ گەڕەك ١ ئەم مولکە کەوتۆتە خوار مزگەوتی نالی لە عقاری.

کۆی گشتی زەوی و بینای هەردوو خانووەکە دانرا بە (٣٦٧٠٠٠٠٠٠) سێ سەد و شەست و حەوت ملیۆن دینار.

تێبینی / دەبێت بارمتەکە بەچەکی مصدق یان کەفالەتی مصرفی بێت لە بانکی ئەزمەر وە پێناسەی باری شارستانی خۆی پێ بێت .

دادوەری یەکەم / اسماعیل عمر احمد

Crescent Petroleum

Job Vacancy

Position Title	**Procurement Officer**
Direct Supervisor	Procurement Supervisor
Department	Supply Chain
Job Location	Khormor – Kurdistan region of Iraq
Job Reference: PO/SC/Mar /20	

Job Summary and Scope of Responsibilities

MAJOR FUNCTIONS

Handle a wide and complex variety of procurement duties related to material and equipment purchases. The role requires a good technical and commercial experience in order to be able to perform purchasing activities from local and international sources.

Primary Duties and Responsibilities

ESSENTIAL FUNCTIONS

1. Focal point to receive Materials and Service Requests (MR), conducting procurement functions in response, following all company policy and requirements.
2. Carry out procurement function in a professional and ethical manner ensuring that all Materials Requests and deadlines are met in line with defined work-scopes and timelines.
3. Ensure all procurement activities fully comply with company's Code of Business Conduct.
4. Compile Procurement/MR documents obtain relevant approval, and coordinate with Warehouse/Inventory Control and Supply Chain & Contracts Manager to decide on procurement.
5. Issue RFQs, bid tabulation, bid clarification, Negotiate price and delivery for the procurement of materials and award purchase orders for the supply of materials under approval with Procurement Supervisor /Supply Chain Manager.
6. Record progress on Procurement Status Report (PSR), update the relevant status in established platform form.
7. MR management including liaison with Sharjah SCM and expediting.
8. Discuss with Procurement Supervisor/SCM Manager and suppliers on performance issues and providing feedback.
9. Maintain purchase order records.
10. Upon delivery and completion of Purchase Order, close out purchase order files and archive documents under coordination with Inventory Controller/SCM Information System Supervisor.
11. Facilitate communication with end-user departments, allied disciplines and functions on procurement activities.
12. Provide support and guidance to Procurement Officer Trainees and assist with their development.
13. Local Vendor development and conducting due diligence to identify potential local source of supply.
14. Provide support and technical assistance to other members of the Supply Chain Team such as Warehouse and Inventory Control.

Crescent Petroleum

15. Liaison with Inventory Control / Warehouse to resolve any Supplier issues, such as OS and D's (Overages/Shortages and Damage Reports).

16. Assist with the resolution of Supplier invoice queries.

Reporting and Communication

17. Would be working closely with Supply Chain Team (i.e. Supply Chain & Contracts Manager, Procurement Supervisor, SCM Team Sharjah, Sr. Supervisor., Warehouse Supervisor, End-user Departments, Account Payable, Suppliers, and Contractors).

Decision–making Authority

Will be DOA for Procurement Supervisor, when required.

Working and Other Reporting Relationships

Procurement Supervisor/ Supply Chain & Contracts Manager	Frequent/daily

Supervisory Responsibility

Supervise Trainee Procurement Officers, and must be capable and willing to mentor others

Minimum Educational, Technical Qualifications/Certifications Required

Bachelor's degree / Diploma certification preferably in related discipline.

Minimum Professional Experience Required

Minimum (2) years' experience as Procurement Officers in an Oil & Gas industry.

Special Requirements and Conditions

Excellent interpersonal skills, works well with others, is courteous and understanding of other cultures.

Crescent Petroleum

Competencies/Knowledge, Skills and Abilities

Core Competencies	Behavioral Competencies	Functional Competencies
• Excellent proficiency in Excel and Word. • Excellent communication (written & verbal skills) in English. • Commitment to continuous learning • Excellent understanding of the company business • Self – motivated • Ability to meet deadlines • Knowledge sharing	• Ability to deal with individuals from various educational and ethnic backgrounds • Team worker • Making appropriate decisions with minimum supervision • Ability to demonstrate honesty, integrity and confidentiality • Flexibility • Alertness and attention to details Analytical skills	• Handle a wide and complex variety of procurement duties related to material and equipment purchases. • Be able to perform purchasing activities from local and international sources Extensive knowledge in projects, project planning execution and critical paths / float.

Please submit your CV to our office addresses as below, no later than **06 March 2020:**

1- Erbil, Gulan Park Tower, Floor 5th.
2- Sulaymaniyah, Qaiwan Tower, Floor 16th.

OR

e-Mail it to us at: **jobs_cpdg@crescent.ae** (Kindly mention in the Subject of your E-mail the Job title and Job reference which is Procurement Officer, Ref: **PO/SC/Mar/20**)



ڕووسیا و ئەمەریکا و ڤایرۆسی کۆرۆنا

ئا/ عەبدولقادر کەڵهۆڕ - ئاژانسەکان

دوای ئەوەی بەرپرسانی ئەمەریکا رایانگەیاندبوو کە چەند ئەکاونتێکی بەستراوە بە ڕووسیا هەندێک زانیاری نادروستیان بڵاو کردووەتەوە کە گوایە واشنتۆن ڤایرۆسی کۆرۆنای بڵاو کردووەتەوە.. حکوومەتی ڕووسیا بە توندی ئەوەی ڕەتکردەوە کە گوایە زانیاری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو کردبێتەوە لە هەمبەر بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا .بە پێی بەرپرسانی ئەمەریکا ئەو زانیارییانە لەسەر هەزاران ئەکاونتی فێیسبوک و ئینستاگرام بڵاوکراونەتەوە کە پەیوەندییان بە ڕووسیاوە هەیە.



لە بەرانبەردا وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە و گوتی هەڵبەستراون و دوورن لە ڕاستی .لەو بارەوە ماریا زاخارۆڤا گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا بە ئاژانسی دەنگوباسی "تاس" ڕووسیای ڕاگەیاند، ئەو تاوانانە چیرۆکی بە ئەنقەست هەڵبەستراون.جێی زانینە بە هۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا 2400 کەس لە وڵاتی چین گیانیان لەدەستداوە و زیاتر لە 76 هەزاری دیکە توشی ڤایرۆسەکە بوون کە نزیکەی 70هەزاریان تەنیا لە نێو خاکی وڵاتی چین "دان. ڤایرۆسەکە لە ساڵی ڕابردوو لە کەرتی هاوبی" لە چین سەری هەڵدا ، هێرش دەباتە سەر کۆئەندامی هەناسە و ناسراوە بە(کۆرۆنا) .هەر لەو ڕووەوە فیلیپ ریکەر کە بەرپرسێکی باڵایە لە وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گوتی، هەندێک لایەنی چالاکی ڕووسیا کە نیازی خراپیان هەیە ، هەوڵیانداوە زانیاری نادروست لە هەمبەر ئەسڵی ڤایرۆسی کۆرۆناوە بڵاو بکەنەوە.جیی زانینە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بیردۆزێکی پیلانگێڕی بڵاوکراوەتەوە ، بە پێی ئەو بیردۆزە، بڵاوکردنەوەی ئەو ڤایرۆسە (کۆرۆنا) بریتیە لە جەنگێکی ئابوری دژ بە وڵاتی چین .بەرپرسە ئەمەریکییەکە دەڵێت ، لە ڕێگەی بڵاو کردنەوەی زانیاری نادروست لە هەمبەر سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، هەندێک لایەنی چالاکوانی چەپەڵی سەر بە ڕووسیا جارێکی دیکە بوونە هەڕەشە بۆ سەر سەلامەتی گشتیی ئەویش لە ڕێگەی گۆڕینی ئاراستەی تیرۆرانینەکان لە هەمبەر پرسەکەوە و گەرەکیان سەرنج و ڕای گشتی لە هەمبەر ڕاستی پرسەکە بەلاڕێدا ببەن .هەروەها بڵاو کراوەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (بیل گێتس)ی یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت تۆمەتبار دەکات بە تێوەگلان لە بڵاوکردنەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا. بە پێی ئاژانسی فرانس پرێس، لە ڕێگەی چاودێرانی ئەمەریکاییەوە هەڵمەتی شێواندنەکە لە ناوەڕاستی مانگی کانونی دووەمی ڕابردووەوە دەستی پێکردووە، ئەویش دوای کاتێکی کەم لە مردنی حاڵەتی سێیەمی توشبوو بە ڤایرۆسەکە .

هەر لە هەمبەر پرسەکە لیا گابریال سەرۆکی سەنتەری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە وەزارەتی دەرەوە گوتی، لەو حاڵەتە دەتوانین سیستەمی زانیارییەکانی ژینگەی شێوێنراوی تایبەت بە خۆیان بەدی بکرێت. لەوانەش تەلەفزیۆنی حکومی و هەزاران کەسایەتی ساختە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پێگەی بریکارە ئەلیکترۆنیەکان ، کە هانی بڵاوکردنەوەی ئەو زانیاریە نادروستانە دەدەن. پێشتر ئەو ئەکاونتانە دیاریکراون بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکان کە لە لایەن ڕووسیاوە پاڵپشتی دەکران بۆ خۆپیشاندانەکان لە وڵاتی چیلی و ڕووداوەکانی سوریا و جێی زانینە ئەو ئەکاونتانە لە ڕێگەی چەند کەسێکەوە بەڕێوە دەبرێن.

وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گوتی، ئەو پڕوپاگەندانە دەبێتە مایەی ئەوەی هەندێک وڵاتی ئەفریقی و ئاسیایی گومان لە کاردانەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بکەن. بە تایبەتیش لە بەر ئەوەی تەلەفزیۆنی ڕەسمی ڕووسیا بڵاویکردبووەوە کە هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە تایبەتی ئەمەریکا بەرپرسن لە بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا .یەکێک لە تۆڕە تەلەفزیۆنیە ڕەسمییەکانی ڕووسیا- کەنالی یەکەم هەموو ئێوارەیەک لە بڵاو کراوە هەواڵییەکانی گۆشەیەکی تەرخان کردووە بۆ بیردۆزی پیلانگێڕی لە هەمبەر ڤایرۆسی کۆرۆنا .جگە لە وە بیردۆزی پیلانگێڕی زۆر بە ڕوونی لە بەرنامەی دیالۆگی سیاسی لە کەنالی یەکەمی تەلەفزیۆنی ڕووسیاوە دەردەکەوێت و باس لەوە دەکات کە وڵاتانی ڕۆژئاوا و کۆمپانیاکانی دەرمانی ئەمەریکا و بریکارەکانی بە شێوەیەک لە شێوەکان بەشداریان کردووە لە خولقاندنی ڤایرۆسی کۆرنا و بڵاوکردنەوەی یا هەرنەبێت بەشدار لە هەڵمەتی ترساندن و تۆقاندنی خەڵکی لەو بارەوە .ئیتر بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووەتە کەرەستەیەکی باش بۆ بیردۆزی پیلانگێڕی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەرتاپای جیهان، بەڵام ڕووسیا ئەو پرسەی کردووە بە بابەتێکی گرنگی میدیایی لە تەلەفزیۆنەکانیدا و ڕۆژانە بەرنامەی جۆراو جۆری لە بارەوە ئامادە دەکات و بەردەوام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە بڵاوکردنەوەی ئەو ڤایرۆسە تۆمەتبار دەکات .


دوور لە شاشەکانی تیڤیەکان ، ڤایرۆسی کۆرۆنا نیگەرانییەکی زۆری لای بەرپرسانی ڕووسیا دروستکردووە، بۆیە ڕووسیا گەشتە ئاسمانییەکان و هێڵی شەمەندە فەری بۆ چین و هاتن لەوێوە ڕاگرتووە.هەروەها هاووڵاتیانی ڕووسیای نیشتەجێ لە چین کە دەگەڕێنەوە ڕووسیا شوێنێک لە سیبیریا بۆ تەرخان کردوون و ماوەی دوو هەفتە لەوێ لە ژێر چاودێری دەمێننەوە کە دەرکەوت تەندروستیان باشە و دوورن لەو ڤایرۆسە ئینجا ڕێگەیان پێدەدرێت بگەڕێنەوە نێو خەڵکی .پێدەچێت ئەو نیگەرانی و مەترسییە گەیشتووەتە لوتکەی هەرەمی سیاسی ڕووسیا ، لەو بارەوە ڕۆژنامەی ڤیدۆمۆستی ڕۆژانە لە زاری دیمیتری بیسکۆڤ سەرۆکی پەرلەمانی ڕووسیا بڵاویکردووەتەوە، کاتێک کۆبوونەوەیەک دەبێت لە کرێملن ، پلەی گەرمی هەموو بەرپرسە باڵاکان دەپێورێت ئینجا ڕێگە دەدرێت لەگەڵ ڤلادیمێر پۆتنی سەرۆکی ڕووسیا کۆببنەوە. ئەوەش تەنیا ڕێکارێکە بۆ خۆپاراستن. لە کۆتاییدا ، ئەو پرسیارەی کە ڕۆژگار وەڵامی دەداتەوە ئەوەیە ، ئایا کۆرۆنا ڤایرۆسە وەک هەر ڤایرۆسێکی ئاسایی یا پیلانگێڕییە؟؟؟




وێنەو کۆمێنت

کوللە لە کینیا

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد هەنگاوی بە پەلە بنێ بۆ لەناوبردنی ئەو کوللە زۆرەی ماوەیەکە لە وڵاتی کینیا پەیدا بووە و بۆتە هۆی لەناوبردنی ڕووبەرێکی بەرفراوانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان کە بە 70 هەزار هیکتار مەزەندە دەکرێ. بە گوێرەی زانیاریەکانیش پرۆسەی ڕشاندنی نەم ناوچانە بە مادەی کیمیاوی 70 ملیۆن دۆلاری نێدەچێ.



سالی 1815:
ناپلیۆن پۆناپرت لە دوورگەی ئیلبا کە مەنفاکەی بوو رایکرد.



سالی 1901:
دوو سەرکردە کە دژایەتی دەسەڵاتی ڕۆژئاوایان دەکرد لە چین لە سێدارە دران.



سالی 1941:
لە جەنگی دووەمی جیهاندا و بەمەبەستی دەرکردنی هێزەکانی ئیتالیا ، بەریتانیا هێرشی کردە سەر سۆمال و ئەسیوپیا .



سالی 1979:
هێزەکانی چین 100کیلۆمەتر خاکی ڤێتنامیان داگیر کرد.



سالی 1993:
بۆمبێک لەژێر باڵەخانەی سەنتەری بازرگانی جیهان لە نیویۆرک تەقیەوە و شەش کەس کوژران.



سالی 2018:
بومەلەرزەیەک بە گوڕی 7.5پلە لە بابوا غینیا ڕوویدا و زیاتر لە 31کەس گیانیان لەدەست دا.

هیندستان دەیەوێت لە ئاسیای ناوەڕاستدا ببێتە ئەلتەرناتیقی ڕووسیا و چین



خۆشەوی مەلا بڕایم

لە پێش دەستپێکردنی لووتکەی ئوفای مانگی (7)ی 2015دا سەرۆک وەزیرانی هیندستان سەردانی وڵاتانی کازاخستان، ئوزبەکستانی کرد، پاشان بەشداری لە فورمی ئوفا لە ڕووسیادا کرد، لە دوای ئەوەش سەردانی وڵاتانی کرکیزستان، تورکمەنستان و تاجیکستانیشی کرد. بڕیارە کە هیندستان تا ساڵی 2018? 500ملیۆن تۆن یۆرانیۆم لە ئۆزبەکستان و 5هەزار تۆنیش لە کازاخستان بکڕێت، دەخوازێت کە هیندستان بە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست بەناوی ڕێگەی باکور-باشوور ببەستێتەوە.



بەشێک لە پسپۆران لەو بڕوایەدانە، کە بەهاتنی چالاکانەی هیندستان بۆ ناو ڕێکخراوی هاوکاری شەنگهای و بەشداری چالاکانە لەناو بریکسدا، ئەمریکا بەو ڕێگەیەوە دەیەوێت جێ پێی چین بەناوی پرۆژەی (یەک ڕێگە و یەک کەمەربەند) سنووردار بکات و هاوسەنگی بخاتە ناو ئەو وڵاتانە و پێشگیری لە بالادەستی و زلهێزی چین بگرێت. لەو هەلومەرجەدا دەبێ ڕووسیا پێداگری لە پێوەندییەکانی لەگەڵ چین یاخۆ هیندستان بکات؟ وەکو دیارە، کە ڕووسیا ئێستە لە ئاسیای ناوەڕاستدا کەمدەبێتەوە. دەتوانین باسی چەندان دەستکەوتی دیکەی سەرۆک وەزیرانی هیندستان (مودی) لە ناوەڕاستی سەردانی پێنج وڵاتی ئاسیای ناوەڕاستدا بکەین ناوبراو لەگەڵ کرکیزستان هاوپەیمانییەکی سوپایی، ئابووری، کولتووری و وەرزشی واژۆکردووە. بە ڕێگەی تورکمەنستانەوە دەیەوێت، کە نەوت هاوردەی هیندستان بکات و تورکمەنستان بە ڕێگەی ئێرانەوە بە کەنداوی فارس، پاشان بە بەندەری بۆمبای ببەسترێتەوە. بڕیارە کە کازاخستان و ئۆزبەکستان یۆرانیۆم هەناردەی هیندستان بکەن. ڕێگەیەکی وشکانی لە مانگی ئۆگۆستی 2015لە نێوان ئەو وڵاتانەدا دەستبەکار دەکات، ڕێکەوتننامەیەکی دیکە لە نێوان کازاخستان و هیندستان لەبارەی وەبەرهێنانی نەوتی کازاخستان لەسەر کەنارەکانی دەریای مازەندەراندا واژۆ کراوە، کە مەبەستی سەرەکیی کازاخستان بەجۆراوجۆرکردنی هاوپەیمانەکانییەتی وزەیەتی تەنیا گیرۆدەی دەستی لایەنێکی دیارکراو نەبێت ئەلتەرناتیقی هەڵبژاردنی هەبێت. هیندستان دەیەوێت لەگەڵ ڕێکخراوی ئەوروئاسیادا ناوچەی ئازادی بازرگانی چێ بکات. ئالوگۆڕی قوتابی لە نێوان وڵاتانی هیندستان، کرکیزستان و تاجیکستان ئەنجام دەدرێت و بڕیارە، کە چەند کارخانەی هاوبەشی بەرهەمهێنان لە نێوان لایەنەکاندا چێ بکرێن.

ڕێگەچارەکانی کێشەی نێوان ژاپۆن و ڕووسیا: کێشەی نێوان ڕووسیا و ژاپۆن لەسەر دورگەکانی کۆریل بەردەوامە:

دورگەکانی کۆریل یاخۆ دورگەکانی باکووری ژاپۆن یەکێکە لە مژارە سەرەکییەکانی نێوان ژاپۆن و ڕووسیان، هەر لەبەرئەوەشە تا ئێستە ڕێکەوتننامەی ئاشتی لە دوای دووەمین جەنگی جیهانی لە نێوانیاندا واژۆ نەکراوە، ئێستە ژاپۆن داوای 4دورگە دەکات لە ڕووی میژوویییەوە هەروەکو لەو نەخشەیە، کە لەلایەن هەواڵنێری ریا نۆڤەستیدا بڵاوکراوەتەوە دەبینین، کە مافی خاوەندارەتیی ساڵ بە ساڵ لە گۆڕاندا بووە:

•لە ساڵی 1855دا لە نامەیەکی هاوبەشدا ڕووسیا دان بە چوار دورگەی کۆریلی ئیتوروپ، کۆناشیر، شیکۆتان و هابۆمای دەنێت، کە مۆڵکی ژاپۆنن و نیمچە دورگەی ساخالینیش بە هاوبەشی بەڕێوە دەبردرێت.

•لە ساڵی 1875دا هەموو دورگەکانی کۆریل دەبنە مۆڵکی ژاپۆن و ژاپۆنیش لە هەمبەردا خاوەندارەتیی ڕووسیا بەسەر ساخالین بەفەرمی دەناسێت.

•لە ئەنجامی شەڕی ژاپۆن و ڕووسیا لە ساڵی 1905، جگە لە دورگەکانی کۆریل نیوەی نیمچە دورگەی ساخالینیش دەکەوێتە ژێر فەرمانڕەوای ژاپۆن.

•لە ساڵی 1945دا لە ئەنجامی دووەمین جەنگی جیهاندا ڕووسیا بە تەواوەتی خاوەندارەتیی خۆی بەسەر دورگەکانی کۆریل دادەسەپێنێت.

•لە ساڵی 1951لە سانفرانسیسکۆ لە نێوان هاوپەیمانانی بەشدار لە جەنگدا ڕێکەوتننامەیەک بەبێ واژۆی یەکێتیی سۆڤیەت مۆر کرا، کە ژاپۆن دورگەکانی کۆریل بە مۆڵکییەتی خۆی نازانێت، بەڵام پاشان ژاپۆن پەشیمان بووە و خاوەندارەتیی چوار دورگەکەی بە مافی میژوویی خۆی زانی.

•لە ساڵی 1956لە ئەنجامی ڕاگەیاندنێکی هاوبەشدا یەکێتیی سۆڤیەت ڕەزامەندی خۆی نیشاندا، کە دوو دورگەی شیکۆتان و هابۆمای ڕادەستی ژاپۆن بکات، بەڵام پاشان ژاپۆن پەشیمان بووە و داوای هەر چوار دورگەکەی دەکرد، لە ئەنجامدا هیچ ڕێکەوتننامەیەکی ئاشتی واژۆ نەکران، تا ئێستە ئەو کێشەیە بە بێ چارەسەرکردن ماوەتەوە و پرسی سەردانی (پوتین)یش بۆ ژاپۆن بەو کێشەیەوە بەستراوەتەوە، لە لایەکی دیکەیشەوە ئەوە جاری دووەمە، کە میدڤیدۆف سەردانی ئەو دورگانە دەکات و ژاپۆنیش دژی ئەو سەردانانەیە.

لەبارەی چۆنییەتی چارەسەری ئەو کێشەیە پانۆڤ Ambassador ex-traordinary and plenipotentiary پسپۆڕی ئینستیتوتی ئەمریکا و کەنەدا ئەو پێشنیازانە دەخاتە بەردەم ڕای گشتی و حکوومەتی ڕووسیا ناوبراو پێشنیازی خاوکردنەوەی تووندوتیژییەکان و چارەسەرکردنی کێشەی زەوی و پەرەسەندنی ئابووری دەکات.

-دانوستاندن لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی ژاپۆن ئەنجام بدرێت و تەنیا گرینگی بە کەنالەکانی سیاسەتی دەرەوە نەدرێت.

-گرووپێکی دوولایەنە لە ئاستی دیپلۆماتییەتی گشتی public diplomacy پێک بهێندرێت تێبینی: (دیپلۆماتییەتی گەلی هەموو پێوەندییەکانی کولتووری، مەرزیی، وەرزشی و ئینفۆرماسی و...هتد لەخۆدەگرێت)

-گرووپێک بۆ لێکۆڵینەوەی چارەسەری کێشەکان پێکبهێندرێت.

-پرۆژەی ئابووری هاوبەش لە نێوان ڕووسیا و ژاپۆن لە ڕۆژهەلاتی دوور و سیبیریا دروست بکرێن.

-دایەلۆگ لەبارەی سەقامگیری لە باکووری - ڕۆژهەلاتی ئاسیا بهێتە ئاراوە، چونکە ژاپۆن زۆر گرینگی بە سەقامگیری و لەناوبردنی بارگرژییەکانی لەگەڵ ڕووسیا، چین و کۆریای باکور دەدات.

-پرۆژەی دوولایەنە لە دورگەکانی کێشەلەسەری کۆریل ئەنجام بدرێن، وەکو پێدەچێت ڕووسیا ئامادە نییە، کە خاوەندارەتیی ئەو دورگە ستراتیجییانە بداتە ژاپۆن و تەنیا دەڵێت وەرن پێکەوە وەبەرهێنان لەو دورگانە بکەین، ژاپۆنیش مەرجی دانپێنانی یاسایی بۆ خۆی دەخوازێ.

کاریکارتێر



مانشێت



سکای نیوز:
بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ گێڕانەوەی ئێران بۆ نێو ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی ، وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بە نیازن کۆبوونەوەیەک ئەنجام بدەن.



ئەی ئێف پی:
لە میانی سەردانەکەیدا بۆ هیند و لە گەورەترین یاریگای کریکێت و لە بەردەم هەزاران کەسدا، دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە سەرۆکی هیند سەرکردەیەکی کەموێنەیە.



ئیلاف:
بە مەبەستی دەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ بەریتانیا ، یەکێتی ئەوروپا ڕەزامەندی پیشان دا.



ڕۆیتەرز:
لە شارۆچکەی ڤۆلکمارسنی ڕۆژئاوای ئەڵمانیا و لە کاتی بەڕێوەچوونی فیستیڤاڵێکدا، ئۆتۆمبیلێک خۆی بە خەڵکدا کێشا و 30کەس بریندار بوون.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
دادگاکانی بەریتانیا بیر لەوە دەکەنەوە کە جولیان ئاسانجی دامەزرێنەری مالپەڕی ویکیلیکس ڕادەستی ئەمەریکا بکەنەوە.



کەنالی ئار تی:
13سەربازی سەر بە سوپای کۆریای باشوور تووشی ڤایرۆسی کورۆنا بوون.


شەمێران لە دەربەندیخان-کوردستان


یەکێک لە کەنارە دەریاکانی جیهان

گەشتوگوزاری تیشکی رۆژ لە هەرێمی کوردستان سوودی لێوەرنەگیراوە!

نادر روستی

تیشکی رۆژ سەرچاوەی سەرەکی ڤیتامین دییە (D)، کە بونیادنەری ئێسکە و پێویستیەکی زۆر گرنگە بۆ لەش، کەمبوون یان نەبوونی ڤیتامین دی (D)مرۆڤ رووبەڕووی کۆمەلێک کێشەی تەندروستی دەکاتەوە، بۆیە پێویستە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تیشکی رۆژ بەر لەشی مرۆڤ بکەوێت و لەم گرفتە رزگاری بێت. کەمی تیشکی رۆژ لە هەندێک ولآت کێشەی بۆ دانیشتوان دروست کردووە، بەو هۆیەی بەدەرکەوتنی تیشکی رۆژ لە ولآتێک بۆ ولآتێکی تر جیاوازە، ماوەی مانەوەی رۆژیش بە هەمان شێوە جیاوازە، لە هەندێک ولآتیش پلەی گەرما و پلەی شێ لە هەوا جیاوازە، ئەم جیاوازیانە وادەکەن کە ئەو شوێنەی تیشکی رۆژی وەک پێویست نەبێت گەشت بکەن بۆ ئەو ولآتانەی تیشکی رۆژیان شیاو و تەندروستە.

بەشێک لە ولآتانی ئەوروپی و ئاسیا کاتژمێرەکانی رۆژیان لە نیوەی وەرزی سالّ زۆر کەمە، واتە بۆ ماوەیەکی کەم تیشکی رۆژ بەدەردەکەوێت، سەرەڕای ئەوەی هاوولآتیان زۆربەی کاتەکانیان لە ناو کار و کارخانەکان و بیناییەکانی دەوام بەسەر دەبەن و تیشکی رۆژیان بەرناکەوێت، ئەمەش بۆتە هۆکار بۆ کەمی ڤیتامین دی (D) بۆیە ئەمانە پێویستیان بەو ولآتانەیە کە تیشکی رۆژیان باشە. هەندێک ولآتیش هەیە رێژەی شێ لە هەوایان زۆرە بۆیە وەک پێویست ناتوانن سوود لە تیشکی رۆژ وەربگرن، یان کاتێک پلەکانی گەرما بەرز دەبێتەوە هەناسەیان تەنگ دەبێت و کێشە بۆ سیپەکانیان دروست دەبێت. سەرەڕای ئەمانەش بەرزی پلەی گەرما و بە هێزی تیشکی رۆژ بۆ لەناوبردنی کۆمەلێک ڤایرۆس بە تایبەت ڤایرۆسە وەرزییەکان زۆر بەسوود و گرنگە و دەبێتە هۆی لەناوبردنیان.

هەرێمی کوردستان تیشکی رۆژی زۆرباشە و ماوەی دەرکەوتنی رۆژی درێژە، هەواکەی شێدار نییە و تەندروستە بە تایبەت لە وەرزەکانی بەهار و پایز و زستان و بەشێکی هاوین، ئەمەش وایکردووە هەرچەند پلەکانی گەرما بەرزبنەوە هیچ کاریگەری خراپ لەسەر تەندروستی مرۆڤ دروست نەکات، تەنیا پێویستە کە شوێنی راکشان و چوونە بەر رۆژی هەبێت.

ئەم بابەتەی ئامادەم بۆی کرد لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە رێکخستن و دابین کردنی شوێنی گونجاو بۆ گەشتیاران هەیە تاکو بتوانن خۆیان بدەنە بەر تیشکی رۆژ، پێویستی بە مەلەوانگەی زۆرتر و خزمەتگوزاری باشتر هەیە، پێویستی بە بازارکردن و ناساندن هەیە، بەتایبەت لەو شوێنانەی کە سوود لەم جۆرەی گەشتوگوزار وەردەگرن. ئەم بابەتە پێویستی بە توێژینەوەی زانستی هەیە، چونکە لە ئایندە سوودی لێوەردەگرین و وەک جۆرێکی گەشتوگوزار دەتوانرێ گەشتیاری بۆ هەرێمی کوردستان پێ رابکێشرێ.

هەوڵدەدرێ مۆزەخانەکانی هەرێمی کوردستان لە پشووەکان بەڕوویدا گەشتیاران کراوەبن



لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر مۆزەخانە هەیە، بەڵام وەک سەرجەم دامەزراوە و یەکە کارگێرییەکانی دیکەی حکومەت تەنیا لە کاتی دەوامی فەرمی بەرووی هاوولآتیان و گەشتیاران دەکرێنەوە و لە دوای دەوامی فەرمی و لە پشووەکان دەرگاکانیان داخراون و هیچ گەشتیارێک سوودیان لێوەرناگرێت.

بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە ماوەیەکە دەستەی گشتی گەشتوگوزار و بەریوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار لە پیداویستی مۆزەخانەکان دەکات و میکانیزمی گونجاو بۆ کردنەوەی مۆزەخانەکان دەستنیشان دەکات، لەم بارەیەوە چەند کۆبوونەوەیەک سازکراوە بەڵام دوا ئەنجام رانەگیناوە.

ئەم مەبەستە تیمێک لە بەرێوەبەرایەتی شوێنەوار لێکۆڵینەوە لە پیداویستی مۆزەخانەکان دەکات و میکانیزمی گونجاو بۆ کردنەوەی مۆزەخانەکان دەستنیشان دەکات، لەم بارەیەوە چەند کۆبوونەوەیەک سازکراوە بەڵام دوا ئەنجام رانەگیناوە.

ل. گەشتوگوزار

مۆزەخانەی ئەمنە سوورەکە

مۆزەخانەی نیشتمانی ئەمنە سوورەکە، لە سالّی 1979لە سەر داوای حکوومەتی ئەوسای عێراق، بۆ کۆلیژی کشتوکالّ دروستکراوە و دواتر بووەتە ئیدارەی مەحەلی سلێمانی. پاشان کرا بە زیندان بۆ شۆڕشگێڕان و کەسانی ئازادیخواز. لە بەرئەوەی ڕەنگی بالّەخانەکە سوورە بۆیە پێی وتراوە (ئەمنە سوورەکە). لە ڕاپەڕینی سالّی 1991ئازاد کرا و لە 1995کراوەتە مۆزەخانەی ئەمنە سوورەکە کە چەندین بەشی جیاواز لە خۆدەگرێت، کە گشتیان گوزارشت لە تاوانەکانی ڕژێمی ڕووخاوی سەدام لە دژی کورد دەکەن. ڕۆژانە هاوولآتیان و گەشتیاران سەردانی دەکەن و بە چاوی خۆیان زوڵم و ستەمەکانی ڕژێمی ڕووخاوی بەعس دەبینن کە بەرامبەر هاوولآتیانی کوردستان کرابوو. ئەم شوێنە لە کاتژمێر 8ی بەیانی تاکو 4ی ئیوارە پیشوازی لە گەشتیاران دەکات.



بۆچی گەشتیاران ڕوو لە شوێنی گەشتیاری تۆ ناکەن و ڕوو لە جیرانەکەت دەکەن؟



وابەستەی چەند هۆکارێک دەبێت، وەک: جۆری گەشت، شوێنی گەشت، نرخی گەشت. جۆری گەشت بەستراوەتەوە بە تێروانین و ئارەزووی تاکەکەسەوە، بەڵام شوێنی گەشت لە دووری و نزیکی لە کوالینی و پێکهاتە بەستراوەتەوە بە توانای دارایی تاکەوە، واتە نرخ و تێچوو بریاردەر دەبێت بۆ گۆڕینی شوێن و جۆری کوالیتی خزمەتگوزاری. گەشتیار بەردەوام شوێنی نزیک هەڵدەبژێرێت، بەڵام زۆرجار نرخی هەرزانتر بریاری بۆ دەدات کە شوێنی دوورتر هەڵبژێرێت، کوالیتی خزمەتگوزاریی و ئاسوودەی گەشتیار وادەکات بریاربدات نرخی زۆرتر بدات و دوورتر بڕوات، بەڵام کاتێک دووری و نرخ و کوالیتی یەکسان بوون، ئەوە ناساندن (مارکێتینگ) و ململانێ لە زۆری ئاسودەی و ئازادی و بڕی خزمەتگوزاری دەبنە یەکلاکەرەوە بۆ بڕیاردانی گەشتیار، کەواتە کۆمەلێک هۆکار هەیە کە گەشتیار بڕیار بدات کە بۆ گەشتکردن ڕوو لە کام شوێن بکات. پرسیار ئەوەیە ئایا شوێنەکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان تاچەند ڕاچاوی ئەو هۆکارانەیان کردووە و کاریان لەسەر کردووە؟

هۆکارەکان بە کورتی:
1-کەمترین نرخ-
2-باشترین خزمەتگوزاری
3-زۆرترین خزمەتگوزاری
4-نزیکترین شوێن
5-ئاسانترین هۆکاری گواستنەوە و گەیشتن.
6- زۆرترین ئازادی
7- زۆرترین ڕێز و پێشوازی
8- زۆرترین چێژ لە کاتبەسەربردن
9-داهێنان لە خزمەتگوزاری
10-باشترین خۆناساندن و بەبازارکردن (مارکێتینگ).

هەرێک لەمانە بابەتی زۆرگرنگن و پێویستیان بە کەسی شارەزا و کارگێری شارەزا و دیراسەی پێشوەختە هەیە. بۆ نموونە ئەگەر بابەتی مارکێتینگ وەربگرین کاری لەسەر بکەین، پێویستە چەندان لێکۆڵینەوەی مەیدانی بکەین و بکەینە بنچینەی کارکردن. کاتێ گەشتیار ڕوو لە جیرانەکەت بکات و ڕوو لە تۆ نەکات پێویستە ڕاستەوخۆ بزانی کەموکورتی لەچەند خاڵێک لەمانەی سەرەوە هەیە و تۆ نەتوانیوە کێبرکێی ئەو بکەیت.

ناوبژیوانانی یارییەکانی ئەمشەوی چامپیۆنزلیگ

یەکێتی تۆپی پێی ئەورووپا ناوی ناوبژیوانی یارییەکەی ریال مەدرید و مانچستەر سیتی لە قۆناغی 16ی خولی یانە پالەوانەکانی ئەورووپای ئاشکرای کرد کە ئەویش دانێللی ئۆرساتۆی ئیتالییە و هەریەک لە لۆرینزۆ مانجالینی و ئەلیساندرۆ دۆڤێریش وەک یاریدەدەر و ماسیمیلیانۆ ئیراتیش وەک ناوبژیوانی ڤار.

لەلایەکی دیکەوە خیسۆس مانزالۆی ئیسپانی یارییەکەی یۆڤینتۆس و لیۆن بە یارمەتی باربیرۆ و ئەنخل نیڤادۆ و رۆدریگز و جیریمۆ بەڕێوەدەبەن و مارتینیزیش وەک ناوبژیوانی تەکنیکی ڤار.



دی بڕۆین:
ئەگەر ئەمشەو لە ریال نەبەینەوە بە شکست تاوانبار دەکرێین

کیڤن دی بڕۆینی یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی مانچستەر سیتی سەبارەت بە یاریییەکەی ئەمشەویان بەرامبەر یانەی ریال مەدرید دووپاتی کردەوە کە ئەوان نیازیان ئەوەیە لە ناو سانتیاگۆ یارییەکە ببەنەوە.

دی بڕۆین لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی دیپۆرتیڤۆ گوتی: ئەگەر لە ریال مەدرید نەبەینەوە ئەوا بە شکستخواردوو تاوانیار دەکرێین و هەمووان دەڵێن ئێمە هەروەک 5 ساڵی رابردوو سەرکەوتوو نەبووین.

دی بڕۆین زیاتر دەڵێت: ئێمە دەمانەوێت هەموو شتێک ببەینەوە، بەڵام هەندێ جار رکابەرەکەمان باشترە و ئاستی باشتر پێشکەش دەکات وەک لیڤەرپوول لەم وەرزەی پریمەرلیگ.

کچە یاریزانی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی شێروانە بۆ خەبات:
ئاژەر باقی: هیوادارم گۆڕەپان و مەیدانیش وەک یاریییەکانی دیکە گرنگی پێ بدرێت



دیمانە: سولێن سلێمان

ئاژەر باقی تەمەن 17 ساڵ کچە یاریزانی بەتوانای یاری گۆڕەپان و مەیدان و هەروەها لە هەمان کاتدا قوتابیشە لە پەیمانگای کۆمپیتەر، و لە ئێستادا لە یانەی شێروانە بەردەوامی بە بواردکەی خۆی دەدات، لەم دیمانەیەدا ئاژەر بۆ لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات دەڵێت: سەرەتای دەستپێکم لە ساڵی 2017 بوو کە لە قۆناغی ناوەندی بووم لە ڕێگەی مامۆستا بەهار بوو کە هاوکاری کردم و هانیدام و بەردەوام بم، هەروەک خولیاو حەزێکی منداڵی خۆم بوو لە پاڵ خوێندنەکەم پەردم بەو بوارەش دا.

هەروەها ئاشکراشی کرد و گوتی: ئەو جۆرە یاریییە تا ڕادەیەک قورسە بۆ کچ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، بەڵام سوپاس بۆ خودا توانیومە بە سەربدا تێپەڕم، لە پرسیاری ئەوەی کە ئایا چی پێویستە بکرێت تا ئەو جۆرە یاریییە سەرکەوتوو ببێت؟ لە وەڵامدا دەڵێت: پێویستە لە ڕووی دەروونییەوە یاریزان ئامادەبکرێت و لایەنی مادی هاوکاری بکرێت و مەشقی بەردەوام بکات، سەبارەت بەو سەرکەوتوونانەی تا ئێستا بۆ خۆی تۆماری کردووە دەڵێت: دووجار بۆ یانەی شێروانە توانیومە پلەی دووەم بەدەست بهێنم لەسەر ئاستی کوردستان لە هەڵدانی قورسایی و چەکوش.

دواتر ئاژەر دەربارەی نوێترین کارو چالاکییەکانی دەڵێت: بۆ مانگی نیسان بۆ پێشبڕکێی یانەکان خەریکی ڕاهێنان و خۆ ئامادەکردنین و هیوادارین ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنین، هەروەها گوتی: شوێنی مەشقکردنمان زۆرباشە و لەلایەن یانەکەمانەوە هاوکاری زۆر دەکرێت و هەموو پێداویستییەکانمان بۆ دابینکراوە، لێرەدا دەمەوێ باسی ئەوە بکەم کە تەنیا یانەکەمان خێزانەکەم و مامۆستاکەم پشتگیریان دەکات و بێجگە لەوانە هیچ کەس و لایەنێک پشتگیریان ناکات، هیوادارم یاری گۆڕەپان و مەیدانیش وەکو یاریییەکانی تر گرنگی پێ بدرێت بۆ ئەوەی بتوانن توانەکانی خۆیان دەربخەن.

سابا بووە پاڵەوانی تازەپێگەیشتوانی جۆرجیا

سابا کولیانشڤیلی تەمەن 10ساڵان توانی نازناوی پاڵەوانێتی شەترەنجی تازەپێگەیشتوانی جۆرجیا بەدەست بهێنێت. بەبەشداری 150شەترەنجزانی کوڕ و کچ، پاڵەوانیتی تازەپێگەیشتوانی ولاتی جۆرجیا بە سیستمی سویسری 7ڕاوند بەڕێوەچوو، کە تیایدا سابا کولیانشڤیلی Saba Kul-janishvili لە ئاستی خوار 12ساڵ توانی لە کۆی 7خال، شەش خاڵ بەدەست بهێنیت و پلەیە یەکەم بەدەست بهێنێت، دوای ئەویش ئەندریک بو ستیڤ و هۆنیا تەماری پلەکانی دووەم و سییەمیان بەدەستهێنا.



ریال مەدرید لە چامپیۆنس لیگدا یەکەمە

یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی، لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، لە هەموو شتێک یەکەمە و هیچ یانەیەک شان لە شانی نادات. ریال خاوەنی 13نازناوی چامپیۆنس لیگە، کە ژمارەیەکی پێوانەییە و یانەی میلانی ئیتالی، کە لە پلەی دووەم دێت، خاوەنی تەنیا 7نازناوە. هەروەها ریال خاوەنی زۆرترین یاری، زۆرترین خاڵ، زۆرترین بردنەوە، زۆرترین یەکسانبوون، زۆرترین دۆڕان و زۆرترین ژمارەی بەشداریکردنە لەو خولەدا. لەو خشتەی خوارەوەدا، ڕیزبەندی یانەکانی ئەورووپا لە چامپیۆنس لیگ دەخەینەڕوو:

ڕەمزی میرەکانی

یانە	وڵات	ژ خاڵ	بەشداریی	ژ یاری	بردنەوە	یەکسانبوون	دۆڕان	ژ نازناو
ریال مەدرید	ئیسپانیا	600	50	437	262	76	99	13
بایرن میونخ	ئەڵمانیا	474	36	347	201	72	74	5
بەرشلۆنە	ئیسپانیا	446	30	316	187	72	57	5
مان یونایتد	ئینگلتەرا	374	28	279	154	66	59	3
یۆڤەنتس	ئیتالیا	349	34	277	140	69	68	2
میلان	ئیتالیا	314	28	249	125	64	60	7
لیڤەرپوول	ئینگلتەرا	289	24	215	121	47	47	6
بەنفیکا	پورتوگال	287	39	239	114	59	85	2
پۆرتۆ	پورتوگال	277	34	245	110	57	78	2
ئەیاکس	هۆڵەندا	266	36	227	102	62	84	4

بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940
0770 2969696
selam@xebat.net
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Wed.26. Feb. 2020 No: (5941)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

هونەرمەندی پێشمەرگە ئاکۆ ئەحمەد ڕەشید:

ئەوەندەی ڕەغبەت هەیە بۆ هونەری بیانی نیو ئەوەندە خۆشەویستی نییە بۆ هونەری کوردی



دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین

ئاکۆ ئەحمەد ڕەشید، ناسراو بە (ئاکۆ ڕەش) لە 1977لەشاری سلێمانی لە دایکبووەو تا پۆلی دووی ناوەندی خوێندووە و لە ساڵی 1994 بووە بە پێشمەرگە تا ساڵی 1997دواتر لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گومرگی سلێمانی دامەزراوە و تا ئێستاش بەردەوامەو وەک خۆشی گوتەنی: هەرکات وڵاتەکەمان پێویستی بە قوربانیدان بوویێت کەمتەرخەم نەبووم دواهەمین خزمەتی پێشمەرگایەتیم شەڕی داعش بوو، کە بە شانازیەوە بەشداریم کردووە.

سەرەتای دەرکەوتنی هونەریشم ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 2014لەگەڵ هەردوو هونەرمەندی خۆشەویست کاک ماهیرحەسەن و کاک ئەحمەد جۆلا کە ئەو دوو بە ڕێزە دەستی منیان گرت لەو بوارەدا. زۆر سوپاسیان ئەکەم لە چەند کارێکی دراما و کورتە فیلمی کۆمیدی بەشدارییم کردوە.. دواتر ها تۆمەتە ناو کاری ڕێکلامەوە زیاتر لە 30ڕێکلام بەشداربووم. دوای ئەوە لەگەڵ گرووپێکی بەڕێز کاری شانۆم کرد بۆ ڕۆژی (پەنابەرانی جیهان) دەزگای لوتکە. دوای ئەوە کاری سینەمام کرد لە دووفیلما.. (ڕێگا... هەڵۆ) هەروەها لە چەند درامایەک بەشدارم بە ئێستاشەوە کەڕۆڵی لاوەکیم هەیەو هێشتا لە وێنەگرتندایین. جگە لەمانەش دەستمکردووە بە نووسین لەم بوارەشدا چەند کارێکم کردووە لەوانە نوسینی درامایەکی 15هەڵقەیی بۆ کەناڵی کەرکووک. هەروەها درامایەکی12هەڵقەیی کە درامایەکی ئەکشنە و ئێستا هەر دوو دراماکە خەریکە لە نوسین تەواو ئەبێ هیوادارم بتوانم سێزنێسەرێک بدۆزینەوە و بتوانین بەرهەمی ببینین.. هەروەها گرووپێکی هونەریان پێکهێناوە . ئامانجمان ئەوەیە لە داهاتوودا تا مۆڵەتی فەرمی وەرگرین و ببین بە خاوەنی پێداویستی کامێراو ستافی خۆمان بە کاری جوان خزمەتی وڵاتەکە مان بکەین.

چی دەربارەی هونەری کوردی دەڵێیت؟

هونەری کوردی زۆر ست بووەو بە ئاڕاستەیەکی ناتەندروست دەڕوات چونکە لە ئێستادا ئەوەندەی ڕەغبەت هەیە بۆ هونەری بیانی نیو ئەوەندە خۆشەویستی نییە بۆ هونەری کوردی زیاتر هەوڵەکان بووە بە بازرگانیکردن بە هونەرە وەو چەند هونەرمەندێکیش چەقیان بەستووە ڕێگا نادەن هیچ کەس بێتە سەرەوە خەڵکیش بە زۆری ئەوان دەبینن.

هۆکار چییە کە بینەر لە دراماى کوردی تێزاوە؟

هەیەو ئەوانیتریش پەراوێز خراون

گلەییت لەچی هەیە؟

گلەییم لە هەندێک دەرهێنەر هەیە چونکە پێش ئەوەی بانگت بکە ن بۆ کارێک ڕۆڵە سەرەکییەکان ئەیەن بە هاوڕێ و کەسی خۆیان ئە وەشی کە ئەمێنێتەوە تەنها کۆمبارس و ڕۆڵی بچووک بچووکە.

بە کوردی ئەکتەرەکان زۆربەیان لەسەر توانا و لێهاتوویی خۆیان هەڵنابژێردرێن، بۆیە هەندێکجار کارە هونەریەکان ئامانجی خۆیی بە باشی ناپێکیت.. لەگەڵ ڕێزو خۆشەویستیم بۆ ئەو دەرهێنەرانەی کە دەرفەت بە یەکسانی دابەش ئەکەن و هەموو کەس بە پێی لێهاتوویی خۆیی وەردەگرن.

وەکو ئەکتەرێک چی دەربارەی فیلمی دۆبلاژکراو دەڵێی کە لە کەناڵە کان پیشاندەدرێت؟

فیلمە دۆبلاژ کراوەکان وەکو کارەکانیان کارێکی جوانە.. بەڵام بە داخەوە بەهۆی دۆبلاژ کردنەوە ئەوەندەی شارەزای میژوو و کلتوری وڵاتانی وەکو چین و کۆریا و تورکیاین، نیو ئەوەندە ئاگامان لە میژوو و کلتوورو کەسایەتییەکانی خۆمان نییە دەبێت چی بکرێت بە بۆچوونی تۆ هەتا بینەرو شانۆ درامای کوردی ئاشت بکرێنەوە؟

ئێمە وڵاتێکین کە جوانترین بەشی ژیانمان لەدەستداوە ئە ویش شانۆیە، بۆیە ئەبێت کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەوڵبدەن جارێکی تر خەڵک و شانۆ ئاشت بکەنەوە جارێکی تر شانۆکان ڕۆحیان بکرێتەوە بە بەردا. بە هۆی دوورکەوتنەوەمان لە شانۆ چەندین ئەکتەری بە توانای شانۆ لە شێوەی گرووپ درووستبوون. بەڵام کار ناکەن چونکە نەبوونی بینەر کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەرمان

تا چەند تەنز کاریگەری هەیە لە هۆشیار کردنەوەی خەڵک و دەسەلات؟

تەنز لەم وڵاتەدا تەنها وەکو نوکتە سەیر ئەکرێت لە ئەورووپا ئەتوانن لە ڕێگای تەنزەوە زۆر ئامانج بەدیبهێنن بەڵام لێرە جگە لە قسەیەکی خۆش و نوکتەیەک زیاتر هیچی تر نییە

حەزدەکەی چی شتێک بکەی بەفیلم وەکو خەونی ئایندەت؟

هەندێک بابەتم هەیە لەسەر چەند لایەنێکی کۆمەڵگاکەمان دە مەوێت کاری لەسەر بکەم و بیکەم بە دراما یان فیلمێکی سینەما لە ئێستادا نامەوێت باسی بکەم تا ئەو کاتەی سەپۆرتمان ئەکەن و کارەکە بەرهەم ئەهێنین. چونکە لەم وڵاتەدا بەداخەوە بیرۆکە ئە دزرێت؟

پێشمەرگەو شەهید لە کوێی کارە هونەرییەکانتن؟

بەو پێیەی من زیاتر لە25 ساڵە خزمەتی وڵاتەکەم ئەکەم و سە ڕەتا پێشمەرگە بووم هەروەها هەندێک لەخزم و هاوڕێیانم لەگەڵ خۆم بوون ئێستا شەهیدبوون بۆیە خزمەتی ئەوان لە پێشینەی کارە کانمە چونکە من تا ئێستاش خۆم بە پێشمەرگە ئەزانم و هەرکاتێک وڵاتەکەم پێویستی بە من بووە من کەمتەرخەم نەبووم تا ئێستاش.





لۆکە زاهیر پەیامێک بۆ لەیلا فەریقی دەنێرێت



ئا: هێمن

خانمە گۆرانیبێژ لۆکە زاهیر، پەیامێک ئاراستەی هونەرمەند لەیلا فەریقی دەکات و دەڵێت: بەدڵ هیواخوازم ئێستا لەهونەرەکەت بەردەوام بوویتایە.لۆکە زاهیر لەگەڵ پەیامەکەیدا وێنەیەکی 10ساڵ پێش ئێستای خۆی و لەیلا فەریقی، لە هەژماری تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام بڵاوکردۆتەوەو لەسەر وێنەکەدا نووسیویەتی: لەیلا فەریقی ڕێچکەشکێن و ئازا، بەدڵ هیواخوازم ئێستا بەردەوام بوویتایە.

دەشڵێت: گرنگیدان بە کاری هونەرمەندە باشەکان پێویستە، هەم وەک ڕێزگرتن بۆیان، هەم وەک ئەوەی بدرێتەوە بە گوێی ئەم جیلەی کە ئێستا پێدەگەن، هەقوایە ئەم میدیا و سۆشیاڵ میدیایانەی ئێستا هەن، لەمەودوا کار لەسەر هونەرمەندە جددییەکانیش بکەن، چونکە بە دەگمەن قودرەت و توانای وەک لەیلا فەریقی و زیاد ئەسعەد و چەندانیتر دروست دەبنەوە،کە بەداخەوە نائومێدبوون لەکاری هونەری.لۆکە زاهیر دەشڵێت: ناکرێت دڵ شکان و نائومێدبوونیان لە هونەر پشتگوێی بخەین و ئەوەندە خەم سارد بین بەرامبەر هەستیان، تا بزانن کە زۆر خۆشمان دەوێن و بوونیان پێویست و گرنگە لامان.لەبارەی وێنەکەی خۆی و لەیلا فەریقی، لۆکە زاهیر نووسیوویەتی: وێنەکە 10ساڵێک بەر لە ئێستایە، دوای دانیشتن و گفتوگۆیەکی جوان وێنەکەمان چرکاند.

کێشەی دەرەنگ شەحنکردنەوەی مۆبایل چارەسەر دەکات



هەردەوان: یەکێک لە سەرەکیترین کێشەکانی بەکاربەری تەلەفۆنی زیرەک دەرەنگ شەحن بوونەوەی مۆبایلەکانە کە بەگشتی زیاتر لە کاتژمێرێکیان دەوێت بۆئەوەی بەتەواوی شەحن ببنەوە، بەڵام کۆمپانیایەکی چینی بەڵێنی کۆتایی هێنان بەو کێشەیە دەدات. لەمبارەیەوە کۆمپانیای (مەیزو)ی چینی رایگەیاندوە "تەکنەلۆژیایەکی نوێی بەرهەمهێناوە کە دەتوانێت لەماوەی ٢٠ خولەکدا پاتری مۆبایلەکان ١٠٠ %شەحن بکاتەوە".

کۆمپانیاکە کە تایبەتە بە بەرهەمهێنانی مۆبایل ئاشکرایکردووە "بەرهەمە نوێیەکە ناوی (Super M Charger)ـە و لەماوەی ١٠ خولەکدا ٦٠%ی پاتری مۆبایلەکان شەحن دەکات و لە ماوەی ٢٠ خولەکدا ١٠٠% پاتری مۆبایل زیرەکەکان شەحن دەکات. لە هەمووشی گرنگتر کۆمپانیاکە بەڵێنی ئەوە دەدات کە ئەو شەحن کردنە خێرایە پاتری مۆبایلەکان تێک نادات".ئەو ماوەیە زۆر کەمە چونکە مۆبایلی زیرەک لە نێوان ٩٠ خولەک بۆ دوو کاتژمێری پێویستە بۆئەوەی ١٠٠% شەحن بێتەوە. هەروەها کۆمپانیاکە ئاشکرای کردووە، ئەم تەکنەلۆجیا نوێیە بەمزووانە ناکەوێتە بازارەوە، بەڵام پێدەچێت لە کۆتایی ئەمساڵ یان لەسەرەتای ٢٠١٨ بخرێتە بەردەم بەکاربەرانی.